# گۆڤاری گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە
کۆمەڵێک روناکبیر لە گەرمیاندا دەریدەکەن
ژمارە (سفر). ساڵی یەکەم

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر:
مەلا تەحیسن گەرمیانی
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)

بەرێوبەری نوسین:
ئومێد بەرزان برزۆ
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢)

دەستەی نوسەران
ئیبراهیم سدیق
سامان کەریم
شیلان مەجید رۆژبەیانی

ماڵپەری ئینتەرنێت
www.dengekan.com

E-mil
govarigirfan@yahoo.com

ناویشان / کەلار – کتێبخانەی بێدار

چاپ: چاپخانەی رەهەند-سلێمانی
دیزاینی ناوەوە: ئارام لوقمان

## پێڕست

پەیڤی گۆڤار ........................................ 3
گرفتی مێژوو و شارستانییەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و تەڵەزگەی پرۆژە رەخنەییەکانی.................................... 5
سەرمایەداری بەبێ سۆسیالیزم .................................... 15
رۆشتنەوەیەکی کورت بەناو کودەتاکانی (١٨٤٨ ز) دا، بەبۆنەی ئاهەنگی سەدو پەنجاهەمین ساڵیادی کودەتاکانی (١٨٤٨)......................... 28
نێوانی بلیمەتیو شێتی.. رەهەندە شاراوەکانی.......................... 39
زمانو ئاین............................................................ 44
"مێژوو" لێرەوە دەستی پێکرد........................................ 55
کورتەیەک لەمێژووی سەرهەڵدانی کتێبخانە میللییەکان لەئەوروپادا.... 61
رامانێک لەمەڕکاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر ژنی کورد................ 66
ترسی منداڵان (خەیاڵی یان واقعی)........................................ 76
چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (د.فەرهاد پیربال).................................. 85
پابەند نەبوون بەمەوعید بەهەدەربردنی کاتی بەرامبەرە!!............ 92
کاریگەری گوڵ لەسەر ئافرەت.......................................... 99
گۆشەی عەنتیکە........................................................ 101
هەرجارەو بەسەرکردنەوەیەک............................................ 110

## پەیڤی گۆڤار

رەنگە یەکەم پرسیار لەناخی خوێنەر کەدروست دەبێ گۆڤاری گیرفان بۆ؟ بۆیە دەکرێ لێرەوە بڵێین مەبەستمان لەم پرۆژەیەو دەرکرانی گۆڤارێك لەم چەشنە دەگەڕێنێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی زۆرو تاوتوێ کردنی ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ کەسانی رۆشنبیران‌و نوسەران‌و رۆژنامەنوسان بەتایبەتی ئەم هەوڵەمان هاتە ئەفراندن کەرەگی بەدیهاتن‌و لەدایك بوونی ئەم گۆڤارە ئەگەر خوێنەر قەبوڵ بفەرمون بڵێم داهێنانێکی مۆدێرن‌و سەردەمیانەیە کەلەبزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی سەرهەڵدەدات، گومانی تیادا نییە هەموان دەزانین لەدنیای رۆژنامەگەری وڵاتانی پێشکەوتوودا گۆڤارو رۆژنامەی گیرفان هەیە، بەرجەستە بوونی ئەم گۆڤارەش کەلەگەرمیان‌و شاری کەلار سەر دەردێنێ هەوڵێکە لەهەوڵەکانی تری گەشەی بزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی‌و هەروەها پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورەشە لەرۆژنامەگەری کوردیدا.

چونکە کتێب‌و فەرهەنگی گیرفانمان هەیە بەڵام رۆژنامەو گۆڤاری گریفانمان نییە بۆیە هەوڵی یەکەممان ئەوەیە کەدنیای رۆژنامەگەری ئێمەش ببێتە خاوەن داهێنانێکی تر لەپاڵ هەوڵەکانی رابووردو و ئێستاداو بەردێك بخەینە سەر بونیادی رۆژنامەگەری کوردی هەوڵی دووەمیشمان ئەوەیە ئەمڕۆ کەهەموو دنیا پێشکەوتوو بەبۆنەی کاریگەری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە واتا هەموو شتە قەبەکان کەپێشتر زۆر کاریگەر نەبوون‌و زۆریش کاریگەرو جیهانی نەبوون لەگەیاندن، ئەمڕۆکە بەقەبارەیەکی بچوکترو کاریگەرتر هاتۆتە ئاراوە.



بۆیە لەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ دەستەبەر بوو تا ئێمەش بەگۆڤارێکی قەبارە بچوك‌و بەناوەڕۆك‌و هێزێکی کاریگەری بوارەکەمان خزمەت بەخوێنەر بکەین چونکە ئەم گۆڤارە لەگیرفاندا لەنێو جانتاو زۆر شوێنی تر هەڵگرتنی ئاسانە، خوێنەوەشی یارمەتی خوێنەر دەدات واتا ئێمە دەتوانین لەم رووەوە پەیامی خۆمان بگەیەنین‌و هەوڵێکیش بێت بۆ زیاتر پەڵکێشکردنی خوێنەر بەتایبەتی نەوەی نوێی ئەمڕۆ.

دەمەوێ ئاماژەش بەوە بدەم هەرچەند ئەم گۆڤارە بەقەبارە بچوکە بەڵام لەمەبەست‌و ناوەڕۆکدا خۆی لەقەرەی سەرجەم بوارەکانی رۆشبیری گشتی دەدات.

چونکە زێڕ چەندە بچوکە ئەوەندە نرخەکەی گرانبەهاترەو خانەکانی مێشکی مرۆڤیش چەندە بچوك بێت تەماشا دەکەی چەند تیژو کاریگەرو بەهێزترە.

پشت بەستن بەم دوو نمونەیەو بەپاڵپشتی نوسەران‌و رۆژنامەنوسان بەگشتی خوازیارین پەرە بەم گۆڤارەمان بەدەین‌و ژمارە لەدوای ژمارەش پێشی بخەین هەرچەند بێ کەموکورتیش نابێ بەڵام داواشمان لەهەر کەس‌و لایەك هەیە ئەگەر بەوشەیەکیش دەبێ هاوکارمان بن بۆ چاککردن‌و پێشختنی ئەم گۆڤارە سەربەخۆیە.

ئومێدمان وایە لەنێو گیرفان‌و جانتای خوێنەراندا ئەم گۆڤارەمان خۆی ببینێتەوەو گیرفانیش تەنها جێگای پارەو پول نەبێ بەڵکو لەپاڵیشدا خوێندنەوەش پێویستی‌و زەرورەتێك بێت بۆ مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایەمان.

خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گرفتی مێژوو و شارستانییەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و تەڵەزگەی پرۆژە ڕەخنەییەکانی

عەدالەت عەبدوڵڵا

بەشی یەکەم

## دواکەوتنی شارستانی



د.بورهان غەلیون

ئەگەر بەهەڵوەستەیەکی خێرا و ڕاگوزاری لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە ، کە زۆرێك لەبیرمەندان و ڕۆشنبیران و توێژەر و نووسەرانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیی هانداوە ، کە لەبەرامبەر عەقڵ و فکر و کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا ببنە خاوەن پرۆژەی ڕەخنەیی گەورە ، ئەوە دەبێ لەگەڵ سۆسیۆلۆژێکی گەورەی خودی جیهانی عەرەبیدا ، کە مەبەستم لە (د.بورهان غەلیون) ە ، بڵێین پتر



لەهۆکارێك هەیە ، بەڵام ڕووی گشتیی ئەو هۆکارانە ، وەك غەلیون لەکتێبی (أغتيال العقل) دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاشکرای دەکات و لێی هۆشیارمان دەکاتەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی شارستانییەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ، کە لەئاست ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی کە ڕۆژئاوا لەمیانەی مێژوویەکی دووردرێژ لەململانێی سیاسی و فکری و بگرە خوێناوی و چەندین شۆڕشی زانستی و سیاسی و پیشەسازی و تەکنەلۆژییەوە بەدەستی هێناوە ، لەم سەردەمەشدا بەهۆی ئاسانکارییەکانی جیهانی بەجیهانیکراوەوە (العالم المعولم ) خەریکە مۆدێلە شارستانییەکەی خۆی دەکاتە مۆدێلێکی گەردوونی.

دواکەوتنی شارستانیش هەمیشە زیاتر لەڕەهەند و ئاکام و ئاسەوارێکی هەیە ، کە ترسناکترینیان لای بەشێك لەڕۆشنبیرانی ئەمڕۆی عەرەب بریتییە لەکۆتایی هاتنی شوناسە کولتوورییەکان و تایبەتمەندێتیی ئەو چوارچێوە سیاسی و ئەتنیکی و کولتوورییانەی کە ڕێ لەداگیرکارییەکانی جیهانگیری دەگرن و جیاوازییە کولتوری و شارستانییەکان دەپارێزن و مانایان پێدەبەخشن.

## پرۆژەی ڕەخنەیی

بۆ ئەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەو هەلومەرجە مێژووییانە دەربازی بێت ، کە کولتوور و شارستانێتییەکەیانی لەدۆخێکی قەیراناوی و پڕ کێشەدا هێشتۆتەوە و ڕۆژئاواشی لەئاستیدا کردۆتە جیهانێکی باڵادەست و مۆدێلێکی گەردوونی و نموونەیەکی گەورەی شارستانی و نوێخوازی و بگرە داهێنان و دەستپێشخەری و گۆڕانکاری ، زۆرێك لەبیرمەندان و ڕۆشنبیرانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەژێر



کاریگەرێتیی پێشکەوتنە سیاسی و فکرییەکانی ڕۆژئاوادا یان داهێنانە ئابووری و زانستی و کولتوورییەکانی ، بوونە خاوەنی پرۆژەی فکری و ڕەخنەیی و ڕووناکبیریی جیا جیا لەئاست کولتوور وعەقڵ و فکری عەرەبی و ئیسلامیدا ، ڕەنگە دیارترین نموونەکان لەنموونەی کتێبەچەند بەرگییەکەی (د. محەمەد عابد ئەلجابری) و کتێبەکانی محەمەد ئارگون) بێت یان نموونەی زۆر کتێبی تری توێژەر و لێکۆڵەرەکانی تریان ، کە ئەوانیش لای خۆیانەوە بەهەمان شێوە بوونە خاوەن گوتار و(پرۆژەی ڕەخنەیی) لەئاست هەمووو کایە و بوارەکانی تری چالاکیی کۆمەڵایەتیی ، وەك کایەو بوارەکانی: ئابووری ، زانستە مرۆییوسروشتییەکان ، پیشەسازی و بازرگانی و زۆر کایەی تر ، کە لەدیدی نوخبەی فکریی جیهانی عەرەبیدا یان لای توێژەر و ڕۆشنبیرەکانی ئەم جیهانەدا بوار و کایەگەلێکی گرنگن و ڕۆڵیان لەگەشەپێدانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و بوژاندنەوەو باڵانماپێکردنی دۆخە شارستانییەکەیدا دەبێت . دیارە لەم بوارەشدا پرۆژەکان بەگشتی شتێکی تر نەبوون و نەشدەبوو شتێکیتر بن ،جگەلە ئیشکردن لەسەر کەتەلۆکی بەشی زۆری ئەو ڕێوشوێن ومیکانیزمانەی تێپەڕاندن و نوێخوازییەی ، کە توێژەر و بیرمەند و ڕۆشنبیرانی عەرەبی و ئیسلامی لەلێکۆڵینەوەکانیاندا دەربارەی مۆدێرنە و شارستانییەتی ڕۆژئاوا ئەنجامگیریان دەکردن و بەتیۆر و بۆچوونی خۆیان سەرچاوەی لوغز و سیحر و نهێنییەکانی گەشەکردن و بەهێزبوونی شارستانییانە و باڵادەستیی ڕۆژئاوان لەجیهاندا.



## باڵایی ڕەخنە

دیارە بەبۆنەی ئەوەی ئەو پرۆژانە پرۆژەی ڕەخنەیی و فکری و ڕووناکبیری بوون و گەورەترین بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی عەرەبی و ئیسلامیشیان لەپشتەوە بوو ، هێزێکی فکری و مەعریفیی باڵاتر لەو جیهانەدا نەبووە ، کە گومان بخاتە سەر ئامانج و گوتارەکانیان یان بونیات و ئاکامەکانیان یان کەموکورتی و ئیشکالیاتەکانیان یاخود بێت و هەڵە و تەڵەزگەکانیان ئاشکرا و ڕەخنە بکات . پرۆژە ڕەخنەییەکان وەك کۆمەڵە دۆزینەوەیەکی مەعریفی و فکریی بێ وێنە تەماشادەکران ، چونکە ئەوانە دواجار بەتێکڕا پرۆژەگەلێکی مۆدێرن و جیاواز بوون لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ، ئەمە بەئەندازەیەك کە: جگە لەو کەس و گروپ و دەستە خەڵکانەی کە لەژێر کاریگەرێتی کولتوری میلليی(الثقافة الشعبية)ی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بوون یان لەژێر زەبری ئایدیۆلۆژیی بزووتنەوە ناسیۆنالیستی و ئسوڵییەکاندا دژی بیرۆکەکانی مۆدێرنە و خولیاکانی زانستخوازی بوون و بەهەڕەشەیان دەزانی بۆ سەر فکر و ترادسیۆن و کەلەپوری عەرەبی و ئیسلامی و بگرە بەرگرییان لەتێزە فێندەمینتال و ڕەجعی و پارێزگارەکانی خۆیان دەکرد ، بەشێکی بەرچاوی خەڵکی خوێندەواری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەئاگاییەوە بێت یان نائاگایی، بەگوتار و پرۆژەی گرنگ و سەرچاوەی گەورەی نوێکردنەوەی عەقڵ و فکر و کولتووری عەرەبی و ئیسلامییان لەقەڵەم بدەن ، تا ئێستاش ئەم هەڵوێستە بەتایبەتیش لەناو چینی خوێندەوار و توێژە پێشکەوتوخوازەکانیاندا لەزۆر ئاستدا بەردەوامە ، بەتایبەتی لەبەرامبەر زنجیرە کتێبە بەناوبانگەکانی (محەمەد ئارگۆن) کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەخنەی عەقڵی ئیسلامی دەکات و (محەمەد عابد ئەلجابری) کە لەچەند بەرگێکدا ڕەخنەی توند و ئیپستمۆلۆژییانەی عەقڵی عەرەبی و ستراکتۆری ئەم عەقڵەدەکات . هەروەها لەئاست زۆرێك لەو پرۆژە ڕەخنەییانەی تریش کە بەزەرورەت مۆرکێکی ئایدیۆلۆژییان هەبووە و هەیە پتر لەوەی مۆرکێکی مەعریفییان هەبێت ، وەك ئەو کتێبانەی کە (حەسەن حەنەفی) دەربارەی کەلەپور و فکری ئیسلامی و مێژووی هاوچەرخی عەرەبی و ئیسلامی نووسیویەتی و ئەو کتێبانەی کە (سەمیر ئەمین) یان (مەحمود ئەمین ئەلعالم) یان (صادق جەلال ئەلعەزم) بەگوتارێکی مارکسییانە لەدژی دۆخی ئابووریی دواکەوتووی جیهانی سێ و عەرەبی و ئیسلامی یان لەدژی کولتووری ئیسلامی یان لەئاست زهنییەتی حەرامکردن و توندوتیژی ئاینی و بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان نووسیویانە و دەینووسن ، ئەمە جگە لەزۆر کتێبی تر کە لەو ساڵانەی دواییدا وەك پرۆژەگەلێکی ڕەخنەیی ئاراستەکراو بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، کە لەلایەن توێژەر و ڕۆشنبیرانی لەبابەت (عەبدولکەریم سروش و داریوش شایگان و نەسر حامد ئەبو زەید و بورهان غەلیون و هاشم ساڵح و ئەدۆنیس و عەلی حەرب و محەمەد عمارە و سادق نهیوم و هیشام جەعیز و محەمەد سەبیلا و سالم یەفوت و مەتاع سەفەدی و...) زۆر ناوی تری گەورەی ئیسلامی و عەرەبییەوە نووسراون ..

**دینامییەتی ئەویتر**

لێرەدا دەبێ بیرمان بکەوێتەوە ، کە گرفتی سەرەکیی بەردەم پرۆژە ڕەخنەییەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەتایبەتیش ئەو پرۆژانەی



کە ئیش لەسەر خۆ ڕەخنەکردن دەکەن ، بەردەوام و بەپلەی جیاواز لەئەویتردا/ ڕۆژئاوادا خۆی بینیوەتەوە . گرفتەکە لەوەدابووە ، کە ڕۆژئاوا خۆی سروشتی شارستانییەتێکی دینامیکی و پڕ لەجوڵە و بزاوت و نوێخوازی و گۆڕانکارییە ، نموونەی شارستانییەتێکە لەپنتێکی دیاریکراوی فزولییەتی مەعریفی و گەشەکردنی ئابوری و تەکنەلۆژی وماتەری ، یان نوێبوونەوەی هەمەلایەنە ناوەستێ تا جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پێی ڕابگات . ڕۆژئاوا شارستانیەتێکە خەونەکانی ناکۆتاییە ، بۆیە دەبینین لەهەموو قۆناغە مێژووییەکاندا و لەو ساتەوەختە مێژووییەوە کە ئەو تیایدا ، وەك جیهانێکی شارستانیی پێشکەوتوو دەکەوێتە پێش پلەی گەشەی سەرجەم وڵاتانی جیهانەوە و ڕەوتی مێژووی خۆی بەخێرایی دەبڕێت ، ئێجگار ئەستەم دەکەوێتەوە کە خەونەکانی پێشکەوتن و پرۆژەکانی نوێکردنەوە (مشاريع التحديث) یان پرۆژەکانی ڕەخنەی فکری و فەلسەفی و ئیپستمۆلۆژی ، کە پیشە و خەمی بەشێکی بەرچاوی نوخبەی ڕۆشنبیرانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە ، بتوانن فریای ئەو هەموو دەسکەوت و دۆزینەوە مەعریفی و زانستییانە یان ئەو هەموو قۆناغە گەورەیەی شۆڕشی پیشەسازی و تەکنەلۆژی یان ئەو هەموو داهێنانە سیاسی و فەلسەفییانە یان ئەو هەموو گۆڕانکارییە ئابووری و ڕووناکبیرییانە بکەون ، کە لەجیهانی ڕۆژئاوادا بەلێشاو و بەخێرایی تیشك بەدی دێن و بەڕێوەدەچن . لەم ئاستەدا نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت ، کە خەسڵەتی نوێبوونەوە و گەشەکردنی ناکۆتا و خێرای ڕۆژئاوا خۆی لەمێژە بۆتە بەهای گەورەی ژیان و مانای قووڵی زیندوێتی و بەڵکو کلیلی نهێنیی سەرکەوتنەکان و پێشکەوتنەکانیان ، مەسەلەکەش بەگشتی ئەوەیە: ئەم جیهانە ئەو



خەسڵەتەی لەئەنجامی ململانێیەکی توندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاکانی و لەئاکامی ویستێکی مەعریفیی گەورەی مرۆڤەکانی لەئاشکراکردنی نهێنییەکانی گەردوون وتەلیسمەکانی سروشت و ئاڵۆزییەکانی جیهان و لەسایەی خواستێکی قووڵی ژیاندۆستیی لەستراکتۆری عەقڵیی مرۆڤەکانی خۆیدا چەسپاندووە و کردوویەتی بەسیستمی بیرکردنەوە و ڕەفتار و مامەڵەکردنیان لەگەڵ بوون و قەدەری خۆیاندا لەدنیادا ، ئەمە تا ئەو ڕادەیەی تەنانەت ڕێیان پێبدات ، کە سەربەستانە مومارەسەی پرۆژەی ڕەخنەیی گەورەش بکەن لەئاست خودی ڕۆژئاوا خۆی و لەئاست عەقڵ و بەهاکانی یان مۆدێل و دەسکەوتەکانی یان شێوازەکانی پەرەسەندن و هەنگاوەکانی ، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە سەردەمی ڕۆشنگەری وەك وێستگەیەکی گرنگی ئەزموونی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەگشتی لەسەدەی هەژدەی ئەوروپادا دەست پێدەکات و (کانت)ی فەیلەسوفیش دەبێتە یەکێك لەگەورەترین بانگەشەکارانی ڕەخنەکردنی عەقڵ و توانا و مەرج و ئیمکانەکانی عەقڵ لەتەفسیرکردنی دنیادا و وەڵامدانەوەی بۆ پرسیارە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ ، ئەو عەقڵەی کە ڕۆژئاوا لەدوای تێپەڕاندنی سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست ڕاهاتبوو ، لەوەی هەموو شتێکی لێوە بپێوێ و بنرخێنێت . دیارە هەر بەهۆی ئەم ڕوحە نویخوازییەشەوەیە ئێمە لەوە تێدەگەین و دەبینین ، کە چۆن ڕۆژئاوا زۆر بەخێرایی مێژووی بڕیوە و دەبڕێت و بەردەوام دەکەوێتە پێش ئەو زەمەن و مێژووانەوە کە — بۆ نموونە — جیهانی عەرەبی و ئیسلامی تیایدا دەیەوێت شوێن پێی بەشێکی زۆری ئەو هەنگاوانە بدۆزێتەوە ، کە ڕۆژئاوایان کردۆتە جیهانێکی شارستانی یۆنیڤێرسال و مۆدێل ستاندارد و باڵادەست و بگرە



هەژموندار بەسەر کۆی شارستانییەت و کولتوورەکانی تری سەر ئەم ئەستێرەیە.

**بەجێمانی مێژوویی و خوێندنەوەی هۆکارەکان**

ئەمڕۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی سەرەڕای ئەو هەموو تێز و گوتارانەی نوێکردنەوە و ئەو هەموو نەخشە سیاسی و پرۆژە ڕەخنەییە فکری و مەعریفی و ئایدیۆلۆژییانەی ، کە لەژێر کاریگەریی خودی ڕۆژئاوا و دەسکەوتەکانی مۆدێرنەدا لەسەر سەرزەمینی خۆی ئیشی لەسەر کردوون و بەردەوامە ، ناتوانێت ئەو جیاوازییە مێژووییە گەورەیە کۆتایی پێ بهێنێت ، کە لەنێوان مێژووی ئەو و ڕۆژئاوادا دروست بووە و بۆتە هۆی دواخستن و پاسیڤکردنی کولتوور و شارستانییەکەی و کۆی ئەو پێشمەرجانەش کە بۆ پرۆسەکانی پێشکەوتن و گۆڕانکاری و نوێبوونەوە پێویستن . قسەکردنیش لەسەر ئەو هۆکارانەی کە لەپشت ئەو جیاوازییە مێژووییەوەن لەنێوان کولتور و شارستانییەتی ڕۆژئاوایی و کولتور و شارستانییەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ، ئەمڕۆ و بگرە زۆر دەمێکە جێی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گەورە لێکۆڵیار و نوسەر و ڕۆشنبیرانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییە . لەم بارەیەوە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین زۆرترین بڕی کتێبی فکری و مەعریفیی تازە و هاوچەرخی ناوەندی ڕۆشنبیریی عەرەبی و ئیسلامی و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و لەچاپدان تایبەتن بەتاو و توێکردن و لێکۆڵینەوە لەمۆدێرنەی ڕۆژئاوا و دۆخی شارستانی و کولتووری ئەم جیهانە ، ئیدی ئەو کتێبانە بەزمانی ستایشکردنی ڕۆژئاوا نووسرابن یان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بـەزمانێکی نەفرەتکارانــە لــەوەی لــەو جیهانــەدا بــەدی هــاتووە . ســەنترالّترین ئــەو خوێندنەوانــەش کــە گــەورە ڕۆشــنبیرانی جیهــانی عەرەبی و ئیسلامییان لەپشتەوەیە و نوێنەرایـەتیان دەکـەن بـەئامانجی تێگەیشتن لەو هۆکار و گرفتە ستراکتۆرییانەی ، کە جیهانەکەی ئـەوانی لەکاروانی شارستانییەتی هاوچەرخدا دواخستووە ، ئەو خوێندنەوانەیە کـە ڕوونـەدانی شۆرشـێکی پیشەسازیی گـەورەی لەوێنـەی ئـەوەی کـە لەســەدەی هــەژدە و نــۆزدەی ئــەوروپادا بــەرپابوو، دەکەنــە هۆکــاری ســەرەکیی دواکــەوتنی جیهــانی عــەرەبی و ئیســلامی ، یــاخود ئــەو خوێندنەوانەیە کە ڕوونەدانی ململانێی نێوان هۆشیاریی ئەفسانەیی و هۆشــیاریی مێــژوویی یــا نێــوان عــەقڵی زانســتی و فەلســەفی و پێچـەوانەکانیان لەبابـەت ئـەوەی کـە لەئـەوروپا و ڕۆژئـاوادا ڕوویـدا ، دەکەنــە سەرچـاوەی دواکــەوتنی جیهانەکــەیان . جگــە لەوانــە ڕەنگــە گرفتێکی تری بەردەم تێکشکاندنی ئەو مێژووە گەورەیەی کە ڕۆژئـاوای کردۆتە پێشەنگی نوێخوازی و شارستانییەت و گەشـەکردن لەبەرامبـەر جیهـانی عـەرەبی و ئیسلامی و تـەواوی کیشـوەرەکانی تـری سـەر ئـەم ئەستێرەیە ، ئەوە بێت کە زۆر ئەستەمە بتوانرێت لـەڕووی تیۆرییـەوە کۆی ئەو هۆکارانە بدۆزرێتەوە ، کە ڕۆژئاوایان گەیاندۆتـە ئـەو قۆناغـە مێژووییە گەشەکردووەی ئەمڕۆ . هیچ زانستێك توانای کۆنترۆڵکردن و تێگەیشــتن و ئاشــکراکردنی ئــەو جووڵــە هەمەلایەنــە ئــاڵۆز و بەیەکداچـووەی جیهـانی ڕۆژئـاوای نییـە ، کـە لەپشـت پێشخسـتن و نوێبوونەوەی بەردەوام و گەشەکردنی ناکۆتای ئەون . (هاشم ساڵح) لـە وتـارێکی خۆیـدا ئـەم گرفتـە تیـۆری و مەعریفییـەمان باشـتر بـۆ شیدەکاتەوە و دەڵێت: ئەو تاقیکردنەوەیـەی ئـەوروپا پێیـدا تێپـەڕیوە ،



تـاوەکو ئێسـتا بەچـاکی نەناسـراوە و نهێنیـی هەڵسانەوە و پێشکەوتنە شارستانییەکەی تـاوەکو ئێسـتا نادیـارە، تەنانـەت بەنیسبەت ڕۆشـنبیرە گـەورەکانی عەرەبیشــەوە . هــەروەها ئــەم گرفتــە لەســەر ئاســتی پراکتیکردنی ئەزموونی ئەوروپادا وا لێکدەداتەوە ، کـە ئـەوەی ئـەوروپا لەشارسـتانییەت و دیموکراسـی و نوێخوازیـدا و بەدرێـژایی ٣٠٠ سـاڵ بەدەستی هێناوە ، ئێمە کە مەبەستی لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامییە ، نـاتوانین بەچـاوتروکانێك هـەمووی هـەرس بکـەین . ئـەم بۆچـوونەش بەئاشکرا دووپاتکردنەوەی سەرلەنوێی گرفتی ئەو جیاوازییە مێژووییە ، کە لەنێوان شارستانییەتی جیهانەکەی ساڵح و جیهانی ڕۆژئاوادا هەیـە و دەکرێ وای ڕاڤە بکەین کە خوێندنەوەیەکیشە بۆ هۆکارەکانی.



# سەرمایەداری بەبێ سۆسیالیزم
# "ڕێکخستنی نوێی جیهانی"

**و. عمر عبدالکریم قادر (تینوو)**

ڕێکخراوی بەرگری نەخۆشی (تەندروستی) جیهـانی لـەراپۆرتی سـاڵانەی خۆیدا ئاگاداریيەکی بڵاوکردەوە، کەلەساڵی (٢٠١٠) دا هەشت (٨) ملیـون کەس لەجیهانی سێیەمدا بەهۆی هەژارییەوە گیانیان لەدەست ئەدەن.

**نەورۆزی ٣ دیجاە ژمارە (١٠)، ص٢١٥**

هەر ئەرژەنتینییەك لەکاتی لەدایك بوونیدا (٤) هەزار دۆلار قەرزارە.

**نوروز ١٥ دیجاە (٨٠)، ص٣**

جیهـانی بـوون بەشـێوەیەکی پـڕ تـەوژم لەگـەڵ دەسـەڵاتی ئـابوریو هێـزی ڕێکخـراو خـۆی ئـەگۆڕێ بـۆ کۆمەڵگەیـەکی جیهـانی. دکتـۆرانی بـانکی جیهـانی بەهـەموو ئەزمونـە سـەرنەکەوتوو گـیرۆدە بارەکانیـان کەئێستا خـەریکی لـەناوبردنی ئەرژەنتینیـە، تـەنها ڕێگەیـەك کەوڵاتـە پێشـنەکەوتوەکان خۆیـان لەتێکچـونی ئـابوریو دواکـەوتویی لێ ڕزگـار بکەن.

لیبراڵەکانو تـازە لیبرڕاڵەکان بـەهۆی نـەبونی یـەك ئەلتەرناتیڤـەوە، بڕوا بەخۆبوونێکی کـەم وێنـە لەخۆیانـدا پیشان ئـەدەن. سـەرمایەداری



گشـتگیری لەمەیـدانی بـێ بەرامبـەردا هـەر ڕۆژێ شـەڕ ئەنێرێتـە هـەر لایـەکی جیهـان، بـۆ ئـەوەی پاوانـە نیزامییـەکانیان لـەڕەواجی ئابوریـدا نەکەون.

هێزە کاردانەوەکانیان لەبەرئـەوەی دەورانـە ژێرینـەکانی ئینگلیـزی داگیرکـەر دونیـا بـەمولّکی خۆیـان ئـەزانن‌و بـۆ ئابوریـەکانیان پێویستە شەڕ لەگەڵ یوگسلافیاو عێراق‌و لەعێراقەوە بۆ ئەفغانستان‌و لەوێشـەوە بۆ هندو پاکستان‌و بۆ هەر کوێیەك کەبەرژەوەندی دارایی سەرمایەداری گشـتگیری لێ زیـاد بکـات ئـەینێرن. ئـەم بارودخـەش دەورانـی داگیرکـەر تداعی دەکـات. بـەلاّم پێچـەوانەی ئـارەزوی لیبراڵـەکان ئـەم دیاردەیـەکی کاتییە.

وانــەکانی مێــژوو چــەندجار پێشــانیان داوە، کەگــەورەترین‌و بەهێزترین دیکتاتۆرەکان کەتاجیان لەسەر پادشا ئەوروپییـەکان دانـاوە (ئیمپراتۆریـەتی مطلقـة-پاپاکـان)ە، وە بـێ ڕەحمتریـن نـەژاد پەرسـتانی لـەدایك بـووی تێکچـوونی سـەرمایەداری ئیمپریالیسـتی وەك (هیتلـەر، مۆســۆلۆنی، فرانکــۆو پینوشــە..) وە پێشــکەوتوترین ئیمپراتــۆری داگیرکـەری (بـەریتانیای گـەورە)یـە، هـەموویان لەبەرامبـەر ئـیرادەی خـەڵکیدا وەکـو بڵقـی سـەرئاو لێـك جیابونـەوە، ئەمـە یەکـەمجار نییـە، کەکۆمەڵگەی جیهـانی بەهـەموو ناتەواویـەکانی بەشـێوەیەکی فیزیکـیو بـەهاوکاری پیلانــە ئابورییــەکان‌و لەگــەڵ تەرەقــەی هێــزی نیزامیــدا ئەکەوێتـە بەردەسـتی سـەرمایەداری جیهـانی وە یەکـەم جاریش نییـە کەبەرەی هێزی کارو بـەرەی مرۆڤـە دلێـرو ئازادیخوازەکـان ڕووبـەڕووی شکست ئەبێتەوە. بەهۆی دواترین شکستی بەرەی سۆسیالیزم نەك تەنها سەرمایەداری جیهانی، نەیتوانی بارودۆخی ئابوریی جیهـان بـاش بکـات،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵکو بەدواکەوتنی هاواڵی ئابوری راگەیاندنەکانی رۆژئاوا، شایەتی دیمەنێکی تیرەو تاریو قەیرانو هەڵئاوسانی بێکارییین لەبەهێزترین وڵاتە سەرمایەدارەکانی جیهان، وەك (ئەڵمانیا، ژاپۆنو ئەمریکا) وە بەگشتی ئەم (لادێ جیهانیە) ئەگرێتەوە.

چونکە سەرمایەداری سنورەمیللییەکانی لەنوردا بینیوەو بەهاوکاری تەکنەلۆژیاو زانیاریو پەیوەندییەکان، بەبێ گوێدانە خواستو ئیرادەی نەتەوەکان بەشێوەیەکی گشتگیر کار دەکات، ئەم دیاردە تازەیەش تەنها سنورێك کەئەیناسێ سنوری سودو زیانو سیاسەتە داراییەکانە بۆ رەشە رۆژی مژینی ئاخرین هێزی ئابوری نەتەوەکان. وە سنورە یاساییو رەوشتیو میللیو رۆشنبیرییەکان لەبەر ئەوەی بەهای ئاڵوگۆڕکردنەوەیان نییە، دور ئەخرێنەوە (فڕێ ئەدرێن).

کەوابوو بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی ناتەواوی ئەم دیاردەیە ئەبێ رەوەندی کاریو گەشەیی بپشکنین.

لەو دەورە مێژوییەدا کەدەسەڵاتی ئابوری-سیاسی لەژێر دەستی ملهوڕەکانی شاهیدا واتە نوێنەری سیستەمی فیودالیزم دا بوو وە بەردەوامی ژیانی وردە بۆرژوازی لەتێکدانی ئەم بۆنە کۆمەڵایەتیانە گەڕانەوە بوو. سەبارەت بەهێزی کاریش (جوتیار) رەزامەندی کڵێسای کاتۆلیکی بەزەوی کڕینو فرۆشتنی ئەکرد. ئەم زوڵمەش بووە هۆی ئەوەی کەلیبراڵەکان بەدروشمی (بەرانبەریو برایەتی) داوای ئازادیو دادوەری بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگە بکەن. وە لەپێداویستیو ئیرادەی خەڵکی توانیان رێبەری گەورەترین کودەتای بۆرژوازی جیهانی واتە کودەتای گەورەی فەرەنسا بکەن. بەم شێوەیە هێزی کار لەو کاتە



مێژووییەدا جوتیاران بوون، توانیان لەدەستی گیرۆدەیی زەوی دەرەبەگایەتی کڵێسا ڕزگار ببن. تاوەکو لەکورەی چەرخی کارخانەکاندا بەند ببن. لەدامەزراندنی ئەم بۆنە کۆمەڵایەتییە نوێیەدا بناغەی چینایەتی ڕۆکرا (داڕژرا) کەبووە هۆی گەورەترین گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی-زانستی لەسەدەکانی دوایدا.

بەسەرکەوتنی یەکجاری سەرمایەداری دروشمی (برایەتیو بەرانبەریێ) لەگۆڕ نراو ئەودیوی ڕوخساری لیبراڵەکانیش ئاشکرا کراوە، راستی دژە مرۆڤایەتی نوسینگەی لیبرالیزم لەگەڵ دروشمی ئازادیە هەمیشەییەکەی ئاشکرا کرا.. سەرمایەدارەکان بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین خواستەکانیان دڕندانەترین شێوازی (استثمار) دەستهاتی خەڵکی بردنیان بەکار ئەهێنا کەلەکۆیلەیەتی کەمتر نەبوو. وە ئەمەش پیویستی سیستەمی سەرمایەدارییە. وە ئەم بۆنە کۆمەڵایەتیانە بۆ بەردەوامی ژیانی خۆی پێویستی بەکۆکردنەوەی سەرمایەیەو، کۆکردنەوەی سەرمایەش بەبێ (استثمار) دەسهات مەحاڵە. لیبراڵەکان سەرەتا دانیان بەلەشی پیاوانو ژنانو هەتاکو منداڵەکانی خۆیاندا ئەکردو دوایی بەرەو ئێمە هاتن. ئەوە ڕاستییەکە لەمێژەوە لەبیرەوەریەکاندا سڕاوەتەوە. لە بابەتەدا سەرەتا ڕاستییەکانی سەرمایەداری ئینگلیز کەزێدی پیشەسازی گەورەی جیهانە دەستنیشان دەکەین.



## یاسای (١٨٣٣) لەبەریتانیای گەورە

"ڕۆژانە ئەبێت کارکردن لەکارخانەکاندا لەکاتژمێر (٥,٣٠) بەیانی دەست پێبکاتو کاتژمێر (٨,٣٠) شەو کۆتایی بێت".[١]

بەم یاسایەی لیبراڵیزم* کرێکارێك دوای (١٥) سەعات کارکردن، چۆن ئەتوانێ پێویستییەکانی ژیانی خۆیو خێزانەکەی فەراهەم بکات؟ چەندی کات پێویستە، بۆ ئەوەی هێزە بەفیڕۆ رۆشتوەکەی بەدەست بێنێتەوە؟ چەندێ کات بۆ فێرکردنی منداڵەکانی فەراهەم بکاتو چۆن بگات بەژیانی هاوبەشی؟

## استثمار (دەستبەسەراگرتن)ی منداڵان

"کاك براوتن (Broughton) یەکێك بوو لەبڕوا پێکراوانی ئاشتی لەتوتینگهام لە(١٤ کانونی دووەم ١٨٦٠)دا بەشێك لەشارنشینان کەلەکارخانەکانی پارچە سازید کار دەکەن، کەدونیای شارستانیەت لێی بێ ئاگان.. لەکاتژمێر (٢، ٣،٤) دا منداڵە (نۆو دە)ساڵەکان لەبەشە ناوخۆییە پیسەکەیاندا دەنێرنە دەرەوەو ناچاریان دەکەن بۆ و قامەتیان تاکو کاتژمێر (١٠، ١١، ١٢)ی شەو کار بکەن. ئەندامانی لەشیان سیس دەبنو قامەکیان دەچەمێتەوەو روخساریان زەرد هەڵدەگەڕێتەوە، بەجۆرێك تەنها بیینینیان جەستە دێنێتە لەرزە"[١]

"ویلیام ڤۆد کە(٩) ساڵ تەمەنیەتی لەکاتی دەستبەکاربوونی لەکار (٧) ساڵو (١٠) مانگ بوو، ناوبراو هەموو ڕۆژی هەفتە لەکاتژمێر (٦)ی بەیانی دێت بۆ کارخانەو کاتژمێر (٩)ی شەو کارەکەی تەواو دەکات".

کوڕێکی (١٢) ساڵە دەڵێت: "من بەیانیان کاتژمێر (٦) جاری واش



هەیە کاتژمێر (٤) دێم بۆ سەر کارو شەوی رابردوش تاکو ئەمڕۆ کاتژمێر (٨)ی بەیانی کارم کردووە.[١]

## راپۆرتی ساڵانەی پشکێنەرانی پەیوەست بەبارودۆخی کرێکاران لەبەریتانیای گەورە:

"(دکتۆر ج.ت.اداج) بەرپرسیاری نەخۆشخانەی (ئیرتافۆردی شایەری شیمالی) دەڵێت: ئەگەر هەموو گۆڕ دروستکەر پیاوو ژنەکان وەکو چینێك دابنێین، کۆمەڵێك پێك ئەهێنن کەلەڕووی مەعنەوییەوە دواکەوتوون. ئەمانە زۆرجار کورتە باڵاو لەش ناشرینو سینەیکی ناشیرینیان هەیە.

ئەم کەسانە زوو پیر دەبنو بەلاوی ئەمرن.. کۆمیسیۆنیش لەراپۆرتەکەدا ئاوا ئومێد دەردەبڕێ: ئومێد وایە پیشەسازییەك کەلەدیدی جیهانیاندا پلە یەکی بەرزی هەیە، لەمە زیاتر ئەم نەنگییە هەڵنگەرێت وە شوێنە بەرزەکەی لەگەڵ هەموو دواکەوتوییە بەدەنی جۆرە ناشیرینیەکانی ترو هەتاکو مەرگی ڕەشیش کەکۆمەڵگەی کرێکاری پێوەی دەناڵێنێ کەپایەی ئەم ئەنجامانە لەدەست نەدات"[١]

## راپۆرتی دەستەی لێکۆڵینەوەی هۆی مردنی ژنە لاوێکی کرێکار

"مێری ئان ڤالکی لەئەنجام دا دەڵێت: ئەو ژنە بەهۆی ئەوەی کەبۆ ماوەیەکی درێژ لەکارگەیەکدا کاری کردوو لەڕادەبەدەر کرێکاری هەبووەوە لەژورێکدا نوستووە کەزۆر تەنگ بووە، هەوای کافی تێدا نەبووە"[١].



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەساڵی (١٨٣٣) پەرلەمانی ئینگلیز بڕیاریدا کەلەچوار بەشی دیاریکراوی پیشەسازیدا کاری مندالان (١٣-١٨) ساڵ نابێت لە(١٢) کاتژمێر بێ ژماردنی کاتی خۆراك زیاتر بێت.

پەرلەمانی لیبراڵەکان چ گوزارشتێکی دەستو دڵکراوەی بۆ منداڵەکانیان ڕەوا بینیوە. لەم نێوانەدا ئەوانەی بیریان لەئایندەی مانەوەی ئەم سیستەمە ئەکردەوە دەرکیان بەوە کرد کە(استثمار) دەستهات بەوشێوەیە تاماوەیەکی دیاریکراو ئەتوانی ببێتە هۆی بەهای زیادەو کۆکردنەوەی سەرمایە. ئەوان زانیان کەبەتێپەڕبوونی ئەم قەیران‌و تێکچونە وێرانەیە پلە بەپلە نەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ لەناوبردنی بەدەستهێنانی قازانج. بەلەناوچونی هێزی کار سیستەمی سەرمایەداریش لەناو ئەچێت. وە مانەوەی سەرمایەداری پەیوەست بەهێزی کارەوە کەبەگەشەو گۆڕانی سەرمایەداری پێکهاتووە. بەزانینی ئەم ڕاستییە کەهێزی تەنها لەڕوخساری کرێکارێکی پیشەسازیدا دەرناکەوێت‌و بەڵکو مەودایەکی فراوانتر ئەگرێتەوە کەبەکارشوناس‌و لێکۆڵەرو زانا کۆتایی دێت. بەهەرحاڵ دابەزاندنی کاتی کارکردن‌و پێدانی خزمەتگوزاری کەکرێکار بتوانێ هێزە بەفیڕۆچوەکەی بەدەست بێنێتەوە کارێك دوور بوو لەئەنجام دانەوە. جێبەجێ کردنی دەستورێکی کاری ئاوا بەزانینی ئەندازەی ئەم نوسینگە ئابورییە کەبەدەستهێنانی قازانجی لەهەر ڕێگەیەکەوە گرنگترین بەهای قبوڵ کراوە کارێکی مەحاڵ بوو. بەڵام نامەحاڵە کاتێك ئەنجام درا کەیەکێتی جەبهەی کار لەسنوری میللیەوە گەشتە سنوری گشتگیرەوەو ئەنتەرناشنالی یەکەم‌و دووەم پەیدا بوو. لەراستیدا قبوڵ کردنی دابەزاندنی کاری ڕۆژانە بزوتنەوەی کرێکاری جیهانی بەمەودای



گشتگیرەوە گۆڕی بۆ سیستەمی سەرمایەداری. ئەوەی کەئەمڕۆ ئەتوانرێ سەرمایەداری گشتگیری پێ بهێنرێتە چوکایەکێتی بزوتنەوەی هێزی کاری جیهانییە. کەکودەتای زانیاری لەجیهانی ئەمڕۆی ئێمەدا ئەم کارئاسانیەیان بۆ هێزی کار فەراهەم کردوە.

قۆناغێکی تری سەرمایەداری ڕونکردن بوو بۆ بۆنە ئیستعماریەکان. لیبراڵەکان لەکاتێکدا دانیان لەجەستەی ژنان‌و پیاوان‌و منداڵەکانیان بوو چنگیشیان کردە گیانی خەڵکانی (ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین). پیشەسازی گەورەی بەریتانیا بۆ دابین کردنی مادەی خامی دروستکراوو فرۆشتنی قوماشەکانیان پێویستی بەبازاڕێکی گەورەی بێ ڕکەبەرییە کەئێستا لەتیۆرەکانیاندا رکەبەڕێی ئازاد پیشان ئەدەن. لەکاری سەرمایەداریدا بێ ناوەڕۆکی تیۆرەکانیان دەر ئەخەن.

ئەم زەرورەتەی پیشەسازی گەورە تەنها لەکاتێکدا نەگونجا کەهێزە بەکرێ گیراوەکان‌و سیاسەتی کەشتییە تۆپ هاوێژەکان جێگەی تیۆرەکانی رکەبەرێی ئازاد بگرێتەوە، وە ئەم جێگیرییە رویداو لیبراڵەکان بوون بەچاودێری کیشوەرە وێران‌و تالان کراوەکان، بوون بەچاودێرێك بەڵام زۆرەملێ کەهەر دەنگێکی ناڕەزایی بەبێ بەزەییانە سەرکوتیان دەکرد. لیبراڵە ئازادیخوازەکان هەموو بناغە شرستانیەکانیان لەکتێبە رەنگاو رەنگەکانی یاساو ئابوریدا کۆ کردەوە بۆ قسەکردن بەدیموکراتی پێی لەگۆشەیەکی دوری کتێبخانەکاندا فڕێیاندا. لەجیاتی ئەوەش هێزەکانیان بۆ دەسەڵاتی بێ کۆت‌و مەرجی سەرمایە ڕەوانەی مەیدان کرد. دەستکەوتەکانی دکتۆرایانی سەرمایەداری بۆ ئینگلیز هێندە سەرکەوتوو بوو کەخۆری بەختیان ئاوا نەدەبوو. دەسەڵاتێکی ئابوری-نیزامی بەزرتر لەبۆچونی ئەمڕۆی ئێمەو



بەهەمان ئاستی تالانکردن‌و جەنایەت‌و زیادەڕەوی بۆ مرۆڤایەتی پەیدا بوو. وە فەرەنساش بۆ ئازادکردنی بەشەکانی ئەم بازاڕە هێزەکانی ڕەوانەی باکوری ئەفریقاو باشوری رۆژئاوای ئاسیا کرد. وە ئیتاڵیاش هێزەکانی نارد بۆ سودان ئەسیوبی‌و رجیبوتی. بەلجیکاش بۆ بەرگری کردن لەدیموکراتی لەکۆنگۆدا دەستەکانی ئەبڕی‌و بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکانی ڕێبەری ئازادیخوازی خەڵکی لەئۆکسیدا چارەسەر کرد. هۆڵەندیەکان‌و بەکرێگیراوەکانی تری ئەوروپا بون بەخاوەنی (ئافریقای باشور) کەگەورەترین کانگای ئەڵماسە، وە ئەمریکیەکانیشی بەشێوەی (بانکییەکان) ئەمریکای باشوری قوتدا. ژاپۆنیش بوو بەخاوەنی کۆریاو چین‌و بەشێك لەباکوری رۆژئاوای ئاسیا، جیهانیش بوو بەلادێیەکی بچوك کەلەژێر چەتری نیزامی ئابوری سەرمایەداری داگیرکەریدا هەر پارچەیەکی شارستانییەك گرتبوی بەدەمەوە، وەکو کێکی گەورە دابەش کرابوو. بەڵام ئەم دابەشکردنە هەموو داگیرکاران پێی ڕازی نەبوون. چۆنیەتی ئەم ناڕەزایەتیانەش ئەوەبوو کە(بێ جیاوازی) تاقە ڕێگەی گەشەی ئابورییە.

لوتکەی تێکچونەکان لەگەڵ جەنگی جیهانی یەکەمدا دونیایان کرد بەخوێن‌و لەنێوان ئەم دەستکەوتە خراپانەی سەرمایەداران دا سۆسیالیزم لەدڵی ئابوری ئازادا چرۆی کرد. سەرەتا ئەم سیستەمە لەپاریسدا نەما. بەئیرادەی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی شاری، دەسەڵاتی سیاسیان گرتە دەست. بەڵام لیبراڵەکان نەیانتوانی لەبەرانبەر ئازادی نەتەوەکان بەرگە بگرن. بۆیە هەموو ئیمپراتۆرییەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەوروپایان لەیەك بەرەدا کۆکردەوە بۆ لەناوبردنی کۆمۆنی پاریس وە سوپایەکی چەند میللەتیان ڕەوانەی پاریس کرد. ئا



بەم شێوەیە یەکەم حکومەتی کرێکاری-سۆسیالیستی بەشێوەیەکی فیزیکی‌و وەکو هەمیشە دیموکراتی لیبراڵیزمەکان خەڵکیان لەگۆڕستانی (پڕ لاشزی) پاریسدا بەبێ جیاوازی قەڵاچۆکرد "کۆمەڵ کوژ" کرد.

گۆڕانکارییەکی تر لەیەکێك لەگرنگترین وڵاتی سەرمایەداریدا رویدا کەئەڵمانیایەو پایەی سەرمایەداری هێنایە لەرزە (هەژاند). وە لەهەموو ناوچەکانی ئەڵمانیادا لەبەرو دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا هەموو حیزبە سۆسیالستییەکان گەورەترین دەسەڵاتی سیاسی بوون. بەڵام بەهۆی نەبونی یەکێتی‌و یەکگرتنەوە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش،لەلایەن دەوڵەتی ئەوکاتەوە بەهاوکاری سوپای ئەڵمانیا پشتگیری کردن‌و بێ دەنگی پەرلەمانە دیموکراتیەکانی ئەوروپا سەرکوت کردان‌و لەڕەگ‌و ریشە دەرهێنران. وە ڕێگەیەك بۆ گەشەکردنی فاشیزمی هیتلەری فەراهەم بوو. بەڵام گۆڕانگاری سێیەم لەبازنەیەکی لاوازی سەرمایەداری-داگیرکاری واتە (روسیا) روویدا. سۆسیالیزم‌و لینینیزم توانیان خۆیان بەشێوەیەکی راست لەمێژووی گۆڕانگاریدا پیشان بدەن. سیستەمی سەرمایەداری داگیرکاری کەلەسەر دابەشکردنی جیهان خەریکی پارچە پارچە کردنی خۆی بوو بەدیاریکردنی کیشوەری پەڕلەمانەکان توانی جارێکی تر بەرەیەکی یەکگرتووی سەرمایەداری ئیسمپریالیستی پێك بهێنێ‌و لەچەند لاوە سوپای خۆی ڕەوانەی سنوری سۆسیالیزم بکا. ژاپۆن لەرۆژئاوای دورەوەو ئەڵمانیا لەئەوروپاوەو ئینگلیز لەقفقازو ئازەربایجانەوە دەستدرێژی جەنگیان کردە سەر ئەم سیستەمە نوێیە، بەڵام نەیانتوانی ئیرادەی خەڵکی سۆڤیەتی بشکێنن هەرچەند پاشەکشێیان کرد بەڵام هێرشێکی هەمەلایەنەیان ئامادە کرد. بەتەڵەکەبازییە داراییەکان‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئابڵۆقەی ئابوری-نیزامیو بێ بەشكردن لەبازاڕی جیهانیو بێ بەشكردنی زانستی-تەكنەلۆژیو لەكۆتاییدا جەنگی سارد كەداهاتە میللیەكانی ئەم دەوڵەتە لاوەی قوتدا. ئەوانە بارودۆخێكیان فەراهەم كرد تاكو گۆشەی هێزە تازە پەیدا بوەكان توشی قەیران بكەن. لەگەڵ هۆیەكانی تر كەلەم بابەتەوە بەدەرە. بەڵام شكست شایەنی لادان بوو. لەماوە كورتەكەی ژیانی سۆسیالیزمدا بوونی وەكو خۆی ئەم دەسەڵاتە سیاسی-نیزامییە بەرەی كارە بووە هۆی ئەوەی كەسەرمایەداری داگیركاری بەتەواوی لێك بترازێو كیشوەرە ئازادكراوەكان كۆتی داگیركاری غەیرە سەرمایەداریان ئەویست لەبیر ئەیانتوانی بونیان هەبێ. رێبەرانێك وەك (سوركانۆ، ناصر، تیتو، اسد، كاسترۆ و ئاڵندەو دیموكراتی هندو مائوئیزمی چین نەیانتوانی دروست بن لەحاڵێكدا كەبارودۆخی كۆمەڵایەتی ئەمڕۆ بەرهەمێكی باشتری لەرێكخراوە تیرۆریستە گشتگیرەكانی نییە. ئەمەش ئەمرێكی ناشییە لەخراپییەكانی ئەم سیستەمە ئابورییە.

لەبارودۆخی تازەی جیهانیو بازاڕی گشتگیری دیجیتاڵیدا ئەمڕۆ شایەنی دیاردەیەكی دژیەكین، لەلایەك پێشكەوتنە تەكنەلۆژیاكان هێزی كار بچوكو بچوكتر دەكاتەوەو لەلایەكی تریشەوە كۆمەڵێكی گەورەی بێكاران لەكیشوەرەكانی رۆژئاواییو كیشوەرانی تازە پێگەیشتووە دەخاتە مەترسییەوە. هەژاری لەرۆژهەڵاتو بێكاری لەرۆژئاوادا بەشێكی گرنگی بازاڕی فرۆشتنی كاڵا دوچاری قەیران دەكات.

دابەزینی توانای كڕینی گروپێك لەخەڵكی چ لەكیشوەرە پیشەسازیەكانو چ لەكیشوەرە تازە پێگەیشتوەكان دا بەهەر جۆرێك بێ



كاریگەری خراپی بۆ سەر سیستەمی سەرمایەداری هەیە، توشی وەستانو قەیرانی دەكاتو بەشێوەیەك بەرەو سەرەوە دەكشێت بەشەكانی تریشی دوچار دەكات دوای شكستهێنانی سۆسیالیزم لەئەوروپای رۆژئاوادا لیبراڵیزم بەدابینكردنی پێویستە ئاسودەییەكان دەرگای ئەمریكاو كیشوەرانی تری سنوردار كردو بانكی جیهانیش بەپەیڕەوكردنی ئەم سیاسەتە هەر ئەم رێنماییانە بەكیشوەرە تازە پێشگەیشتوەكان ئەكات. ئەوانیش بەم شێوەیە دەبنە دژی یەكترو بەدەستی خۆیان قەیران دروست دەكەن.. و ئەوان ناوەڕۆكی تیۆرەكەی "كیز"یان فەرامۆش كردوە، كەرۆژگارێك سەرمایەداری ئیمپریالیستی لەلێژگەی كەوتنە خوارەوە رزگار كرد.

بۆ بەردەوامیو مانەوەی ئەم رێكخستنە تازە جیهانییە هیچ رێگایەك كاری درێژە پێدانی پێ ناكرێ. ئیتر پیلانە داراییەكان یان تیۆرە ئابورییەكانی كینزو دەكینزی ناتوانن چارەسەری ئەم نەخۆشیە گرانە كۆمەڵایەتییە بكەن. لەوانەیە بتوانن ئەم جیهان بینییە داچۆڕاوە بەلێدانی چەندین تەرحی ئاوا بۆ چەند رۆژێك بپارێزن، بەڵام ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی كەرۆژئاوا پێویستی زیاتری بكەوێتە ئەم لێدانە كەتێكچونێكی گەورەی مرۆڤایەتی ئەگرێتە خۆ. شێوەی چارەسەركردنی شڵەژاوی بەشێوەی (بانكییەكان) دوو جۆرە یان سیاسەتە داراییەكانە كەباقی شەریكەكان ڕەنجەڕۆ دەكاتو شڵەژاویەكە ئەگوێزێتەوە بۆ كیشوەرانی تر. وەیان ناردنی شەڕە بۆ كیشوەرە تازە پێگەیشتوەكان. كەبەشێك لەپیشەسازییە نیزامییەكانیان ئەخەنە بەردەست بارودۆخی داواكراو. چارەسەری ئاوای كێشە ئابورییەكان شوێنەوارێكی خراپی جێگری رابردوی نییە. ڕاستیش لەوەدایە



كەسەرمایەداری دوای چەند سەد ساڵ پێشلێكردنی مافی نەتەوەكان هێشتا نەگەشتۆتە رێگە چارەسەری كۆتایی، و هەر پیلان یان تیۆرێكی تازەی ئابوری لەگەڵ چۆنیەتی خاوەنێتی تایبەتی ئامێری بەرهەم، دژوارییەكی گەورەترو چارەسەر نەكراوی تری بەدوادا دێت. تێكچونو شڵەژاوییەكی گەورە بەمەودایەكی گشتگیرەوە! یەكێتی نێو نەتەوەیی هێزە پێشكەوتوەكانو هەواداری ئازادیو دادپەروەری كۆمەڵگە داوا دەكات.



# رۆشتنەوەیەكی كورت بەناو كودەتاكانی (١٨٤٨ ز) دا، بەبۆنەی ئاهەنگی سەدو پەنجاهەمینساڵیادی كودەتاكانی (١٨٤٨)

**ئەمڕۆ خەڵكی جیهان ئاهەنگی سەدو پەنجاهەمین ساڵیادی كودەتاكانی ئەوروپا لەساڵی (١٨٤٨)دا ئەگێڕن و هۆی شكستهێنان ودەستكەوتەكانی ئەم كودەتایانەیان خستە بەردەم لێكۆڵینەوە ، لێرەدا دوای پێناسەكردنێكی كورت لەم گۆڕانكاریانە ، پاشان لەهۆی شكستهێنان و دەستكەوتی كودەتاكانی (١٨٤٨) ئەكۆڵینەوە.**

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: تایبەت بەگۆڤاری گیرفان

## ئینگلیز "بەریتانیا"

ئینگلیز لەسەدەی هەژدەیەمدا شایەتی دەركەوتنی یەكەمین ئۆتۆمبیلەكانوكارخانەكان بوو ، لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بە وڵاتێكی پیشەسازی ناو ئەبرا. لەهەموو جێگایەكدا كاری مەكینەی (ئۆتۆمبیلی) جێگای كاردەستی ئەگرتەوە ، لەكاتێكدا كە ژمارەی چنینەرانی دەستی لە ساڵی (١٨٢٠ تا ١٨٦٠) دا لە (٢٤٠) هەزار كەس بۆ (٨) هەزار كەس كەمبووەوە وە ژمارەی كەسانێك كە لەم ماوەیەدا لەكارگە جۆلایەكان بەكاری چنینەوە خەریك بوون لە(١٠) هەزار كەس



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەیشتە (١٥٠) هەزار کەس. لەساڵی (١٧٥٥) دا یەکە پیشەسازییەکان بۆ بەرهەمهێنانی (ماهوت) پێویستیان بە(٥) ملیون پەموو (لیور) هەبوو، ئەم ژمارەیە لەساڵی (١٨٤١) دا زیادی کرد بۆ (٥٢٨) ملیون ، بەرهەمهێنانی مادەی کوڵاو (مزاب) لە ساڵی (١٨٠٠)دا لە(١٩٣) هەزار تۆن گەیشتە (١،٤) ملیون تەن لەساڵی (١٨٤٠)دا.

یەکێك لەگەورەترین خاوەن بیرەکانی ئەم سەدەیە لەبارەی پێناسەکردنی بارودۆخی ئینگلیز لە ساڵی(١٨٤٤)دا نوسی:"..ئێستا ئینگلیز ئیدی لەهیچ وڵاتێکی تر ناچێت ، پایتەختەکەی (٢،٥) ملیون کەسی تێدایە و شارەکان‌وناوەندە پیشەسازییەکانی کاڵا ئەنێرن بۆ هەموو جیهان".

بەبەرانبەربوون‌وفراوانبونی پیشەسازی گەورە ، باری کارکەرانی بچوك هەر رۆژە بەرەو نالەبارەی ئەرۆیشت ، ئەوانە لە(٤٠) ساڵی تەواودا نائومێدبوون ، بەڵام سەر سەختانە لەبەرامبەر پیشەسازی گەورەی مەکینەی بەرەنگارییان ئەکرد ، سەرئەنجام لەساڵی (١٨٣٠)دا مەیدانی نەبەردیان بەجێهێشت ، بەڵام کرێکارانێکیش کە لەم یەکە پیشەسازییانەدا کاریان ئەکرد ، بارودۆخێکی باشتریان نەبوو، ئەمانە بۆ گوزەرانی ژیانێکی هەژارانە رۆژانە (١٦-١٨) کاتژمێر کاریان ئەکرد.

یەکێك لەکاربەدەستانی حکومەتی ئینگلیز دوای سەردانی بۆناوچەیەکی کرێکارنشینی (گلاسکۆ) کە(٣٠-٤٠) هەزار کەسی تێدا ئەژیان ، لەراپۆرتێکدا ئاوای نوسی:".. لەهەندێك لەم یەکە نشیتەجێیانە (١٥-٢٠)کەس لەسەر زەوی ڕاکشاون‌ونوستون. مێرو تەواوی بۆشاییەکی پڕ کردووەو بەسەر رووی کرێکاراندا هەڵئەچن ، لەمێزوکورسی‌ووەسائیلەکانی هیچ هەواڵێك نییە ، ئەم شوێنە



نیشتەنییانە هەموو کات هێندە ئاڵۆدەونم ناك و وێرانەن ، کە هەتا ناتوانی بەئاسانی ئەسپێی تێدا بەخێو بکەی..".

لەساڵی (١٨٣٦)دا تێکچونی پیشەسازی‌وبازرگانی ،کە تازە دەستی پێکردبوو، بەوە هۆی بێکاربوونی هەزاران کرێکار، ئەم کرێکارانە لەلەندەندا لەیەکێتی کرێکاری (سەندیکای کرێکاری) کۆبونەوە و هەستان بەشەڕکردن دژی ئەم بارودۆخە دژوارە ، ئەم سەندیکایە ساڵی دوایی ڕاگەیاندراوێکی پەسەند کرد ، کە تێیدا مافی خەڵکی پێچەوانە بووبوو، ئەم ڕاگەیاندراوە بەئینگلیزی پێی دەڵێن (چارتر Charter) وە ناوی (بزوتنەوەی چارتیستی) لەم مشتەقەوە دروستبووە ، کرێکاران لەم ڕاگەیاندراوەدا داوای بوونی مافی هەڵبژاردنی نوێنەریان لە(پەرلەمان) و مافی دەنگدانی بۆ هەموو پیاوێکی سەروی (٢١) ساڵ کردبوو. بزوتنەوەی چارتیستی چەند داخوازییەکی جیاوازی هەبوو، ڕێبەرایی کردنی کودەتاترین ناوچە بەئەستۆی (گارنی) وە بوو، گارنی بڕوای وابوو زەوییەکانی ئەبێت مولك بکرێن‌و بکرێنە موڵکی گشتی وە داوای (٨) کاتژمێر کاری ڕۆژانە و سەرچاوەی کاری منداڵان و باشبونی ژیانی کرێکارانی دەکرد. لەساڵی (١٨٤٢)دا چالاکییەکانی (بزوتنەوەی چارتیستی) گەشتە ئەوپەڕی لوتکە ، کرێکاران دوای کاری سەختی ڕۆژانە شەوانە لەژێر روناکی مۆمەکاندا کۆئەبونەوە و دەستیان ئەکرد بە وتووێژولێکۆڵینەوە وە هەزاران کۆبونەوەی چەند هەزار کەسییان پێکئەهێنا ، لەمانگی ئایاری (١٨٤٢)دا تێکچونی بێکاری دووبارە قوڵتر بویەوە ، کرێکاران تۆمارێکیان نارد بۆ پەرلەمان ، کە سێ ملیۆن ئیمزای تێدابوو بۆ ناڕەزایی دەربڕین دەربارەی ژیانیان.

ئەم تۆمارە لەسندوقێکی گەورەدا بوو وە بەسەر شانی (٢٠) پیاوەوە



بوو وە هەزاران کرێکار لەدوای ئەم (٢٠) پیاوە وە بوون ، بەڵام پەرلەمان تۆمارەکەیانی قبوڵ نەکرد، بۆیە کرێکاران دەستیان دا بەیەکگرتن ، بەڵام پۆلیس هێرشی کردە سەریان وە دەیان کەسی لێ دەستگیرکردن. دوای تێکچونی گەورەی ئابوری ساڵی (١٨٤٧) و هەڵچونەوەی کودەتای فەرەنسا ، بزوتنەوەی چارتیستی هێنایە جوڵە (بزاوتن) وە بۆ پشتگیری کردن لەتۆماری (٥) ملیۆن کرێکاری ڕۆژی (١٠ ئەوریلی ١٨٤٨)ی بەرۆژی خۆپیشاندانی گشتی ڕاگەیاند، سوپاوپۆلیس بۆ بەرگری لەکرێکاران کەوتنە حاڵەتی ئامادەباشی. (مارکس‌وئەنگلس) چارتیستەکانیان بۆ شەڕی بێ ئامان دەعوەت ئەکرد لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانی خۆیان‌وپشتگیریان لێدەکردن ، چینی دەسەڵاتدار لەبەرانبەر ئەم پشتگیریە فراوانەی خەڵکیدا لەم بزوتنەوەیە کشایەوە وە سەرئەنجام هەندێ چاکسازی قبوڵ کرد ، لەوانە کاتی کاری ژنان‌ومنداڵان بۆ (١٠) کاتژمێر کەم بویەوە ، هەرچەند چاکسازییەکی کەم لەبارودۆخی خەڵکی بەتایبەت کرێکاران هاتە ئاراوە.

یەکێك لەخاوەن بیرە گەورەکانی سەدەی بیستەم لەبارەی کودەتای (١٨٤٨)ی ئینگلیزدا ئاوا دەنوسێت:"ئینگلیز یەکەمین باخچەی کودەتای کرێکارییە ، بزوتنەوەی چارتیزم کە لەم وڵاتەدا دروست بووە ، لەڕووی بڵاوبونەوەی بەناو خەڵکیدا خاوەنی گرنگی ونمرەی یەکەم نموونەیە.

## فەرەنسا

لەساڵەکانی نێوان (١٨٣٠ تا ١٨٥٠)دا بەهۆی گەشەکردنی پیشەسازی گەورە و زیادکردنی کرێکاران بەساڵێکی ناپاب دانراوە ، بارودۆخی کرێکاران رۆژ بەرۆژ خراپتر ئەبوو وە یاخیبوونە گەورەکانی لیۆنی



بۆرژوازی تێکچوو، دوای شۆڕشەکانی لیۆن سەندیکاوکۆمەڵە سیاسییە نهێنییەکانی کرێکاران دروستبوو.

لەساڵەکانی نێوان (١٨٤٥-١٨٤٧)دا بارودۆخی سیاسیی فەرەنسا بەهۆی خراپی بەرهەم وئافەتی پەتاتەوە خراپتربوو وە لەئەنجامی ئەم بارودۆخەدا کرێی کرێکاران (٥٠ ٪ -٦٠ ٪ ) کەم بویەوە و بێکارییەکی خراپی لێکەوتەوە ، کە پێشینەی نەبوو، ئەو شەڕەش کە فەرەنسا بۆ داگیرکردنی جەزائیر هەڵیگیرساندبوو زۆر بەپەلە زیادی کرد.

لەساڵی (١٨٤٨)دا کودەتایەکی تازە لەفەرەنسا دەستی پێکرد، هۆکەشی پێش هەموو شتێك هەژارییە گەورەکانی خەڵکی‌وئەرکەکانیان بوو، کۆبونەوەیەکی گەورەی خەڵکی بۆ ڕۆژی (٢٢ شوباتی ١٨٤٨) ئامادە کرابوو وە حکومەتی فەرەنساش دروستبوونی کۆبونەوەکەی قەدەغەکرد. بۆرژوازەکان ملیان دایە ئەم دەستورە ، بەڵام کرێکاران‌وپیشەوەران‌وخوێندکاران دەستیان دایە ڕێپێوان سازدان ، هێزە پێشڕەوەکان داوایان لەخەڵك کرد بۆ شۆڕشکردن ، بۆیە خەڵکی پاریس لەشەوەکانی (٢٣و ٢٤) شوبات نزیکەی (٢) هەزار سەنگەریان دروستکرد ، بۆ دروستکردنی ئەم سەنگەرانە زیاتر لەچوار هەزار دار لەکەناری شەقامەکان بوو شکاندیان وە زیاتر لە(١٠) ملیون بەردیان لەسەر شۆستەکان هەڵکەند.

لەبەرەبەیانی (٢٤ کانونی دووەم) شۆڕشگێران سەربازخانەکانیان تێکداو خۆیان چەکدارکرد ، پادشاش بەهەراسانی لەڕێگەی ژێر زەمینەوە لەکۆشك بۆ دەرەوەی پاریس هەڵات ، خەڵکی دوای نەمانی حکومەت تەختی پادشایان ئاگردا ، بەڵام بۆرژوازەکان هەڵپەرستانە گەیشتنە دەسەڵات وە دەوڵەتی تازە پشتی کردە کرێکاران و بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرژەوەندی خۆیان پێیان لەچاکسازییەکان دادەگرت ، دوبارە کرێکاران دەستیان دایە شۆڕشکردن ومافی کاریان داوادەکرد ، بەڵام وەڵامی بۆژوازەکان ئاگروخوێن بوو وە لەئەنجامدا نەبەردیەکی سەخت روویدا ، بۆیە کرێکاران چەکدار بوون وژنانومنداڵان چوون بۆ یارمەتی کرێکاران ، کرێکاران کەوتنە بەر هێرشی سوپای رێکخراوی (٢٤) هەزار سەربازی پاسەوان وە دوای نەبەردییەکی دژوار قارەمانانە ناچار بوون بکشێنەوە وە لە(٢٦ ژوئن)دا دەزگای ناوەندی شۆڕشگێڕان کەوتە دەستی دوژمن.

## ئەڵمانیا

لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا لەساڵی (١٨٤٨)دا ئەڵمانیا لە پیشەسازی کشتوکاڵدا لەفەرەنسا پێشکەوتووتر بوو، پیشەسازی میکانیکی لەساڵی (١٧٨٩-١٧٩٤) لەفەرەنسادا نەبوو وە لەئەڵمانیادا گەشەی کردبوو، (پروس) بەتەنها پێش کودەتای ساڵی(١٨٤٨) زیاتر لەهەزار ئۆتۆمبیلی هەڵمی هەبوو، لەکاتێکدا فەرەنسا لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەم تەنانەن یەك ئۆتۆمبیلی هەڵمی نەبوو، بەم هەمووە لەپروس ئیتر ولاتانی ئەڵمانیا لەساڵی (١٨٤٨)دا بەرهەمی دەستی زاڵبوو بەسەر میکانیکدا وە کارگەکان زیاتربوون لەکارخانەکان. لەئەڵمانیادا هۆی هەژاریوتێکشکاوی پیشەوەران گەشەکردنی پیشەسازی گەورە وە هەروەها دەستهاتە پیشەسازییەکانی ئینگلیز بوو بارودۆخی کرێکاران بەتایبەت ماندووکەر بوو، پارچە جنەکان لەبارودۆخێکی نیوە برسیدا ئەژیان. لەساڵی (١٨٤٤)دا هەزاران کرێکار دەستیان دایە خۆپیشاندان ، بەڵام سەربازەکان کەوتنە سەرکوتکردنی بزوتنەوەی کرێکاران ، بۆیە



کرێکارانیش بەبەردەوە رووبەرووبونەوە ، لەئەنجامی ئەم نەبەردە نابەرانبەرەدا (١١) کرێکار گیانیان لەدەست دا و (٤٤)یش بریندار بوو. لەماوەی نێوان ساڵانی (١٨٤٠-١٨٤٦)دا بەرهەمە هێنراوە کشتوکاڵییەکان لەبارودۆخێکی خراپدا بوون وە ئافەتی پەتاتە و وشکەساڵی نرخی دەستهاتە کشتوکاڵییەکانی بەرزکردەوە ، بێ بەشکراوەکانی کۆمەڵگە توانای خۆیان لەدەستدا و هێرشیان کردە سەر فرۆشگای نانەکان ونانەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد ، لەساڵی (١٨٤٧)دا تێکچونی پیشەسازی دەستی پێکرد ، کارخانەکان داخران و کرێکاران بێکار بوون ، لەمارسی (١٨٤٨)دا بەرلین چەند خۆپیشاندانێکی فراوانی خەڵکی بەخۆوە بینی.

وەڵامی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ خۆپیشاندەران تەقەکردن بوو لێیان ، خەڵکی لەکوچەوشەقامەکاندا سەنگەریان دروستکرد وە حکومەت بە(١٤)هەزار سەرباز و (٣٦) تۆپەوە هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران ، کە لەریزی یەکەمەوە بوون ، بەڵام بەرەنگارییە سەرسوڕهێنەرەکەی خەڵکی حکومەتی ناچار کرد ، کە بکشێتەوە و ئاشتی قبوڵ بکات ، بەڵام حکومەت دوای کشانەوەیەکی کاتی لەقبوڵکردنی داخوازییەکانی خەڵکیوکرێکاران پێی داگرت وە خۆی نەدا بەدەستەوە ، کرێکاران لەمانگی مایسی (١٨٤٩)دا دوبارە دەستیان دایە شۆڕش کردن. (مارکسو ئەنگڵس) لەپشتگیریکردنی ئەم شۆڕشە چالاکبوون ، بەڵام سەرەنجام بەهەستانی هێزی سوپای (١١٠) هەزار کەسی هەموو دەستکەوتەکانی بزوتنەوە کرێکارییەکان سەرکوتکران و لەناوبران.



## نەمسا

نەمسا بەبەراورد کردن لەگەڵ ولاتە پێشکەوتووە ئەروپییەکاندا زۆر دواکەوتبوو وە پیشەسازیوگواستنەوەی بەهێواشی فراوانبوو، بۆ نمونە هێڵی ئاسن لەساڵی (١٨٢٨)دا دامەزرا ، بەڵام لەساڵی (١٨٤٠)دا لەتەواوی ئیمپراتۆریەتی نەمسادا تەنها (١٤٤) کیلۆمەتر هێڵی ئاسن هەبوو، لەراستیدا خێرایی دروستکردنی هێڵە ئاسنینەکان لەنەمسادا (١٢) کم لەساڵێکدا بوو، ئەبێت ئاگاداری ئەوەش بین هەر لەم کاتەدا تۆڕی هێڵی ئاسنین لەئینگلیزدا ساڵانە (٩٠) کم زیادی ئەکرد. لەفەرەنساشدا ئەم ژمارەیە (٤٢) کم بوو وە لەپروسدا (٣٠)کم لەساڵێکدا بوو، ئاستی بێکاری لەم ولاتەدا (١٠٤) رۆژ لەساڵدا بەراورد ئەکرا. لەساڵی (١٨٤٤)دا لەپراگو شوێنەکانی تری ولاتدا کرێکاران دەستیان دایە خۆپیشاندانو ئۆتۆمبیلەکانیان تێك شکاند، لەکاتێکدا کرێکاران لەسەر رێپێوانێکی ئاوادا کە چەندین هەزار کەسی بەشداری تیا دەکەن وە کارخانەکانی چوار دەوری پراگ ئەگرن وە بۆ باشکردنی بارودۆخی ژیانی خۆیان بۆ سەنتەری شاری پراگ کەوتنەڕێ وە ڕووبەڕووی تەقەی سەربازەکان بوونەوە ، لە(١٣ مارسی ١٨٤٨)دا لەژێر کاریگەری هەستانی خەڵکی یاریدا و بارودۆخی زۆر سەختی ژیان ، خەڵکیوکرێکاران دەستیان دا بەشۆڕشکردن ، خەڵکی کۆڵانەکانیان کرد بەسەنگەر و لەگەڵ هێزی پۆلیسی حکومەتدا کەوتنە شەڕەوە ، بەڵام بەهۆی لێدانی ناجوامێرانەی حکومەتەوە ناچاربوون بکشێنەوە و شکست قبوڵ بکەن.



## بەهاو دەستکەوتی کودەتاکانی (١٨٤٨)

دوای ئەوپەڕی سەرسوڕمانی کودەتاکانی (١٨٤٨) ئەم راپەڕینانە لەساڵەکانی (١٨٤٨-١٨٤٩)دا سەرکوتو بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو، بەڵام خەڵکی زەحمەت کێشوکرێکاران لەم شەڕانەدا چەند وانەیەکی گرانبەها فێربوون ، کە هەندێکیان بەکورتی روون ئەکەینەوە:

رێکخراوە کرێکاریەکان لەسەدەی هەژدەیەمدا هێشتا دروست نەبوون، بەڵام هەر رۆژێ کە تێئەپەڕی بونیان دیارتر ئەبوو وە هەر ئەم کێشەش بۆژوازەکانی ئەترساندو وای لێئەکردن کە لەگەڵ خاوەن زەوییەکاندا یەکبگرن ، کودەتاکانی (١٨٤٨-١٨٤٩) وای پیشاندا ، کە لە ولاتە پێشکەوتوەکانی ئەوروپادا بۆژوازی ئیتر چینێکی کودەتای نییە وە گۆڕاوە بۆ چینێکی دژە کودەتا. کودەتاکانی (١٨٤٨-١٨٤٩) سەلماندی ، کە چینی کرێکار چینێکە کە تا کۆتایی کودەتا ئەمێنێتەوە ، ئەم گۆڕانکارییانە سەلماندی ، کە یەکێتی گشتی زەحمەتکێشان و رابەری چینی کرێکار شایستەی سەرکەوتنە.

لەراپەرینەکانی (١٨٤٨)دا چینی کرێکاری ئەوروپا رێکخراوی کودەتای خۆیان دروست نەکردبوو (پێك نەهێنابوو) ، ئەم چینە نەیتوانی جوتیاران یەك بخاتو پێکیان بێنێ ، لەئەنجامدا جوتیاران راکێشرانە دوای بۆژوازەکان وە سوپا رێکخراوەکان کە زۆربەی سەربازەکانیان جوتیاروجوتیار زادەبوون کرێکارانیان سەرکوت کرد.

(کارڵ مارکس) دوای شیکردنەوەی کودەتاکانی (١٨٤٨) بۆی دەرکەوت ، کە بۆژوازی بۆ فەرمانڕەوایی و ستەمکردن لەخەڵك بەتایبەتی سەرکوتکردنی کرێکارانی مەکینەی (چەرخ) دەوڵەتیان بەهێز کردووە وە وتی"لەئەنجامدا کرێکاران ناتوانن ئەم چەرخانە بۆ بەدیهێنانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاواتەکانی خۆیان بەکاربێنن، ئەوان پێویستە ئەم چەرخە دەوڵەتیانە بشکێنن‌و ناوەندی نوێ لەبری ئەوانەدا بهێنن ، خەڵکی زەحمەتکیش‌وکرێکاران نەبێ لەرێگەی کاری وتوێژەوە دەسەڵاتی خۆیان بگرنە دەست‌و بەهیوای پشت بەستن بەخاوەن دەسەڵاتەکان نەبن".

خەڵکی لەکودەتاکانی (١٨٤٨-١٨٤٩)دا تێکشکان ، بەڵام ئەزمونی ئەم ساڵانە لەبلاوکراوەی مانیفیستدا پێچەوانە بوو، زۆر بەنرخ بوو.

**بلاوکراوەی مانیفێست**

مارکس‌وئەنگڵس بەکۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی کۆدەتاکانی (١٨٤٨-١٨٤٩) و نەتیجەگیری لێیان (دوکتۆرایانی) خۆیان لە(فەوریەی ١٨٤٨)دا بلاوکردەوە.

کارڵ مارس لەساڵی (١٨١٨) لەتریفز (Trevers) لەناوچەیەکی پیشەسازی لەدراوسێی فەرەنسادا لەدایکبوو، باوکی مارکس پارێزەرو رۆشنبیرودەوڵەمەند بوو، کەعاشقی بەرهەمەکانی سەدەی هەژدەیەم بوو، مارکسی لاو لەساڵی (١٨٤١)دا زانکۆی تەواو کرد و پلەی دوکتۆرای وەرگرت.

فریدرش ئەنگڵس لەساڵی (١٨٢٠) لەبارمەن (Barman) لەشاری پیشەسازی پروسدا لەدایکبوو، باوکی کارخانەدار بوو ، ئەنگڵسی لاوی لەتجارەت خانەدا دامەزراند، بەڵام ئەو هەمیشە دژی پەیرەوی خێزانەکەی هەموو تەمەنی خۆی لەخزمەت زەحمەتکێشان‌و چینی کرێکاردا تەواو کرد. مارکس‌و ئەنگڵس بەکۆکردنەوەی مێژووی گۆڕانکاری جیهان پیشانیان دا ، کە "مێژووی هەموو کۆمەڵگەکانی



جیهان جگە لەکۆمەڵگەی سۆشیالیستی سەرەتای مێژوی شەڕی چینایەتییە ، لەبارودۆخی ئێستادا کۆمەڵگە زیاتر لەوەی پێش بووە بەدوو لەشکری گەورەی ئاشکرای دوژمنی یەکتر. واتە سەرمایەداران‌و کرێکاران دابەشبوون".

مانیفێست پێشبینی ئەکات ، کە بەگەشەکردنی بۆرژوازی وە لەراستیدا گەشەکردنی سەرمایە چینی کرێکار گەشە دەکات وە لەئەنجامدا دەسەڵات ئەگرنە دەست‌و خۆیان‌و هەموو خەڵکیش لەکۆمەڵگەی چینایەتی رزگار دەکەن و کۆمەڵگەیەکی خاڵی لەستەمی چینایەتی پێکئەهێنن.



# نێوانی بلیمەتی‌و شێتی..
# رەهەندە شاراوەکانی



ئەنوەر حسێن (أ.بازگر)

**(تاڵە موویەکی باریك بلیمەتی لەشێتی جیادەکاتەوە)**

ئایە ئەو بارودۆخە تایبەت و ناسروشتی و نێرۆسیسەی لەناو نوسەروهونەرمەندوفەیلەسووفەکاندا هەیە ، ئەو رەفتارە نامۆوئالۆزوسەیرانە بەشێکن لەچەمکی شێتی...؟

شێتی چییە؟ پەیوەندی نێوان بلیمەت وشێتی چییە؟

لەم بارەیەوە (ئەحلام مستەخانمی) لەرۆمانی (ذاکرة الجسد)دا دەڵێ: "تەنها شێتەکان دەتوانن داهێنانی گەورە بخەنەوە" (بێگومان لێرەدا ئەحلام و هاشم ساڵح و ئەندرێ مۆرۆ: هاوران لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان ئەفراندن و شێتی‌دا)



(مۆرۆ) پێیوایە گەر ئەم شێتەیە نەبوایە بەشێك لەژیانی نوسەروفەیلەسوفەکان بەو شێوەیە نەدەبوو. هەروەها نەدەبوونە خاوەنی ئەو داهێنانە گەورانەی کەخستیانەوە. بەنموونەش (بلزاك ، دیستۆفسکی ، فلۆبیر).

یان بە واتایەکی تر ، کەس ناتوانێ نکوڵی لەداهێنان وگەورەییەکانی (نیتشە ، هۆڵدەرلین ، ڤان کوخ) بکات لەگەڵ ئەوەشدا کەشێتی بەشێکی گەورەی ژیان‌و نوسینەکانیان بووە ، بەڵام پێدەچێت خودی شێتیش داینەمۆی بەشێکی زۆری داهێنانەکانی ئەو فەیلەسوفانە بێت.

(ئەفلاتون) دەڵێ: "کەسانی بلیمەت بەئاسانی تورەدەبن و لەپێستی خۆیان دەردەچن ، بەجۆرێك دەژین وەك بڵێی بەپێچەوانەی خەڵکی ئاساییە ، ئەمان لەدەروەی زەمەن‌وبوون دەژین"

ئەگەر چی (ئەرستۆ) ئەم شێوازی شێتییە ، بەچەند قۆناغ دابەشدەکات ودەڵێ" شڵەژانی فیکری ، خەمۆکی یان نەخۆشی مالیخولیا ، مەیلی مرۆڤ بۆ تەنیایی و دورەپەرێزی و تێرامان دەستپێدەکات و هەندێکجار بەفێلێهاتن یان شێتبوون و تەنانەت خۆکوشتن کۆتایی دێت..

زۆربەی ڤسەکان دەچنەوە سەرئەوەی کەسایەتی مەزن بەبێ هەندێك لەشێتی بوونی نیە ، یان پەیوەندییەکی گەورە لەنێوان بلیمەت و شێتدا هەیە . لەم بارەیەوە دەکرێ کەسانی وەك (نیتشە ، فۆکۆ ، باسکاڵ ، رۆسۆ، ڤێرجینا ئۆلف ، بودلێر ، ڤۆلتێر..) بەنموونە وەربگرین.

لێرە نموونەیەکی لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر (لولوت) دێنینەوە ، کە شێتیەکەی (سوکرات و باسکاڵ)ی ناوناوە (شەیتانی سوکرات و نوشتەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

باسكاڵ) ، بەبۆچونی ئەو بلیمەت ئەو كەسەیە كە لەلایەن شەیتانی بلیمەتیەوە دەستی لێوەشێدراوە.

(هاشم ساڵح) پێیوایە نوسەران و رۆشنبیرانی عەرەب هەرگیز ناتوانن باسی نێرۆسیسی و حاڵەتە دەروونییەكانی خۆیان بكەن و بگرە هەوڵی شاردنەوەی دەدەن ودەڵێ "ئەوان زۆر لەمەیلی شێتی تێیاندا باڵادەستە" ، بەڵام ناوێرن راستی بڵێن ، چونكە دەترسن بەوەی بە(شێت) ناوبرێن.

تاكە جیاوازی ئەوەیە فەیلەسوف وشاعیر و نوسەرە ئەورووپییەكان نەك ناترسن ، بەڵكو پێیان وایە ئەمە حاڵەتێكی سروشتییە و شاردنەوەی كارێكی نەشیاوە ، بەتایبەتی كە ئەم چەمكە پەیوەستە بەبلیمەتی و داهێنانەوە ، ئەگەر چی هاشم پێیوایە هەموو بلیمەتێك شێت نیە و هەموو شێتێكیش بلیمەت نییە.

بەڵام حاڵەتێكی تایبەت هەیە بەشكڵێكی زۆر ، ئەویش ئەوەیە بلیمەت بونەوەرێكی ناكۆمەڵایەتییە و زیاتر مەیلی بۆ تەنیایی و دورە پەرێزی و كەنارگیری هەیە.

(رامبۆ) لەكاتی تەنیایی و ئازاردا دەبوە سۆفی و داهێنانی گەورەی دەخستەوە ، گەر وانەبێ چۆن تەنها لەماوەی چوار ساڵدا هەموو شیعرەكانی دەنوسی.

(دیكارت) پاش ئازار و هیلاكی و سەر لێشواویی فەلسەفەی عەقڵانی بەرهەمهێنا.

(گۆتە) بە ئازار و نەخۆشی و كێشەیەكی زۆرەوە نرخی بلیمەتی وداهێنانەكانی داوە.

(هاشم ساڵح) پێیوایە.. چۆن شێتی و بلیمەت دوو چەمكی پێكەوە گرێدراوە ، بەڵام بلیمەتی جگە لەبەهرە پێویستی بەهەوڵ و كۆششی



گەورە هەیە.

لەم بارەیەوە (بلزاك) بۆ (ڤانیسكای) خۆشەویستی دەنوسێ ودەڵێ" ژیانی من (١٥) سەعات كاركردن و قەهر وعەزاب و پاكنوس و رێكخستنی رستە و دەستەواژەیە...

(بلزاك) شەوان سەعات (١١) پەنجەرەكانی دادەخست و تا بەرەبەیان دەینوسی و بەردەوام قاوەی دەخواردەوە.

ئەگەر چی بۆچونێك هەیە ، كەپێیوایە نوسەر و بلیمەتەكان خەڵكانێكی بێ ئیحساس و بێ سۆزن و هیچ پەیوەندییەكی خێزانداری و كۆمەڵایەتییان نییە ، حەز بەقەرەباڵغی و كۆڕو میوان ناكەن ، بەڵام لەراستیدا ئەمە پەیوەستە بەكاتی كاركردن ونوسین و داهێنانەوە (دیكارت) بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە فەرەنسای جێهێشت.

بۆیە دەتوانین بڵێین (بلیمەتی وشێتی) زۆرجار دەبنە هۆی ناموراتی و جێگەی سەرنجی خەڵكی و بێزاربوون ، هەربۆیە تەنانەت خۆیان لەمنداڵ و ژن وخێزان دوورەپەرێز گرتووە و لەم بارەیەوە هەركام لە (دیكارت ، كانت ، سپینوزا ، نیچە ، سارتەر ، فۆكۆ) ژنیایان نەهێنا.

شێتی (شونبهاوەر) گەیشتە ئەو رادەیەی كە هەستیدەكرد ، هەمیشە كەسێك بەدوایدا كەوتوە تاداهێنانەكانی بكوژێت.

(كامۆ) هەمیشە هەستی بەنیگەرانی دەكرد و زۆرجار لای هاورێكانی باسی خۆكوشتنی خۆی دەكرد و هەرئەوەشە رەنگە وای لێكردبێت (ئەفسانەی سیزیف) بنوسێت.

گرێی دەروونی (بۆدلێر) بەهۆی خۆشەویستی بۆ دایكی و شوكردنی بەژەنراڵێك پاش مردنی باوكی ، وایكرد هەمیشە هەستیدەكرد غەدری



لێكراوە و چەندین جار هەوڵی خۆكوشتنیدا. دواجار دەڵێ (خۆم دەكوژم و توانای ژیانم نەماوە و دەمەوێت بۆ هەمیشە بنووم).

(هاشم ساڵح) دەڵێ "جیاوازی بلیمەت وشێتی ئەوەیە ، قەیرانی بلیمەت لەرێگای داهێنانەوە ئاوادەبێ قەیرانی شێتی بەرەو ورێنەیەكی بەتاڵ و كاری ناشایستەی دەبات ، واتە گەر داهێنانی گەورە نەبوایە ئەوا بلیمەت دەبوو بەكەسێكی شێت.

خاڵێكی تر هەیە ، ئەویش بەهرەمەند نەبوونی بلیمەتەكانە لەناو وداهێنانەكانیان وئاسودەیی، وەكو لەژیانی (ڤان كۆخ ونیچە وڤێرجینا وۆڵف) دەردەكەوێت . (ڤان كۆخ) هەمیشە برسیوهەژار بوو، (نیچە) كەس هەستی بەگەورەیی نەدەكرد ، وەك خۆی دەڵێ" هەندێ كەس لەپاش مردن لەدایك دەبن رۆژی منیش دێت ، بەڵام لەژیاندا نابم . (وۆڵف) پش پاش تامكردنی لەزەت خۆی كوشت.

**★خوێندنەوەیەكە بۆكتێبی لەنێوان (بلیمەتی وشێتی)دا**
**نوسینی هاشم ساڵح وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد ئەوسود**
**دەزگای سەردەم ٢٠٠٢**



# زمان و ئایین



**نوسینی. ماموستا ئومێد برزان برزۆ**
**خوێندكاری ماستەر لە زانكۆی كۆیە**

## سەرەتایەك بۆ چونە ناو باسەكە:-

دیارە زمان وەكو دیاردەیەكی زیندو مرۆڤ لە دێر زمانەوە بەكاریهێناوە لە پرۆسەی ئاخاوتن و پەیوەندیكردندا، لێكۆلینەوە لە زیندوێتی زمان دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، كە هەمو زانستەكان وەك بنەمایەك پشتی پێدەبەستن بۆ دەربرینی چەمكی زانستەكان لە شێوەی وشە و زاراوەدا،بۆنمونە هەر زانستێك بگرین وەك ماتماتیك،دەروونناسی، فیزیا.. هتد لە رێی ئەو وشە و زاراوانەوە تیۆری و راستییەكان دەردەبڕێت .

ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی بكەین، وەكو دەروازەیەك بۆ چونە ناو بابەتی "زمان و ئایین" دەبینین بۆ دەربرینی چەمكی ئایین سودێكی گەورە لە زمان بینراوە، بەڵكو هەر بەهۆی زمانەوە دەگاتە ناو كۆمەڵ و ئاشنایی لایەنە فەلسەفییەكانی دەبین .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بە هەمان شێوەش زمان سودێکی گەورەی لە چەمك و زاراوە فەلسەفییە ئایینییەکان بینیوە بۆ دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی فەرهەنگی زمان، بۆنمونە کە قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی دابەزی، ئایینی ئیسلام سودی لە زمانی عەرەبی بینیوە بۆ دەربڕینی چەمك و بیروڕاکانی، لەهەمان کاتدا زمانی عەرەبی سێ سودی سەرەکی لە ئایین وەرگرتوە، کە ئەمانەن:-

١- دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی عەرەبی .

٢- ئایینی ئیسلام بو بە فاکتەرێکی گەورە و ڕۆڵی بینی لە دروستبونی زمانێکی ستاندەری عەرەبی .

٣- عەرەبەکان بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە توانیان هەمو تیرە و هۆزەکانی عەرەب لە نێو دورگەی عەرەبدا کۆبکەنەوە و ڕێکیانبخەن، پاشان لە ژێر ئالاًی ئایینی ئیسلامدا دەوڵەتێکی نەتەوەیی – ئیسلامی دابمەزرێنن وە بەرە بەرە سنوری دەوڵەتەکەیان لەسەر حسابی گەلانی ناوچەکە فراوانبکەن وە بەشێکی ئەم سەر زەوییە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە .

## زمانی ئایینی و زمانی نەتەوەیی :

هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا زمانی ئایینی و زمانی نەتەوەیی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر یەکتری کردوە، هەروەها کاریگەریشیان لە پێشکەوتن یان دواکەوتنی نەتەوەکانیش کردوە، ئەو کارتێکردنە یا بە شێوەیەکی باش بوە، یا بەشێوەیەکی خراپ بوە، یەکێکیان زیانی بەوی تریان گەیاندوە و ڕێگەی گەشەسەندنی لێگرتوە و دوای خستوە یان بە پێچەوانەوە . هەردو زمانەکەش پەیوەندییەکی



یەکجار زۆریان بە ئازادی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالەوە هەبوە .

ئەمەش بەسەر دو قۆناغدا دابەشدەکەین :-

### قۆناغی یەکەم:

### پێش هاتنە خوارەوەی ئاینە ئاسمانییەکان:

پێش ئەوەی ئایینە ئاسمانییەکان بلاًوبنەوە (واتە پێش ئەوەی پەرتوکە پیرۆزە ئایینییەکان بە یەکێ لە زمانە نەتەوەییەکانی ئەو سەردەمانە بنوسرێنەوە )، زمانی ئایینی کاریگەرییەکی زۆری لە زمانە نەتەوەییەکان نەکردوە و مەترسییەکی ئەوتۆیان لەسەر نەبوە، چونکە لەو سەردەمانەدا نەتەوە جیاجیاکانی سەر ڕوی زەوی هەر یەکەیان ئایینێکی تایبەتییان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، جا باوەڕیان بە هەر شتێ بوبێت، هەر جۆرە بتێکیان داتاشیبێ و پەرستبێ، تەنها بەو زمانانە ناویان لێناون و لێیان پاراونەتەوە کە خۆیان قسەیان پێکردوە، لەبەرئەوە زمانی نەتەوەیی و زمانی ئایینییان هەر یەك زمان بوە، زمان ئایینییەکەیان هیچ جۆرە مەترسییەکی لەسەر زمانە نەتەوەییەکەیان دروستنەکردوە .

### قۆناغی دوەم:

### پاش هاتنە خوارەوەی ئاینە ئاسمانییەکان :

زمانی ئایینی کاریگەرییەکی زۆری لە زمانی نەتەوەکان کردوە، لە کاتێکدا نەتەوەی خاوەن ئایین چەند ولاًتێکیان داگیرکردوە،



ئایینەکەیان بە زۆر بەسەر دانیشتوانی ئەو ولاًتانەدا سەپاندوە، هەمیشە هەوڵیان داوە لە ڕێی زمانی ئایینەوە زمانی نەتەوەییەکەیان بەسەر ئەو نەتەوە داگیرکراوانەدا بسەپێنن .

ئەگەر لە حاڵەتێکدا نەیانتوانیبێ زمانە نەتەوەییەکانیان بە تەواوەتی لەناوبەرن، ئەوا بە هەمو توانایەکیانەوە هەوڵیانداوە زمانی نەتەوە بندەستەکان بە زمانێکی خراپ و دواکەوتو بناسێن وە بە تەواوەتی کز و لاوازی بکەن و لە پەلوپۆی بخەن .

بۆ نمونە: هەندێ لە نەتەوەکان زمانی ئایینی و زمانی نەتەوەییان هەر یەك زمان بوە، ئەم نەتەوانە توشی گرفتێکی ئەوتۆی نەتەوەیی و زمان نەبون، بەڵکو بە پێچەوانەوە زمانە ئایینیەکە ڕاژەی زمانە نەتەوەییەکەی کردوە، وەکو عەرەبەکان هەردو زمانەکەیان یەکبوە، بەلاًم لەگەل هاتنی ئایینی ئیسلام ڕاژەیەکی زۆر گەورەی زمانی عەرەبی کردوە کە لە لەناوچون و لاوازیی پاراستیۆتی و پەرەیپێداوە،لە هەمان کاتیشدا بەتەواوی بە هەمو جیهانی عەرەب و ولاًتی موسڵمانانندا بلاًویکردۆتەوە .

بەلاًم هەندێ نەتەوەی دیکە هەردو زمانەکەیان جیاواز بوە، زمانی نەتەوەییان هەبوە، بەلاًم زمانی ئایینیان لە نەتەوەیەکی ترەوە وەرگرتوە، زمانی ئەم نەتەوەیە خۆی لەبەردەم مەترسیی زمانە ئایینییەکەدا بینیوەتەوە، زمانە ئایینییەکە هەمیشە هەوڵیداوە جێ بە زمانە نەتەوەییەکە لەقبکا و بەسەریدا زاڵببێ و لەناوییبەرێ، چونکە ئەم نەتەوانە ڕوبەڕوی چەڵەمەیەکی زمانەوانیی گەورە بونەتەوە، هەرچەندە هەوڵیانداوە خۆیان لە زمانە ئایینییەکە بپارێزن، وەکو کارتێکردنی زمانی عەرەبی لەسەر زمانەکانی تورکی و فارسی و کوردی



.... هتد.

هەروەها چەندین نەتەوە بە هۆی ئایین و ئایینزای جیاوازەوە لەژێر ئالاًی تاکە ڕژێمێکدا کۆبونەتەوە و پێکەوە ژیاون،وەکو ئایینی مەسیحییەکان کە نەتەوەکانی ئەوروپای لەژێر سایەی خۆیدا کۆکردبوەوە و لەهەمان کاتدا دەیویست زمانی لاتینی بەسەر زۆربەیاندا بسەپێنێت .

هەروەها هەندێ لە گەلانی جیهان بە هۆی ئایین و ئایینزای جیاوازەوە زمانی نەتەوەیی خۆیان پاراستوە و دەوڵەتی ناسیۆنالیستیان بۆ خۆیان دامەزراندوە، واتە پێش ئەوەی دەوڵەتی خۆیان هەبوبێ زمانی ئایینی یەکگرتوی خۆیان هەبوە، وەکو جولەکەکان لە هەمو کونوقوژبنێکی جیهانەوە بەهۆی کتێبی تەوراتەوە لە دەوری ئایینەکەی خۆیان کۆبونەوە لە ناوچەی ڕۆژهەلاًتی ناوەراستدا وە دەوڵەتی ئیسرایلیان دامەزراند، لەگەل ئەوەشدا زمانێکی یەکگرتوی هاوبەشیان بۆ خۆیان زیندوکردەوە .

## بەکارهێنانی زمان لە بۆنە ئایینیەکاندا

بەکارهێنانی زمان لە بۆنە ئایینییەکاندا ئەرکی سەرەکی دروستکردنی پەیوەندییە بە پەروەردگارەوە، هەروەها ئەرکێکی ناسەرەکیشی هەیە، ئەویش توند وتۆڵکردنی ڕۆڵەکانی ئەو کۆمەڵەیە کە یەك ئایین بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە .

ئەو زمانەی کە لە بۆنە ئایینیەکاندا بەکاردەهێنرێ، مانا حەرفییەکەی زۆر گرنگ نیە، بەڵکو ئەو دەربڕینە یەکگرتوانە گرنگە، کە لە نێوان ڕۆڵەکانی یەك کۆمەڵدا باوە، ئێمە لێرەدا تەنها قسە لەسەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زمانی کتێبە ئاینییەکان ناکەین، چونکە سروشتی ئەم ئاینە ئاسمانییانە جێگیرە و ناگۆڕێت و کۆمەڵیش بە هەمو هێز و توانایەوە هەوڵدەدا پارێزگاری لێبکات، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو دەربڕینانە دەکەین، کە تایبەتن بە سروتە ئاینییەکانەوە وە لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر دەگۆڕێن، وەکو زمانی بانگدان و نوێژکردن لە ئاینە جیاجیاکاندا و دوینی رۆژی هەینی و رۆژی یەکشەممە و زمانی بۆنە جۆراوجۆرەکان وەکو گرێبەندی ژنهێنان و شوکردن و جیابونەوە و مردن و ناشتن و پرسە و پیرۆزبایی، وە زمانی بەکارهێنراو لە سوێندخواردندا و زمانی پرسیاکردن بۆ چونە ناو قسەکردن ، ئەمجا زمانی سۆفی و موریدەکان و زمانی جادوگەرەکان.

ئەم جۆرە زمانانە ئاسایی هەندێ سیفەتی تایبەتی جیایاندەکاتەوە، وەکو :-

١- بەکارهێنانی وشەی لێل و کۆن و سودوەرگرتن لە تواناکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی زەنگێکی مۆسیقی باڵبکێشێ بەسەر زمانەکەدا.

٢- بەکارهێنانی هێما و خوازە بە شێوەیەکی فراوان.

٣- هەروەها سیفەتێکی زۆر گرنگ هەیە، ئەویش پاراستنێکی توندی دەقێکی دیاریکراوە کە هەندێجار بۆ سەدان ساڵ بەکاردەهێنرێ، بەبێ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕکردنی بە دەقێکی تر، ئەمەش بە هۆی ناگرنگی مانای حەرفی ئەم بەکارهێنانە زمانیانە ئەگاتە ئەو رادەیەی کە لە چەرخی ئێستادا وەکو زمانێکی نەناسراو لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا بەکاردەهێنرێ، وەکو بەکارهێنانی (زمانی لاتینی) هەتا ئەم نزیکانە لە لایەن هەمو تایەفە مەسیحییە کاسۆلیکەکانەوە بۆ سەدان ساڵ و بەکارهێنانی (زمانی سانسکریتی) لە ڕێوڕەسمە ئاینەکانی هنددا و



بەکارهێنانی (زمانی قیبتی) لە ڕیوڕەسمە ئاینەکان لە میسردا و بەکارهێنانی (زمانی عەرەبی) لە ڕێوڕەسمی ئاینی موسڵمانەکاندا ئەوانەی کە عەرەبی نازانن .

لێرەدا ئەرکی زمان بەستراوە بە پەیوەندی کەسیی لە نێوان بەندە و خواوەندەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئاماژەکردنە بۆ پابەندبونی تاك بە خێزانێکی ئاینی دیاریکراوەوە، بۆنمونە ئەگەر یەکێك بڵێ (السلام علیکم) یا (بسم الله الرحمن الرحیم) یا(لا حول ولا قوة الا باللة العظیم) دیارە ئەو کەسە ئاینەکەی ئیسلامە، بەڵام ئەگەر یەکێك بڵێ (الرب حافظك) یا (بسم الاب و ابن و الروح القدس) دیارە ئەو کەسە ئاینەکەی مەسیحییە، ئەمەش دوور لەوەی ئەم دەربڕینانە هیچ مانایەکی حەرفییان نییە .

بەکارهێنانی زمان لەبۆنە ئاینیەکاندا دەکرێت بە دو جۆر بەکارهێنان :

ا- ئەو بەکارهێنانانەی بون بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.

ب- ئەو بەکارهێنانانەی ئاینی تەواون.

## ا- ئەو بەکارهێنانانەی بوون بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی:

زمان رۆڵێکی گرنگ ئەبینێ لە هەمو بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، خەڵکی چەندین بۆنەی خێزانی و ڕەسمی کۆیان دەکاتەوە، لە هەمو ئەمانەدا ئاین رۆڵێکی کاریگەر ئەبینێ، واتە هەر بۆنەیەك دەربڕینی جیاواز و ئاوازی جیاوازی دەوێت بە پێی کاریگەرییەکەی بە ئاینی ئیسلام، ئەم بەکارهێنانانە بونەتە شێوازێکی



کۆمەڵایەتی، لەوانە :-

١- پێشوازیکردن :- یاخوا بەخێربێی ، خوا موەفەقت کا ..... هتد

٢- خواحافیزی :- خواتان لەگەڵ، خوا بتانپارێزێ، لە پەنای خوایا بن، خوا ئاگادارتان بێ ..... هتد

٣- جەژنە پیرۆزە :-خوا موبارەکی کا، پیرۆز بێ، گەردنمان ئازاکەن، یاخوا هەمو جەژنێ بە خۆشی بێ .... هتد

٤- لە دایکبون :- خوا لێتان نەسێنێ، خوا بۆتان ساڵح کا، سەر بە رزق بێ، یاخوا بە نازی دایکوباوکی گەورە بێ ... هتد

٥- شایی :- خوا لێکتان نەکا، یاخوا پیرۆزتان بێ .... هتد

٦- پرسە :- خوا لە گوناحی خۆشبێ، خوا عافوی کا، خوا لێی خۆشبێ،خوا جەزاتان باتەوە، خوا سەبوریتان باتەوە ... هتد

٧- دوعاکردن :-خوا صاڵحی کا، خوا ئیماندارت کا، خوا رزقتان با، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ، خوا سەرفرازت کا ... هتد

٨- چاکوچۆنی :-سەلامو عەلەیکم، مەرحەبا، عەلەیکە سەلام، چۆنی چاکی، خوا عفوت کا، خوا سەلامەتت کا ... هتد

## ب- ئەو بەکارهێنانانەی ئاینی تەواون :

بەکارهێنانی زمان لە بۆنە ڕەسمی و بۆنە گشتییەکاندا هەندێکیان سروشتێکی ئاینی هەیە، لەوانە :-

١- ژنهێنان و شوکردن و جیابونەوە :- ئەم ئەرکەی زمان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕوت نییە و ئەرکێکی شێوەیی (شکلی) بێ واتا نییە، هەروەها ئەرکی زانیاری گەیاندن و بیریش نییە، بۆنمونە لە کاتێکدا مەراسیمی ژنهێنان و شوکردنی دو کەس دەکرێ،باوکی کچەکە دەڵێ



(کچەکەمت پیرۆز بێ) وە زاوا وەڵامی باوکی کچەکە دەداتەوە و دەڵێ (رازی بوم بە هێنانی کچەکەت)، هەریەکە لەم قسانە یەکسەر واتای ڕودانی کارەکەی تێدایە، چونکە لەگەل گۆکردنی ئەو دەربڕینانە لە بەردەم شایەتەکاندا ژنهێنان و شوکردنەکە ڕویداوە .

هەروەها هەمان ئەرکی زمان لە جیابونەوەدا دەگەیەنرێت، کاتێ پیاوێك بە ژنەکەی دەڵێ (تۆ تەلاق دراوی) یان (بڕۆ نەلاقت کەوتبێ ..) یەکسەر ئەم دەربڕینانە واتای ڕودانی جیابونەوە دەگەیەنێت و ئافرەتەکە لە پیاوەکە حەرام دەبێ .

٢- لە بۆنە گشتییەکاندا :- بۆنمونە مەلای مزگەوتەکان لە رۆژی هەینیدا وتاری ئاینی پێشکەشدەکەن، لێرەدا کەسێك لەگەڵ ژمارەیەك خەڵکدا ئەدوێ، ئەم کەسە قسەکەرە و ئەوانیش گوێگرن و دەورەکانیان ناگۆڕنەوە .

## کاریگەری ئاینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی :

ئاشکرایە ئاینی ئیسلام لە سەرەتای بڵاوبونەوەیەوە، کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتە سەر زمانی کوردی و لە وشە و دەستەواژە کوردییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە :-

١- نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژو خاوەنی دەوڵەتێکی یەکگرتوی سەربەخۆ نەبوە، هەمیشە نیشتمانەکەی داگیرکراوە، لە ژێر باری چەوساندنەوەدا نالاندویەتی، زمان و ئاینەکەی لێ قەدەغەکراوە.

٢- رۆشنبیران و شاعیران و نوسەرانی کورد لە کۆندا رۆشنبیریەکی ئاینیان هەبوە،چونکە لەو سەردەمەدا خوێندنیان لە حوجرەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مزگەوتەکاندا بوە و بە زمانی عەرەبی بابەتە ئایینییەکانی ئیسلامیان خوێندوە و بونەتە مەلا و فەقێ، بەمەش وشە و دەستەواژە ئایینییەکانیان لە وتار خوێندنەوە و ئاخاوتندا هێناوتە ناو زمانی کوردییەوە.

کەواتە وشە و دەستەواژە ئایینییەکان لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە و کاریگەری خۆیان نواندوە وە لە بۆنە ئایینییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنراون.

ئەم وشە و دەستەواژانە لە زمانی کوردیدا یا وەکو وەکو خۆیان ماونەتەوە و خراونەتە ژێر باری یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە، واتە بە پێی ڕێنوسی زمانی کوردی دەنوسرێنەوە، بۆنمونە :-

الزكاه - زەکات

الحج - حەج

العمره - عەمرە

الجنه - جەنەت

الجهنم - جەهەنم

الغيبه - غەیبەت

الجمع والقصر - جەمع و قەسر

الفتنه - فیتنە

**یان هەندێ وشە و دەستەواژە هەن وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی و بۆ هەمان واتا بەکارهێنراون، وەکو :-**

بسم الله الرحمن الرحيم.. بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

صلى الله عليه و سلم .. درودی خوای لەسەر بێ

رضي الله عنه .. خوای لێ ڕازی بێ



**سەرچاوەکان :-**


١- حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢- د. بەکر عومەر عەلی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، موحازەراتی خوێندنی باڵا (کۆرسی ماستەر)، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٥ .

٣- د.نايف خرما، اضواء على الدراسات الغوية المعاصرة،الكويت،١٩٧٨ .

٤- د.هدسون، علم الغة الاجتماعي، ترجمة : د.محمود عبدالغني عياد،بغداد،١٩٨٧ .




# "مێژوو" لێرەوە دەستی پێکرد


نوسینی: **س.ن. کریمر**

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: **ناجية المدانی**

وەرگێڕانی بۆ کوردی: **ئامانج ئازم بیجان** —

**زانکۆی (صلاح الدين) بەشی مێژوو**


**(یەکەم قوتابخانە لەجیهاندا) * (کۆلێژی ئەدەبیات)**

یەکەم قوتابخانە لەجیهاندا لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (بلاد مابين النهرين) دامەزراوە ، پێش (٥) هەزار ساڵ بۆ یەکەمجار بوو لەمێژوودا ، کەوا سۆمەرییەکان نوسینیان زانی ، قوتابخانەی سۆمەرییەکان بوو ، کە دۆزینەوەی نوسین و پێشکەوتنی هێنایە بەر، ئەمە گەورەترین دەستکەوتی شارستانی بوو ، کە مرۆڤ دەستی کەوتبوو بە تێپەڕبوونی سەدەکان (کات) . بەڵگەنامەی سۆمەرییەکان باسی هەموو ئەوانەمان بۆ دەکەن ، کەوا لەژێر زەوی باشوری عێراق دەریان هێناوە ، کە خوێندراوەتەوە و وەرگێڕاوە لەلایەن پسپۆڕەکانەوە ، ئەو بەڵگەنامانە زیاتر لەهەزار (تانە قوڕ) دەبن ، کە هەندێکیان هەڵگری بابەتی کتێبەکانن وەکو ڕاهێنانی قوتابخانە ، ئەمە ئاماژە بەوە دەکات ، کەوا باووباپیرانمان بیریان لەڕێگەی وانە گوتنەوە کردۆتەوە هەر لەهەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە . هەر لەسەرەتای نیوەی هەزارەی سێی پێش



زایین ژمارەی قوتابخانەکان زیادی کردووە لەوڵاتی سۆمەردا ، ئەوکاتە فێربوون بەشێوەیەکی نیزامی بوو (واتە سەر بەکەنیسە بوو) ، لەسەرەتای سەدەی (نوێ)دا ژمارەیەك لەکتێبی ئەو قوتابخانە دۆزرایەوە ، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە و بابەتەکانی هەموو بوارەکانی ژیانی بەڕێوەبردن و ئابووری دەگرێتەوە . هەروەکو زانراوە ژمارەی ئەو کەسانەی کەوا کاریان لەهونەری نووسین کردووە ، زیاتر لەهەزارەها کەس بوونە ، تیایاندا هەبووە نوسەر بووە بەپلەی یەکەم ، وە تیایاندا هەبووە (ئایینی) بووە ، وە لەنێوانیاندا هەبووە کەسی ئابووری و کەسی بەڕێوەبردن و فەرمانبەری بەرزبووە لەدەوڵەتدا . ژمارەیەك لەو تابلۆیانەی (لوحانەی) کە دۆزراوەتەوە ، هەڵگری ڕاهێنانەکە لەلایەن قوتابییەکان خۆیان نووسراوە ، وەکو بەشێك لەئەرکی ڕۆژانەیان بووە ، (کەئەوەستێ) لەنێوان نوسینی (تازە دەست پێکراوەکان) وە نوسینی ئەو کەسانی کەوا گومانیان لێ دەکرێت لەسەرە دەرچوونیان. بەختەتی باش لەوە دابووە کەمامۆستایانی سۆمەری حەزیان لەنووسینی بووە کەلەسەر ژیانی قوتابخانەیە، وە بەشێکی زۆر دۆزراوەتەوە کەنوسیویانە. ئەمانە هەمووی زانیاریمان پێدەدات لەسەر قوتابخانەی سۆمەری ، چ گرنگی دانیان بە قوتابی و سیمای وانە گوتنەوە ، چ میتۆدەکان و ڕێگای فێربوون تێیدا . ئامانجی قوتابخانەی سۆمەری لەسەرەتادا کەمتر بوو لەسەر فێربوونی زمانی سۆمەری و ڕاهێنانی فەرمانبەرەکان بۆ بەڕێوەبردن و ئابوری کە ئیشیان دەکرد لە دیوانەکانی دەوڵەت ولە پەرستگاکاندا ، بەلام ئەو قوتابخانانە پێشکەوتن ، هەروەها ئامانجەکانیشیان پێشکەوتن وە ناوەندەکان بوونە مەڵبەندی زانست و ڕۆشنبیری ، زانایان و لێکۆڵەوەران تێیدا دەرچوون

و وانەیان دەگوتەوە لەهەموو بەشەكانی (معرفە) ، وەك (لاهوت ، زانستی زمان ، ڕووەك ، ئاژەڵ ، جوگرافیای نزا ، دەرهێنان ، بیركاری وئەوانی تر) ، دواتر هەستان بەكاری خۆیان لەپێشكەوتنی ئەو زانستانەدا . لەهەمان كاتدا قوتابخانەی سۆمەری ناوەندێك بوو بۆ (كتێبە وێژەییە داهێنراوەكان) ، كە تێیایدا هەموو ئیش و شوێنەوارە وێژەییەكان لەدایك بوون و داهێنران .

هەموو دەرچووان دەچوونە خزمەتكردنی كۆشك و پەرستگا ، بەڵام تێیان هەبوو كە دەچوون بۆ فێربوون پشتیان دەبەست بەموچەی ئیشوكارەكانیان لەسەر پلەوپایەكانیان ، ئەوا نە كاتەكانیان بە لێكۆڵینەوە و نوسین بەسەر دەبردوە نە ئیشو كارەكانیان هەروەكو ئیشوكارەكانی مامۆستای زانكۆی ئێستا بوو، بەمەش قوتابخانەی سۆمەری لەژێر دەسەڵاتی پەرستگاكاندا دەرچوو وە بوو بەشارستانی و موچەدەدرا بەمامۆستایان لەبری فێربوونی قوتابییان ، لەبەر ئەم هۆیەش فێربوون لەسەر كوڕی دەوڵەمەندەكان قایل دەبوو ، كە توانای ئەو گرێیانەیان هەیە ، بەڵگەنامە سۆمەرییەكان باسی ئەوە ناكەن ، كەوا ئافرەتان لەو قوتابخانانە بووبێتن. بەرێوەبەری قوتابخانەی سۆمەرییەكان بە باوكی قوتابخانە و مامۆستایان بە برا گەورە و قوتابی بەكوڕی قوتابخانە بانگدەكران وە ئەركی مامۆستایانیش نوسینی تابلۆ (لوحە) نوێییەكان بوو ، بۆ ئەوەی قوتابییان لەسەری بنوسنەوە وە ئەو نوسینانەی ، كە قوتابیان لەسەر تابلۆكانیان نوسیویانە ڕاستی بكەنەوە ، وە گوێی لەو قوتابیانەی دەگرت ، كەوا ئەركەكانی دوێنیان جێبەجێكردووە . جگە لەوەش قوتابخانەكە لەسەروو ئەوەوە ئەندامی تریان هەبوو، وەكو لێپرسراو لەسەر وێنە ، لێپرسراو لەسەر



(السومريات) ، وە چاودێری ئامادەبووان هەبوو، وە لێپرسراو لەسەر ئەوەی تێدایە كە دەسوڕێتەوە دەربارەی میتۆدی فێربوون ، زانیارییەكان لەشێوەی خۆی تەنهایە لەمێژووی مرۆڤی كۆندا ، وە هەر بەڵگەنامەكان خۆیان بریتین لەدامەزراندنی قوتابییەكان و دەست پێكردنیان لەیەكەم هەوڵدان لەسەر نوسینەوەی لوحەكە ، هەتا دەگەیشتە نوسینی ئەو قوتابیانە كەلەیەك دەچوو لەگەڵ نوسینی مامۆستایاندا .

ئەوەی لەو بەڵگەنامانە زانراوە میتۆدی قوتابخانە دوو شێوازی گرتۆتەوە لەخوێندن:

١-خوێندنی زانستی.

٢-خوێندنی وێژەیی.

خوێندنی زانستی لەسەر بنەڕەتی ئامانج پێشكەوت وە قوتابخانەی سۆمەری بۆ بەدیهێنانی تێكۆشا ، فێربوونی زمان فێربوونێكی ڕاست و دروست بوو، مامۆستایان زمانیان پۆلێن دەكرد بۆ كۆمەڵێك و هەر كۆمەڵێك پێكدەهات لەبابەت و بڕگەكان ، كە پەیوەندی هەندێك بە هەندێكیانەوە هەبووە، قوتابی دەینوسیو لەبەری دەكرد ، تا وای لێهات هەموو كۆمەڵێك لەسەر لوحەی تایبەت بەخۆی هەبوو ، ئەو لوحانە كتێبی نمونەیی بوون و لەهەموو وڵاتێكدا بەكاردەهات . لەسەر ئەو لوحانە لیستی ناوی دارەكان و ڕووەكەكان ، جۆری ئاژەڵەكان ، ناوی وڵات ، شارەكان ، لادێكان ، ناوی بەردەكان و كانزاكان هاتووە.. ئەتوانین بڵێین ئەو لوحانە لەجێی كتێبە بووە بۆ زانیاری ڕووەك و ئاژەڵ و جوگرافیا و كانزا ، پیاوانی فێرخوازی سۆمەری ئەو لوحانەیان ئامادەكرد، كە لە سەری هاوكێشەی بیركارییان لەگەڵ شیكاركردنی



نوسیوە ، نمونەكان بۆ كتێبی بیركاری ئاسان بوون ، بەڵام خوێندنی ڕێزمانی زمانی سۆمەری پێشكەوتوو لە لوحەكاندا هاتووە ، كە لەسەری لیست بووە ، وەكو (لیستی بەناو) و (لیستی بەكردار) ، ئەمە ئاماژە بۆ تێگەیشتنی ڕاستی زمانەوانی دەكات ، لەگەڵ ئەمەشدا دواتر (ئەكەدییەكان) لەسەر جڵەوی كارەكانیان لەماوەی چارەكە سەدەی كۆتایی لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین زاڵبوون ، سۆمەرییەكان پیشەی پیشەسازی فەرهەنگی (سۆمەر- ئەكەد)یان كرد بەپێشكەوتووترین فەرهەنگ لەمێژووی زماندا ، بەڵام خوێندنی وێژەییان پێدەدان و نۆبەرە بەرهەمەكانیان لەبەردەكرد ، كە هەمووشیان شعر بوون ، وەكو (كوشتاری زۆر) كە تازەكەرەوەی ئیشی خوایەكان و پاڵەوانەكانە ، ئەو چیرۆكانەی كە باس لە شیوەن كردنی شاری سۆمەرییەكان دەكەن كەوا دوژمنان تێكیاندەدەن ، وەكو چیرۆكی (پەند) و (نمونە) ، وە چیرۆكی ئاینی و چیرۆكی ئاژەڵان هەبوو و وتارەكە لەبۆنە جیاجیاكاندا دەنووسرێت . لەگەڵ ئەمەشدا بەڵگەنامەكان ئاماژە بەسیستمی فێربوون دەكەن لەقوتابخانەی سۆمەریدا ، ژماردنی لوحەكان لەلایەن برای گەورەیان مامۆستا دەبێت ، ناوەڕۆكی بابەتی نوێی خوێندن دەدرا بە قوتابییەكان ، بۆ ئەوەی هەر یەكێكیان لەوحەیەكی لەسەری بكەن ، مامۆستاكە ئەو لەوحانەی ڕاستدەكردەوە ، قوتابییەكان ڕۆژانە هەر لەبەیانی زووەوە خەریكی خوێندنی لوحە دەبوون ، هەتا دەركەوتنی خۆرئاوا بوون ، بۆ ئەوەی ئامادە بن مامۆستاكەیان لوحەی نوێیان بداتێ . بێگومان مامۆستاكان هەڵدەستان بەڕوونكردنەوەی سەرزاری بۆ ئەو بابەتانەی كە لەو تابلۆیانەدا هاتووە ، بەڵام شتێك لەو ڕوونكردنەوەیە بە ئێمە



نەگەیشتووە كە نوسراو بێت، لەو ئاماژە پێدانانە ئەوە دەخاتە ڕوو سیستمی خوێندنی سۆمەری نەرمونیان نەبووە، مامۆستای سۆمەرییەكان هاتنی قوتابیانیان دەدا ، كەوا ئەوانەی هەوڵ دەدەنو پیایانیاندا هەڵدەدا وە پشتی سەرەكییان لەسەر دار بوو. وە بەڵگەكان ئاماژە بەوە دەكەن ، كە قوتابییان ڕۆژگاری تەواویان لەقوتابخانە بەسەر دەبرد ، بەردەوام دەبوو لەقوتابخانە هەر لەكاتی منداڵی هەتا دەرچوونیان لەقۆناغی گەنجایەتی ، وە هەر بەڵگەنامەكان ئاماژە دەكەن كەوا قوتابی سۆمەری جیاوازی نەبووە لەگەڵ هاوڕێی قوتابی ئێستا، سروشتی مرۆڤ گۆڕانی زۆری بەسەردا نایەت لەماوەی هەزاران ساڵدا . لوحەی سۆمەرییەكان ئەوەیان دۆزیوەتەوە ، كە نوسەرەكەی قسە لەسەر ژیانی قوتابی قوتابخانەی ڕۆژانەی دەكات ، وە پەیوەندی نێوان قوتابیو باوكو مامۆستاكەی، خوێنەر لەو ماوەیە شتێك ئەبینی لەو پێكهاتەی بەڵگەنامەكان كەیەكەمو تەنهایە لەمێژووی قوتابخانەكان لەجیهاندا .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# کورتەیەک لەمێژووی سەرهەڵدانی کتێبخانە میللییەکان لەئەوروپادا

"کانزایی دانایی لەئامێزی کتێبدایە"

ریتشارد بیری



نووسینی: کەریم ئەحمەد تایشەیی/ کەلار

خواستی مرۆیی بۆ کۆکردنەوە و دامەزراندنی کتێبخانەی تایبەتی مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام ئاخۆ مێژووی دامەزراوێکی حکومی تایبەت بەم بوارەو بیرۆکەی موڵکایەتی گشتیو جەماوەری کتێبخانەیەك لەئەوروپادا کەی سەریهەڵداوە؟



پێویستە ئەوە بوترێ ، کە پادشا و میر و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان لەئەوروپادا هەر لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە کەوتبوونە کۆکردنەوەی کتێب و دەستنووسە بەنرخە کۆنینەکان ، هەر لایەنەو هەوڵی زیاتر فراوانکردنی ژمارەی نوسراوەکانی دەدا، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم باسەماندا چۆنێتی ومێژوی پێکهاتنی کتێبخانەی نیشتمانییە لەئەوروپادا ، بەخستە ڕووی نموونەی چەند وڵاتێکی ئەو سەردەمەی ئەوروپا لەئیتاڵیا و لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی شارە دەوڵەتەکان و بەدەستپێکی (شارلزی یەکەم ١٢٢٠-١٢٨٥ز) فەرمانڕەوای ناپۆلی و فەرمانڕەواکانی پاش ناوبراویش کتێبخانەی گرنگیان لەو شارەدا پێکدەهێنا، بەجۆرێك هەر فەرمانڕەوایەك لەسەردەمی خۆیدا گەشە و فراوانی دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد و بەهێرشی فەرەنسییەکان ژمارەیەکی زۆریان لەو کتێبانە وەکو دەست کەوت لەگەڵ خۆیاندا برد و پێشکەش بەکتبێخانەی پادشایەتی فەرەنسایان کرد لەساڵی (١٤٨٥ ز) دا، مێژووی دامەزراندنی ئەم کتێبخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی( ١٣٧٦ ز) و لەسەر دەستی (شارلی پێنجەم) بەئەنجام گەیەندرا ، کە لە باوکییەوە کۆمەڵێك کتێبی بۆ جێمابوو، هەستا بەکۆکردنەوەیان و لەگەڵ کۆمەڵێك کتێبی تردا بردیە کۆشکی (للۆڤەر) و کتێبخانەیەکی لێ پێکهێنا ، (گیلز مالیت) وەکو سەرپەرشتیاری کتێبخانەکە بەدەست بەکاربوو، ژمارەی کتێبەکان زیادیان کرد و نزیکەی هەزار بەرگ و سێ ژووری لەو کۆشکەدا بۆ تەرخان کرا، هەرچەندە زۆرینەی ئەو کتێبانە ئایینی بوون ، بەڵام لەبوارەکانی (مێژوو، یاسا ، ئەدەبی فەرەنسی، زانستی) کتێبگەلێکی بەنرخی تێدابوو، بەڵام بەهۆی شەڕیان لەگەڵ ئینگلیزەکان لەسەدەی (١٥ ز) دا و سەرکەوتنی نەیارەکانیان لەو



جەنگەدا ، بوو بەهۆی دەست گرتنیان بەسەر کتێبخانەی للۆڤەرو ژمارەیەکی بەرچاویان لەو کتێبانە بەتاڵانبرد ، بەڵام بەهاتنە سەر تەختی(لویسی یازدەهەم) لەساڵی (١٤٦١ز) دا ، کتێبخانەی "للوڤەر" نوێ کرایەوە و بەهێنانی کتێبو نوسراوی جۆراوجۆر لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی ناوچە فەرەنسییەکانەوە بوژایەوە ، تاوەکو ساڵی(١٥٠٠ز) بەو جۆرە مایەوە ، پاشان بە هاتنە سەر تەختی (لویسی دوانزدەهەم) کتێبخانەی للوڤەری گواستەوە بۆ شاری (بلوا) و ئەو کتێبانەشی بۆ زیادکردن کە لەجەنگدا لەگەڵ ئیتاڵییەکان بەدەستی هێنابوو، ئەم کتێبخانەیە لەگەشەکردندا بوو تا ساڵی (١٥٩٥ ز) لێرە بەدواوە گواسترایەوە بۆ پاریسی پایتەخت.

لەئنگلتەراشدا هەر لەسەردەمی (ئەلفردی گەورە) وە واتە لە سەدەی (٩ ز) دا کتێبخانەکان گرنگیان پێدراوە ، بەتایبەت ناوبراوجگە لەوەی بە کۆکردنەوی کتێبەوە خەریك دەبوو، کتێبە لاتینییەکانیشی وەردەگێڕایە سەر زمانەکانی ئەنگلۆساکسۆنی ، پادشاکانی پاش ئەلفدری گەورەش هەمان رێتمیان گرتە بەرو بەهەموو شێوازێك کتێبیان بۆ کتێبخانەکان دەهێنا و خوازیاری دەوڵەمەندکردنی بوون هەر لەڕێگەی کڕینو دەستکەوتو بەخشینەوە کتێبیان دەست دەکەوت ، ئەم کتێبخانانەی ئینگلتەرا زیاتر مۆرکێکی پادشایەتییان پێوە دیاربوو تاوەکو سەدەی هەژدەهەم کتێبخانەی نیشتمانی ئینگلتەرا بەناوی (کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانیا) دامەزرێنرا.

دامەزراندنی کتێبخانەیەکی نیشتمانی لەنەمسادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٥ ز) ، کە بە بڕیارێکی ئیمپراتۆر (فردریکی پێنجەم) هەرچی کتێب و نوسراوی تایبەت و بەڵگەنامەی دامەزراوە حکومییەکان هەبوو



کۆکرانەوە و لەناوەندێکی تایبەتدا رێکخران و پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتینی ژمارەیەکی بەرچاو لەکتێبەکانی قوستەنتینیەی بۆ هێنرا لەبوارە هەمە چەشنەکاندا.

لەئەڵمانیاشدا لەلایەن ویلایەتە جیاوازەکانەوە کتێبخانەی جیاواز پێکدەهێنران و گرنگییان پێدەدرا لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام لە(١٥٠٠ ز) بەدواوە هەنگاوی گەورەترو پێشکەوتنی مەزن بەدی دەکرێ بەتایبەت پاش سەرهەڵدانی ریفۆرمی ئاینی(مارتن لۆسەر) و بانگەشەی چاکسازی ئایینی.

لەئیسپانیاشدا لەکۆتایی سەدەی پانزدەهەمەوە و پاش یەکگرتنی هەردوو مەملەکەتی (ئاراگۆن- کامستێك) کتێبخانەی نیشتمانی ئیسپانیا دامەزرێنرا.

یەکێکی تر لەکتێبخانە گرنگەکان کتێبخانەی پادشایەتی بوو لەمەجەر، کە لە لایەن پادشای ئەو وڵاتەوە (مایتاسی کورفینیوس ١٤٤٠-١٤٩٠) پێکهێنرا ، مایتاسی بەپیاوانی راگەیاندبوو، کە لە تەواوی ئەوروپادا بەپارە بێت یان بەخواستن بێت ، کتێبی بۆ کۆبکەنەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەکەی لەکۆشکی "بودا" ، لەم کۆشکەدا زیاتر لە٢٠ کەس بەنووسینەوە (نەسخ کردنەوە) خەریك بوون ، جگە لەکەسانی بەرگ تێگرو لێکۆڵەر. ئەم هەوڵانەش بەرهەمی زنجیرە کتێبی بە زمانەکانی لاتینی و یۆنانی لێکەوتەوە ، کاتێك مایتاس لەساڵی(١٤٧٦ ز) دا "بیاتریسی ئاراگۆنی" بوو بەهاوسەری ، کەخولیایەکی تایبەتی کۆکردنەوەی کتێبی هەبوو، ئیدی بەهەوڵی هەردوولایان کتێبخانەیەکی گەورەیان لەبەشێکی کۆشکەکەدا پێکهێنا ، کەبەسەر دوو بەشدا دابەشیان کردبوو، بەشێکیان تایبەت بوو بەکتێب



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و نوسراوە لاتینییەکان و بەشەکەی تریان بۆ یۆنانیو نوسراوە ڕۆژهەڵاتییەکان تەرخان کرابوو، بەجۆرێك مێژوونوسان بە ژمارەی جۆراوجۆر ئەو کتێبخانەیە تەخمین دەکەن ، کە هەندێکیان بە پەنجا هەزار و هەندێکی تریان بەژمارەیەکی کەمتری دەزانن ، بەڵام دیسان جەنگی تورکەکان لەساڵی(١٥٢٦ز) دا ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکان فەوتان و ئەوەشی کە مایەوە ڕاپێچی کتێبخانەکانی ئەوروپایان کرد.

لەکۆتاییدا بەکورتییەکەی دەتوانین بڵێین سەدەی (١٥ ز) بە قۆناغی پێشکەوتنو گرنگی پێدانی کتێبخانە و کۆکردنەوەی نوسراوەکان دادەنرێت لەمێژوی ئەوروپادا ، ئەمەش بۆ هەوڵی تاکەکانی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە نەك بۆ هەوڵی دامودەزگا حکومییەکان ، دوو فاکتەری سەرەکیش هەبوون بۆ ئەم پێشکەوتنە:

یەکەمیان: لە سەردەمی بوژانەوەدا گرنگییەکی زۆریان بە فەلسەفەو ئەدەبی کلاسیکییەت دەدا ، بۆیە لێرەدا هۆکارو دەرئەنجام تێکەڵ بەیەکبوون و ئەستەمە لێکیان جیا بکرێتەوە.

دووەمیان: دۆزینەوەی چاپەمەنیو پیتی جولاو بوو لەناوەڕاستی ئەو سەردەمەدا.

**ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێوەرگرتوون:**


(١) د. محمد محمد صالح ، تأريخ أوروبة العصر النهضة وحتى الثورة الفرنسية (١٥٠٠-١٧٨٩ز) ، طبعة الأولى ، بغداد، ١٩٨١.

(٢) د.شعبان عبدالعزيز خليفة ، الكتب والمكتبات في العصور الحديثة ، مجلد الثاني، طبعة الاولى، الدار المصرية اللبنانية ، ٢٠٠٢.

(٣) د.عبدالقادر أحمد اليوسف ، دراسات التاريخية في العصور الوسطى الاوروبة ، طبعة الاولى ، بيروت ، ١٩٦٧.




# رامانێك لەمەڕ
# کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر ژنی کورد



ئارام صدیق

کاتێك مرۆڤ لەمێژووی کوردستان ورد دەبێتەوە ، زۆر بەچاکی بۆی دەردەکەوێت ، کە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو دووچاری قاتوقڕی و چەوساندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی بۆتەوە و بەزەریایەك خوێن ئەم ڕێگایەی بڕیوە ، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و تێکدان و ڕوخاندنی گوند و دێهاتەکان و لەدواقۆناغەکانیشدا کیمیابارانکردنی کوردستان ، زنجیرە یەك لەدوایەکەکانی تاوانی ڕژێمی عێراق بووە ، کە دەرهەق بەکورد ئەنجامدراوە.



لەم هەموو حاڵەتانەدا مرۆڤی کورد زیان لێکەوتووترین بووە و لەنێو ئەم زیانانەدا ژنی کورد بەدرێژایی مێژووی ئێمە قوربانیدەرترین چینی کۆمەڵگە بووە و هەر لەسەرەتای شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردەوە بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر قوربانیداوە ، هەمیشە لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانیشەوە ژن چەوسێنراوەتەوە ، یان وەك



کارتێك لەجەنگەکاندا کاری پێکراوە ، یەکێك لەو جەنگانەی زۆرترین ژنی کوردی تێدابووە بەقوربانی کارەساتی ئەنفال بوو ، لەم کارەساتەدا ژنی کورد زۆرێکیان بەمەرگ حوکم دران ، یان بەوڵاتانی عەرەبی فرۆشران ، یان بە بێکەسی ئێستا لەچاوەڕوانی نادیاردا ژیان دەگوزەرێنن ، لەم پرۆسەیەدا ئەوانەی لەوێ گەڕاونەتەوە دەگێڕنەوە ،



کە بەبەرچاوی باوك و برا و دایکەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر شەرەفی کچان و ژنان ، خۆ ئەگەر بەرهەڵستی توند و ڕەتدانەوەی یەکجاری هەبووبێت ، ئەوە دەستبەجێ کوشتنی ئەو کچ و ژنانە حەڵاڵ بووە.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسە لەسەر کتێبێك بکەین ، بەناوی (ئەنفال و ئافرەتی کورد) کەلەنوسینی (عەدالەت عومەر ساڵح)ە ، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و ژنی کورد و ئاسەوارەکانی ئەو کارەساتە و بوونی لەئەمڕۆدا ، کتێبەکە لەحەوت بەش پێکهاتووە و نوسەر هەوڵیداوە لەسەرەتادا لەچەمکی ئەنفال ورد دەبێتەوە لەقورئانی پیرۆزدا و نوسەر لەبارەی ئەم وشەیەوە لەقورئاندا دەنوسێت: ئەنفال لەڕووی زمانەوانییەوە کۆی (نفل)ە واتای (غنیمة) دەستکەوت دێت ، کە لەکاتی شەڕ و تاڵانکردندا بەدەست شەڕکەران کەوتووە ، لەڕووی زاراوەیشەوە ماناکەی زیادە دەستکەوت دەگەیەنێت ، ئەویش ئەو ماڵ و سامانەیە ، کە بەشەڕ لەموشریك و کافران دەسەنرێت ، لەم بارەیەشەوە بۆچوونی زانایانی ئیسلام سەبارەت بەواتا و چەمکی ئەنفال ئەوەیە کە "الأنفال هو الغنيمة أي كل نيل نالة المسلمون من أموال أهل الحرب" ، واتە بریتییە لەو ماڵەی کە لەخەڵکی شەڕکەر دەست موسوڵمانان دەکەوێت ، کەواتە ئەنفال لەڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەو دەسکەوت و سامان و سەر و ماڵەیە ، کە موسوڵمانان بەزەبر و هێز لە موشریك و بت پەرستان و بێ باوەڕان سەندوویانە.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و کاریگەری ئەم پرۆسەیە ، ئەنجامدانی پرۆسەی دووەمی جینۆسایدە کە (ئەنفال)ە ، ئاشکرایە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عێراق لەجەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا بەئەندازەیەکی زۆر چەکی کیمیایی و بایلۆجی بەکارهێناوە و لەئەنجامیشدا دەیان هەزار کەس بوونەتە قوربانی و سووتەمەنی ئەو شەڕە ، لەساڵی (١٩٨٧)دا و لەگەرمەی شەڕی عێراق- ئێراندا کوردستان دووچاری دژوارترین باروودۆخی سیاسی هات ، دوای ئەوەی سوپای ئێرانی لەبەرەکانی جەنگی باشووردا بەتایبەتی لە(رۆژهەڵاتی بەسرە) و (کەربەلا)دا دووچاری گەورەترین شکستی سەربازی هات و بەدەیان هەزار سەربازی لەناو چوو ، هەڵسا بەکردنەوەی بەرەیەکی جەنگ لەکوردستاندا ، ئەوەش وای کرد کە عێراق بیر لەوە بکاتەوە ، کە هەرچی هێز و توانای سەربازی هەیەتی بێنێتە کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ئێرانی چاوەڕوانکراو، بێگومان ئەو هەل و مەرج و بارودۆخە سەربازییەی کە لەکوردستان گیرساوە و ئەگەری بەرپابوونی شەڕێکی ئاوا دژوار تیایدا وای لەرژێمی عێراق کرد بکەوێتە گیانی هاوڵاتیانی مەدەنی کورد و دەستپێکردنی زنجیرەیەك هێرشی سەربازی بۆ سەریان ، کە بێگومان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کوشندەترین و دڕندانەترین کردار بوو، دۆڵەکانی جافایەتی و شارباژێڕ یەکەم شوێنە لەکوردستاندا ، کە رژێم بەگوللەتۆپ لە (١٥ی نیسانی ١٩٨٧) کیمیابارانی کرد.

لەدوا مانگەکانی شەڕی نێوان عێراق- ئێران لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا شاری هەڵەبجەی کوردنشین کەوتە بەر دڕندانەترین شاڵاوی بەقڕکردنی کۆمەڵی ئەم سەردەمە ، لەچاو نوقانێکدا و لەبەرچاوی هەموو دونیا رژێمی عیراق بەجۆرەها چەکی کیمیایی لەنمونەی (خەردەل، سیانید، سارین، تابوون، VX) ئەم شارە ئارامەی بۆردوومان کرد و بەتەواوی وێرانی کرد، ئەم کارەساتە بێوێنەیە کوژرانی نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج



هەزار هاوڵاتی مەدەنی بێدیفاع و نزیکەی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار بریندار و ئاوارەبوونی دەیان هەزاری تری لێکەوتەوە و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی کە لەدوای خۆی جێیهێشت. بێگومان دیارترین کاریگەرییەکانی ئەم جەنگ و کیمیاباران کردنە ژنان قوربانی زۆریان داوە.

بەشی سێیەم تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر ستراتیژی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال ، ئاشکرایە کارکردن بۆ گەشەدان بەستراتیژێکی پتەو و تۆکمە بۆ بەدیهێنانی هەر ئامانجێك کارێکی ئاسان نییە ، ئەم کارە بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە ویستەوە هەیە ، بەقەد ئەوەش پەیوەندی بەهەلومەرجی بابەتییەوە هەیە (داڕشتنی هەر ستراتیژێکیش پێویست بەوە دەکا بۆچوونێکی تایبەت سەبارەت بەپشت بەستن بەشیکردنەوەی دینامییکییە ئیقلیمییەکان گەڵالەبکرێت ، ئەمەش پێویست بەتوخمە گۆڕاو و نەگۆڕەکانی بۆچوونەکە دەکا ، بێگومان هەر ئەم توخمانەش کۆڵەکەی ستراتیژی درێژخایەن پێك دێنن).

رژێمی عێراق ستراتیژی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفالی تەنها لەروانگەیەکەوە دانەڕشتبوو، بەڵکو بونیادی ستراتیژی ئەنفالی لەسەر تێکەڵەیەك لەفیکری فاشی و نازی و سەهیۆنی و بگرە دڕندانەتر داڕشتبوو ، ستراتیژی پرۆسەی ئەنفال لەناوبردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد و بڕانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد بوو، هاوکات پرۆسەیەکی دڕندانەی رەقی رژێم بوو بۆ شێواندنی سروشتی کوردستان لەڕووی جوگرافی و دیموگرافیشەوە ، (بەپێی ستراتیژییەکانی ئەنفال بەعەرەبکردنی شوێن و ناوچەکانی کوردستانیش بوو).

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕوانینە هەموو ئەو تاوانانەی کە رژێم



دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامی داون لەئەنفال و کیمیاباران و راگواستن و کوشتنی بەکۆمەڵ و ئیعدام کردن و بێسەر و شوێنکردنی هاوڵاتیان ، دەسەڵاتدارانی رژێمی عێراق راستەوخۆ و بەشێوەیەکی رەسمی دانیان پیاناوە ، تەنانەت (ئەو بەڵگەنامانەی تیایدا رژێم بەرەسمی و لەرێگای رۆژنامەکانی خۆیەوە دانی بەهێرشەکانی ئەنفال ناوە).

بەڵام ئەوەی مایەی پێکەنینە ، ئەوەیە ئەمڕۆ سەرانی بەعس لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا بۆ دادگایی هەریەکەیان بێتاوانی و بێئاگایی دەردەخات و تاوانەکان دەخاتە ملی ئەوی تر ، لەکاتێکدا کە خۆی لەو بەڵگانەی دەستکەوتووە ناوی هەموویانی تێدایە.

بەشی دواتر قسەکردنە لەسەر قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال ، بێگومان ئەوە دەزانین کە حکومەتی بەعس بۆ پیادەکردنی ئەم شاڵاوەش ستراتیژێکی سەیر و دەگمەنی پیادە کرد، ئەویش دەستپێکردنی یەکەم شاڵاوی ئەنفال بوو لە(٢٣)ی شوباتی (١٩٨٨)دا ، لەدوای ئەم قۆناغەوە شاڵاوەکان بەردەوام بوون و تا (٢٥)ی ئابی (١٩٨٨) ، لێرە ئەگەر سەرنج بدەین لەماوەی ئەم پێنج مانگەدا حەوت شاڵاوی ئەنفالکردن بەدوای یەکدا ئەنجامدراون ، ئەمەش بەڕای من دوو هۆی هەیە. هۆی یەکەم بۆ خێرا ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال ، هۆی دووەمیش کپکردنی ئەو چالاکی و جوڵەیەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دەستیان پێکردبوو. قۆناغی دووەمی ئەنفال لەبەرواری تەواو بوونی پرۆسەی ئەنفالی یەکەمەوە دەستی پێکرد کە (٢٥ی ئابی ١٩٨٨) و دەڤەری بادینانی گرتەوە گوللەبارانکردنی گیراوەکان لەئەنفالی بادینان بەشێوەیەکی بەرچاو و ئاشکرا ئەنجامدراوە ، ئەوەتا کارەساتترین شێوە لەگوندی (کورێمی) رووی داوە ، دوای ئەوەی خەڵکەکە خۆی داوەتە دەست



سوپاوە (٣٣) سی و سێ پیاو و کوڕی هەرزەکار کە تەمەنیان لەنێوان (١٣-٤٣) ساڵیدابووە لەلایەن ئەفسەرێکی سوپاوە کەوا پێدەچێت دوای قسەکردن بەئامێرە لاسلکی هۆکی تۆکی فەرمانی پێدراوە گوللەبارانیان بکات، بەمجۆرە ئەفسەرەکە لەو جێگایەدا (٢٧) کەسیان لێ گوللەباران دەکات و شەشەکەی تریش دەرباز دەبن ، لەگوندی مێرگەتوشدا بەهەمان شێوە دوای ئەوەی خەڵکەکە دەستگیر دەکرێن ژن و پیاو لەیەکتری جودا دەکرێنەوە دواتر ئەو پیاوانەی تەمەنیان لەژوور پازدە ساڵیدا بووە دەستبەجێ گوللەباران کران.

بەمجۆرە شاڵاوەکانی ئەنفال بەئەنفالی بادینان لە٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات ، ئەم ئۆپەراسیۆنە قاتوقڕییە کوردستانی وێرانکرد و ژێرخانی ئابووریشی لەبنەچەوە هەڵتەکاند، ئەنفال تاوانێك بوو کە دنیا بێدەنگی لێکرد، بەڵام بۆ مێژوو و رووداوێکی وابوو مەحاڵە لەیادبکرێت.

بەشەکانی دواتری ئەم کتێبەتەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر ئەنفالکردنی ژنانی کورد و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی. نوسەر سەرەتا پشت بەپێناسەکردنی رەوشی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد دەبەستێ و دواتر باس لەپرۆسەی ئەنفالکردنی ژنانی کورد دەکات ، دیارە ئافرەتیش وەکو توێژێکی سەرەکی کۆمەڵ و رەگەزێکی کاریگەر تیایدا بەشی هەرە زۆری ئەو زەرەر و زیانانەی بەرکەوت و بووە قۆچی قوربانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بەدناوە، ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی ئەنفال لەسەر ئافرەت تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامە و بەڵکو رۆژ دوای رۆژ لەزیادبووندایە بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان تاوەکو ئێستا بێسەر و شوێنن و رووبەڕووی کۆمەڵێك گیروگرفتی خێزانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوونەتەوە و چارەنوسیان نادیارە.

ڕێکخراوی (MEW) (چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لەساڵی (١٩٩٢) لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئافرەتێکی گوندی شێخ حەمیدی قەزای دوز خورماتوو گەیشتۆتە ئەو ڕایەی (کە پاش گرتنی خەڵکەکە ژن و پیاو لەیەکتر جیا کراونەتەوە ، ئینجا پیاوەکان بۆ شوێنی نادیار گواستراونەتەوە ، دواتریش بەهەمان شێوە ژن و منداڵەکانیان).

سوکایەتی کردن بەڕەوشت و کەرامەتی ئافرەتان و ئازاردانیان دوور لەهەموو دابونەریتێکی مرۆڤایەتی یەکێك بووە لەئامانجە هەرە سەرەکییەکانی ڕژێمی عێراق لەئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا ، (وەکاتێك پیاو و ئافرەتەکان لەیەکتری جیاکراونەتەوە ، جەللادەکان دەستدرێژییان کردووەتە سەر ناموسی ئافرەتەکان و تەعدایان لێکردوون).

ئافرەتێکی هەڵهاتووی عەرعەر دەڵێت: (ڕۆژێ وا هەبووە دوانزە پیاو هاتوونەتە لام و دەستدرێژیان کردووەتە سەر ناموسم) ڕێکخراوی (MEW) لەو بڕوایەدایە ، کە(دەنگ و باسێکی زۆر ترسناك هەیە کەوا لەبارەی کۆمەڵێکی گەورە کچی عازەبەوە دەدوێ گوایە بەجیا لەبەندییەکانی تر دایانناون و بەردەوام ئەمنەکان دەستدرێژیان کردوونەتە سەر، هەروەها باسی ئەمەش هەیە کە یەکێك لەئافرەتەکان لەئەنجامی ئەم کارەدا خۆی بەچەقۆیەك کوشتووە).

زۆر بەڵگە هەن کەوا ئەفسەرەکانی سوپای عێراقی هەستاون بەفرۆشتنی ئافرەتی کورد ، تەنانەت بۆ وڵاتانی دەرەوەش بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو، (کەنعان مەکیە) دەڵێت: (بەرلەوەی بڕۆمە باکوری عێراق گوێبیستی گەلێك چیرۆکی سەیرو سەمەرە و نامۆ دەبووم وەك ئەوەی ئافرەتە کوردەکان چۆن لەبازاڕە پەرتو بڵاوەکانی کەنداو



فرۆشران).

پرۆسەی بەدی ئەنفال وێڕای ڤات و ڤڕکردنی گەلی کورد و وێران کردنی کوردستان و تێکدانی ژێرخانی ئابووری ، گەلێك دەردەسەری و نەخۆشی کۆمەڵایەتی لەدوای خۆی بەجێهێشت ، کە تاکو ئێستاش پاشماوەی کەس و کاری ئەنفالەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن ، ڕاستە ئەم پرۆسەیە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەبێ جیاوازی گرتەوە ، بەڵام هەروەك لەمەو پێش ئاماژەمان پێکرد ، ئافرەتی کورد بەشی هەرە زۆری لەو دەردەسەریانە بەرکەوت ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕەوانەی ئۆردووگا زۆرەملێکان کران ، ئەویش بۆ مردنی لەسەرخۆ و تێکدانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و شکاندنی کەسایەتییان بەهەموو جۆرێك.

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین نەخۆشییە دەروونییەکانی ئافرەتانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بەرێژەی نەخۆشییە جەستەییە و لەشییەکان یەکسانن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لەزیادبووندایە ، ئەگەرچی تاکو ئێستا بەپێی زانیاری نوسەر لە توێژینەوەیەکی دروست و ئامارێکی سەرتاسەری لەمەڕ ئەو نەخۆشییانە ئەنجام نەدراوە.

بەلام ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە ڕوخساری کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و لەباروودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتییان بکۆڵینەوە ، ئەوا بەئاشکرا ئاسەواری ئەو نەخۆشییانە بەدیار دەکەوێت. لەلێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییدا توێژەرێك لەکۆی (١٥٠) خێزان کە زۆربەیان ئافرەتن ئەنجامی داوە (٤٧)خێزان دووچاری نەخۆشی دەروونی وەك دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و ترس و لەهۆش خۆچوون و هتد هاتوون.



سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەیان گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بۆ پاشماوەی خێزانە ئەنفالکراوەکان دروستکردووە. وەکو نەخوێندەواری و دارمانی باری ئابووری و خێزان... هتد ، کە ئەمانەش کاریگەری زۆر خراپی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی هەیە. بێگومان (توێژی ئافرەت) لەپێشینەی هەمووان دێت ، چونکە دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە هەموو ئەرکەکانی کۆمەڵگا هەر لەپەروەردەکردنی منداڵ و ئیش و کاری ناوماڵ و کارکردنی لەدەرەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە کەوتە سەر شانی ئافرەت بەوەی کە ڕێژەی پیاوەکان زیاتر بەر شاڵاوەکە کەوتوون بەرامبەر ڕێژەی ئافرەتان ، بێگومان ئەوەش ئامانج و مەبەستی سەرەکی ڕژێم بووە بۆ ئەوەی خێزانی کورد پەرتەوازە بکات و ئافرەتەکانیش دیاردەی نامۆیی و دوور لەدابونەریتی کۆمەڵایەتی بکات.



# ترسی منداڵان (خەیاڵی یان واقعی)

نوسینی: jeffrey Derevensky , ph.D
وەرگێڕانی بۆ فارسی: ئازادە گۆدەرزی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: کەنعان نوری- کەلار



هەموومان، منداڵو گەورە.. چەندین ترس، دڵەڕاوکەو نیگەرانی سروشتیمان هەیە. هەندێجار کەمێك ترس بۆ پاراستنی تەندروستیو بەرگریکردن لەپێکدادانی لەکارە مەترسیدارەکاندا کەبۆی هەیە ببنە هۆی زیان گەلێکی جەستەییو دەروونی، زۆر سودمەندە. گەلێك گەوا هەیە لەسەر بنەمای ئەوەی کەترس لەکێشەکان لەگەورەکانو منداڵاندا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



دەبێتە هۆی ئەوەی کەئەوان لەبەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی کەبۆیان براوەتەوە ووردگەرییەکی زۆر بەکاربەن.

بۆ ئەوەی کەمنداڵان بتوانن ڕووبەڕووی ترسەکانیان ببنەوە، پێویستییان بەیارمەتی هەیە، ئەم مەسەلەیە ڕاستە، بەتایبەتی



کەلەخولە درێژخایەنەکانو لەئەنجامی دەستێوەردان لەچالاکییە سروشتییەکانیاندا ڕوودەدات. ترسی زۆر بەرگری لەبەشداریکردنی منداڵان دەکات لەو چالاکیو کارانەی کەلەئەنجامدانیان چێژ وەردەگرن.

ترسی منداڵان ئەوڕۆکە بەتەواوی لەڕووی ناوەڕۆکەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ترسی منداڵانی دەهەکانی پێشووتردا. یەکێك لەترسەکان ئەو ترسەیە کەلەئەنجامی شەپۆلی توندوتیژی فوتابخانەکان دروست دەبێت. گرنگ نییە ترسی منداڵان تا چ ڕادەیەك بۆ دایكو باوکان ناماقوڵو بێ بنەمایە، بەڵکو دایكو باوکان دەبێ بزانن ئەم ترس گەلە بۆ منداڵان زۆر جددییە.

ترسی سەردەمی منداڵی نابێت بەگوزەراو کاتی سەیر بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەزۆرێك لەترسە سەرەتاییەکانی منداڵ بەتێپەڕبوونی کات لەناو دەچێ. دەبێ ترسە قووڵەکانو پەشێویەکانی سەردەمی منداڵی لەکاتی خۆیدا ڕەچاو بکرێت، تا بتوانین بەرگری لەدەرکەوتنی کێشەکانی پاش ئەوە بکەین.

ترسی منداڵان بەلای کەمەوە لەسێ بنەما سەرچاوە دەگرێ:

١-ئەو ترسگەلەی کەلەسەرەتای لەدایك بوونیانەوە بەشێوەی ژنتێکی (هۆکاری وراسی) بۆ منداڵان دەگوازرێنەوە.

٢-ئەو ترسگەلەی کەبەشێوەی سروشتی لەحاڵەتی پەرەپێداندان (واتە ئەو ترسانەی کەلەتەمەنێکی تایبەت بەدەردەکەونو بەشێوەیەکی پلە بەپلەو خۆی لەخۆیدا لەگەڵ گەورەبوونی منداڵدا لەناو دەچن.)

٣-ترسە بەدەستهاتووەکان (اکتسابی)

ترس لەمرۆڤی نامۆ دەنگی بەرز بۆ ساوایانو منداڵان زۆر ئاساییە. ئەم ترسگەلە لەزۆربەی منداڵاندا دێتە ئاراوە، وە بەدرێژایی کات



دروست دەبێ. وە بەتەواوی لەخاڵی بەرانبەری ترسی منداڵانی فوتابخانەکان لەمنداڵو ژنو پیرو..هتد دایە. هاوکات لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ ترسە ناواقعییەکان جێگەی خۆیان بەو ترسگەلە دەدەن کەپەیوەندی بەئاسایشو ئارامی تاکە کەسییانەوە هەیە. کاریگەری فیلمە ترسناکەکانیش بەجۆرێك دەبێتە هۆی ترسی نوێ





لەگەڵ دیاردەی شەوە لەشەودا. ترسو نیگەرانیەکانیان پەیوەندی بەدەوروبەر، توندوتیژی، ئایدز، نەخۆشیەکانی لێك نزیکبوونەوە، ماددەی سڕکەر، کحول یان سەرکەوتن لەفوتابخانەو کاروباری ئیشیانەوە هەیە. هەر قۆناغێك لەگەشەکردنی منداڵانو تازە لاوان کۆمەڵێك گۆڕانکاری یان هەندێك جار زیادبوونی لیستی ترسەکانی لەگەڵدایە. توێژینەوەکان نیشان دەدەن کەترسی منداڵان لەچوار مەیلی (خواستی) سەرەکیدایە:

١) منداڵان لەهەر قۆناغێکی تەمەندا، چەند گۆڕانکارییەکی ئاشکرایان لەجۆری ترسەکانی خۆیاندا وەسفکردووە.

٢) دەربڕینی ترسە واقعیەکان زیاد دەبێت.

٣) کچان لەچاو کوڕاندا بۆ دەربڕینی ترسەکان زیاتر خۆیان نیشان دەدەن.

٤) هۆکارە ژینگەییەکان کاریگەرییەکی شایستەتری لەسەر ترسی منداڵان هەیە.

دامەزراوەی میللی دەروونزانانی فوتابخانە لەواشنتۆن ئامۆژگاری دایكو باوکان دەکەن:

*بەرانبەر بەنیشانەکانی ترسو پەشێوی لەمنداڵەکانتان هەستیاری نیشان بدەن، ئەم نیشانانە بۆی هەیە، کەم توانایی لەوردگەری (تەرکیز)، نیگەرانی، پەشۆکاوی، کێشەی خەون (نووستن)، نەمانی مەیلی خواردن، ژانە سەر، ژانی گەدە یان ماندوویی ناسروشتی بێت.

*لەبواری ترسی منداڵەکانتان، باسو گفتوگۆ بکەن، فسەکردن لەسەر هەبوونی لاوازی ڕووداوێکی خراپ دەتوانێت لەهێورکردنەوەی نیگەرانی منداڵان یارمەتییەکی زۆر بدات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٭ئەگەر ترسی منداڵان لەئەنجامی کێشەکانی خانەوادە، تاکەکەسی یان پەیوەندی بەقوتابخانەوەیە هەوڵ بدەن تاکو پرۆگرامێکی جێگیر رێکبخەن. لەهاوین گەشتی بەردەوام ساز بکەن وە لەساڵی خوێندندا بەرنامەی ئامادەبوون لەقوتابخانەو ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندنو..هتد دارێژن.



٭ترسی منداڵان، بچوکو کەم بەها نیشان مەدەن. بەڵام زۆرجار بەشێوەیەکی سروشتی ترسی منداڵان لەبەرچاو ناگرینو گوێی پێ نادەین وەیان بەکەم بەهاو ناواقیعیو گاڵتەجارێ دەیانژمێرین. دووبارەکردنەوەی ئەم بابەتە کە(شتێکی ترسناك بوونی نییە) لەکەمکردنەوەی پەشێوی منداڵدا کاریگەرییەکی ئەوتۆ نییە. پێویستە کەمنداڵانو تازە لاوان بزانن کەئێوە نیگەرانیەکانی ئەوان بەجددی وەردەگرن. وە ئەوان بتوانن ئێوە بەپشتیوانی خۆیان بزانن.
٭ئەگەر ترسی منداڵان بەردەوام بوو وە چالاکیەکانی رۆژانەیانی



خستە ژێر کاریگەرییەوە دەبێ بۆ راوێژکردن سەردانی دەروونناس بکەن.

**چەند پێشنیارێك:**

زۆر وتەبێژی مەکەن، گاڵتە پێکردن، ئاوڕ لێ نەدانەوە، هۆ لۆژهێنانەوە بەتایبەتی لەکاتژمێر (٢)ی نیوەشەودا هەرگیز کارساز نییە وتنی رستەگەلێك وەکو "هەیو لایەك (جۆرە ئاژەڵێکی ترسناك بوونی نییە"، "خواردن بەهاپوو بدە قەپ لەتۆ ناگرێ"، "لەم نزیکانە شێر نییە" نابێتە هۆی باشبوونی هەستی منداڵ.

**ترسی منداڵ بەپەسەند بزانن**

قبوڵکردنی واقیعی منداڵان خاڵی دەستپێکردنی باشە بۆ گفتوگۆکردن
٭لەبیرتان بێت کەهەندێ لەترسەکان دەتوانن سودمەند بن وە دەبنە هۆیەك بۆ ئەوەی منداڵان و تازە لاوان کاری مەترسیدار ئەنجام نەدەن. بۆ نمونە ئێمە حەز دەکەین کەتازە لاوەکانمان لەخواردنەوەی (مشروبات) و جگەرە بەدوور بن. بەگەورەبوونی منداڵان، درکی ئەوان لەهۆو سەلمێنراوەکان زیاد دەبێت. ئەو منداڵانەی کەدووچاری نەخۆشی درێژخایەنن، ترسگەلێکی جۆراوجۆر لەخۆیان بەدەر دەخەن.
٭ترسی منداڵان گشتگیری وەردەگرێ. ئەوەی کەلەسەرەتادا وەکو شەوەی شەوانە باس دەکرێ بەخێرایی بۆ ترس لەبەتەنیا نوستن دەگۆڕێت. دەبێ ریشەی سەرەکی ترس پێش ئەوەی کەبەتەواوەتی بەسەر منداڵدا زاڵ بێت بدۆزرێتەوە،
-منداڵان فێر بکەین کەچۆن بەرەڤتاری پۆزەتیڤانە بەسەر ترسدا زاڵ



بن.
٭ هاوکات لەگەڵ ئەوەی کەمنداڵان شێوەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ترسەکانیاندا فێر دەبن. زاڵبونێکی زیاتر لەسەر ترسەکانیانو چارەنووسیان دەبێت.
نوستنی کاتێك کەگڵۆپ داگیرساوە، کراوەبوونی دەرگا، یان هەبوونی لایت لەتەنشیت قەرەوێڵەکەی لەپاش کوژاندنەوەی گڵۆپەکان، لەکەمکردنەوەی پەشێوی منداڵاندا رۆڵێکی پۆزەتیڤی هەیە.
-منداڵەکان مەجبور مەکەن کەبەرانبەر بەترسەکانیان بەشێوەی (هەموو یان هیچ) رووبەڕوو ببنەوە
هەڵبژاردنی گەورەترینو شەرەنگێزترین سەگ بۆ منداڵێك کەلەسەگ دەترسێ ئەنجامێکی پێچەوانەی دەبێت. پێشکەوتنی پلە بەپلەو لەچوارچێوەیەکی هێمندا زۆرجار لەزاڵبوون بەسەر ترسی منداڵاندا کاریگەرییەکی زۆری هەیە.
-منداڵان زۆربەی ترسەکانیان لەدایكو باوکانەوە فێر دەبن.
هەوڵ بدەن هیچ کام لەترسەکانتان دەرنەبڕن، بۆی هەیە ئێمە لەهەورە تریشقە بترسین بەڵام ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کەبەرگری لەفێزاندن بکەین
-لەخوێندنەوەی کتێبە ترسناکەکان بۆ منداڵان دووری بکەن وە رێگەیان پێ مەدەن پێش رۆشتنیان بۆ قەرەوێڵەکانیان فیلمی ترسناك ببینن، بۆی هەیە تووشی دیاردەی شەوەی شەوانە ببن.
-لەبیرتان بێت کەهەموو ترسەکان بەتێپەڕبوونی کات لەناو دەچن وە یان بەلای کەمەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، جۆرەکانی ترسی منداڵانو تازە لاوان واقعییە وە ئەوان ئەم ترسانەیان لەدایكو باوکیان یان



مامۆستاکانیانەوە فێر بوونە. زۆربەی بابەتەکانی ترسی منداڵان بەهاو دڵی، دڵی گەرمی دانەوەو پشتیوانی کردن لەلایەن دایكو باوکانەوە یەکسان یان (کەم) دەکرێتەوە. کاتێ کەتوندی یەکگرتنەوەی ترسی منداڵان گەیشتە شێوەیەکی لەرادە بەدەر وە چالاکی ئاسایی رۆژانەیانی دووچاری شێواندن کردن ئەو کاتە ژیرانەترین کار بۆی هەیە یارمەتی خواستن لەپسپۆرێك بێت.

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: کەنعان نوری

سەرچاوە: گۆڤاری (اطلاعات علمی) ژمارە ٩ ساڵی ١٣٨٤ بەرانبەر بە٢٠٠٥



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ
# (د.فەرهاد پیربال)



ئامادەکردنی/ ڕەحمان عەلی ڕەمەزان

**چونکە عیشق هێزێکت دەداتێ و بڕوابوونت دەداتێ و زیرەکت دەکات ئازات دەکات و بەتایبەتی لەگەنج بۆیە دەبێت روو بدات**



**پ/ یەکەم بەرهەمت لە کەیدا بڵاوبۆتەوە و چۆن دەستت پێکرد؟**

و/ یەکەم بەرهەمم لەساڵی (١٩٧٩-١٩٨٠) دا بڵاوبووەوە ، وەك شتی تایبەتی هەر نوسەرێك بەشتی سەرەتایی دەستم پێکرد.

**پ/ ئایا دکتۆر پیرێکی یاخی هەیە بەتایبەتی بۆ گەنج ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

و/ بۆ ئەو حاڵەتە ژێر دەستیەی کە تیایدایین لەوەتەی هەین کە گەنج تیایدایە بۆخۆم دەمێك گەنج بوم لە ژیانمدا ، ئەو روحیەتە گەنجیە دەستیە لەکانگای خۆمدا دەژی هەر ئەوەشە من لەگەنج نزیك دەکاتەوە . حاڵەتێك لەژیانی گەنجی کورددا هەیە ، ئازادی نییە ، مافی نییە ، ئەوانە لەیەك کۆمان دەکاتەوە ، هۆی بنەڕەتی ئەوەیە دەبێ گەنج ئازاد بژی ، دەبێ ئاسایی بژی ، دەبێ سروشتی بژی ، گەنج لەحاڵەتێکی ناهەمواردا دەژی مافی نییە بژی ، ئەگینا جگە لەوە هۆی دی هەیە ، بەڵام هۆی بنەڕەتی ئەوانەیە تەنها لە دەوری مافەکانی تاکە کەس وگەنج و سروشتی ژیانیدا دەسوڕێتەوە و گەنج بەسروشتی نازی ، بۆیە هەندێجار توشی چەوتی دەبێ و توشی ناڵەباری دەبێ.

**پ/ بۆچی تەمەنی سەرو چل ساڵت پێ ڕەفزە ، مەبەست لەتەمەنە یان جۆری بیرکردنەوە؟**

و/ مەسەلەی سەروی (٤٠) ساڵ تەنها ڕەمزییە بۆ ئەوەی بڵێین جیلێك هەیە کۆنە ، عەقڵیەتی پیری هەیە ، گەنجەکان بەڕێوە دەبا جیلێك هەیە کۆنەو عەقڵیەتی کۆنی هەیە ، حاکمە بەسەر جەنگەوە ، بەبێ ئەوەی لەگەنج تێبگات ، بەبێ ئەوەی بزانێ گەنج چی دەوێ ، ئەوانەی کەخاوەنی عەقڵیەتی ئاغاکانن ئەمانە گەنج بەڕێوە دەبەن ، ئایا تۆ دەزانی (ئەحمەد حەسەن بەکر) کێیە ، (ملك فیصل) کێیە ،



نەخێر نازانی ، حەقی خۆشتە نەزانیو لێیان تێنەگەی ، چونکە ئەمانە عەقڵیەتی کۆنە زمانی حەیزەرانو تفەنگو دارو تێهەڵدانە ، ئەمانە فێربوون دانیشن و فەرمان بکەن و جنێو و تفوزلە بوەشێنن و بەتەوەزلی بژین ، ئەمانە فێری گەنج دەکەن.

ئێستاش تەوەزلیەك بەگەنجەوە دیارە خەتای خۆی نییە ، بەڵکوخەتای ئەو پیرو کەرانەیە ، کە گەنجیان ڕاهێناوە ، قسە نەکەن و رایان هێناوە بێدەنگ بن ، ئەگەر گەنج قسە بکاتەوە بەرژەوەندیان تێکدەدات ، ئەگەر داوا بکا ، شارەکەی خۆش بوێ ، دەبێ میدر ناحیەی فلان لابچێ، ئەگەر گەنج بیەوێ داوای قیرتاوکردنی ڕێگایەك یان کتێبخانەیەك بکات یان خۆپیشاندان ساز بکات ، گەر داوای ئەوە بکات (٢٥٠) دینار سێ مانگ جارێك بۆ ئەنفالو بنەماڵەکەیان هەر هیچ نییە ئەم هەڕەشەیە لەدەسەڵاتی پیرەکانی سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکرو ئاغاکان. خەڵکێك دروست بووە دەیەوێ ژیانی خۆشبێ ، خۆشگوزەران بێ ، دەبێ ئەوانە لابچن عەقڵی کۆنن ، پێویستە گۆڕانکاری لەژیانی گەنج بکرێت ، چونکە گەنج دەیەوێ فێری شتی تازەبێ ، فێری زمانەکانی تر بێ ، فێری عەرەبی بێ کە قەدەغەی بکەی فێر بێ ، ئەوسا دەیەوێ فێری زمانی ئینگلزی بی ، دەبێ ئێمە لەپشتی گەنج بین ، کەواتە لەپشتی ریفۆرمین من ئەو قسانە دەکەم هەمیشە گوتومە قۆندەرەی کاک مسعودو مام جەلال هەموو ئەو عەرەبانە دێنێ ، قۆندەرەی ئەو پیاوە گەورانەی ئێمە هەموو ئەو دراوسێو عەرەبو جەعفەریو قەزافی ئەوانیتر دێنێ ، ئێمە ئەو قسانە دەکەین ، دەمانەوێ دەنگی خۆمان بگەیەنین ، ئێمە خۆمان سەرۆکی خۆمان خۆش دەوێ ، گەنج کە ڕەخنە دەگرێ ، مانای وانییە سەرۆکی خۆی



خۆش ناوێ ، مانای ئەوە نییە حکومەتی خۆی خۆش ناوێ ، بەڵام دەبێ ئەوانیش لەخەمی ئێمەدا بن ، کە گەنج یاخی دەبێو دەیەوێ ریفۆرم بکا، ئەوانیش دەتوانن وەکو کۆیلە دانیشنو بێدەنگ قسە نەکەن ، ئەوەیە مەسەلەکە بۆیە دەڵێم (٤٠) ساڵ.

**پ/ ئایا بڕوانامە نیشانەی ڕۆشنبیرییە؟**

و/ دەشێ کەسێ شەهادەی هەبێو ڕۆشنبیر نەبێو شەریف نەبێو خیانەت بەمیللەت بکات ، بەشێك لەوانەی مامۆستای جامعە بوونو جاسوس بوون ، بەشێك لەوانە میللەت فرۆش بوون دەبێ نیشانەی پرسیار لەسەر ڕۆشنبیرانو خاوەن بڕوانامەکان هەبێ وگەنجان ئەوەیان کردوە بڕوانامە نیشانەی دڵسۆزییەو نەنیشانەی ڕۆشنبیرییەو نە پێوەرە بۆ دڵسۆزی بڕوانامە وەکو ئەو. وایە کە کۆ دەبیە مزمەد ، دەشێ کەسێك بڕوانامەی نەبێ ، دڵسۆز بێ ، ڕۆشنبیر بێ ، بابی من قەسابە ، بابی ئەو حەمام چییە ، ڕۆشنبیر هەیە دیفاع لەناحەق دەکات، بۆیە پێوەری کارکردن دابنێین ، لەوانەیە حەمامچییەك زۆر دڵسۆز تر بێ ، لەوانەیە دەوڵەمەندێك زۆر دڵسۆزتر بێ ، من شانازی بە ئەوەوە دەکەم ، کە (حاجی محمودی بامۆکی) لەهەڵەبجە کتێبخانەیەکی بۆ شارۆچکەی هەڵەبجە کردوەتەوە ، ئەوە زۆر کارێکی گەورەی کردوە بە ناوی کتێبخانەی گشتی (حاجی محمدی بامۆکی) کەخۆی خەڵکی ئەو شارەیە ، ئەوە لەمن زۆرتری کردوە ، دەبێ احترامی بیگیرێ ، دەبێ پێی بزانرێ ، یا ڕەبی خوایە پازدە ئەوەندەی بدەیتێ ، من هیچم پێ ناکرێ بۆ خەڵك بۆ هیچم پێ نییە ، کەواتە من ڕۆشنبیر نیم کەرۆشنبیر هیچ تواناى نەبێ دەبێ چی پێبێ. دەبێ ئەو قسانەی پرسیاری لەسەر بکرێ باسی لەسەر بکرێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پ/ ئەو پیروکەنەفتانەی ناو دەسەڵاتی کوردی چییان پێدەڵێی ، کە ئامادە نین کورسییەکانیان چۆڵ بکەن بۆ گەنج وە هیچ بوار بەگەنج نادەن و دەروازەیان لەرووی گەنج داخستووە؟**

و/ کەسیان ئامادەنین کورسییەکانیان چۆڵکەن کارەکە بەوە نابێ ، مەسەلەکە کورسی چۆڵ کردن نییە ، مەسەلەکە دەبێ هاو ئاهەنگی دروست ببێت ، مەبەست ئامادە نین لەکێشەکان بکۆڵنەوە و دابەزنە ناو شەقام و لەگەنجان تێبگەن لەسایەی ئەو کورسییانەوە هەمووان دەتوانن قسە بکەن ، کەواتە دەبێ گەنج حۆی هەڵسێ بەو شتانە ، دیموکراتی هەیە ، ئازادیەك هەیە ، بۆیە من دەتوانم قسە بکەم ، ئەگەر وا نەبوایە نەمدەتوانی لەسەردەمی (سەدام)دا قسە بکەم ، ئێستا کەس نییە دوای ئەم قسانەم بێت شوێنم کەوێ و بمگرێ ، من بەکەیفی خۆم قسە دەکەم ، ئەگەر لە سەردەمی (سەدام) بوایە دەگیرام و ئیعدام دەکرام.

دەبێ ئەو ئازادییە بەکاربهێنرێ لەلایەن خەڵکەوە لەلایەن گەنجەوە ، حکومەت ئەو ئازادییەی پێداوی بکا خەڵك سودی لێ ببینێ و بەکاری بهێنێ ، دەبێ گەنج شیشی خۆی بزانێ و هەمەئاهەنگیەك هەبێ سود لەو ئازادیە وەربگرێ و کاری بۆ بکرێ ، دەبی هەر توێژێکی کۆمەڵ ئیشی خۆی بزانێ و ئامانجمان ریفۆرم بێ ، ئامانجمان پێشکەوتن بێ ، گۆڕان بێ ، نەك کورسی وەرگەڕاندن بەسەر فلان کەس و فلاندا ، من دژی کەس نیم ناڵێم دژی حکومەتی خۆمان بین ، دژی خەڵکی (عظیم)ی خۆمان بین ، بەڵام دەبێ دەست بخەینە ناو چاویان و پێیان بڵێین ئەوەتان هەڵەیە و ئەوەتان راستە ، دەبێ وابکەن ، هەتا مدیر ناحیە و سەرۆك و گەورەکانمان پێیان بڵێن دەبێ وا بکەن ، ئێمە بۆیە بەبرا گەورەیان دەزانین و هەقمانە بەسەریانەوەیە و ئیشمان بۆ



بکەن..

**پ/ بەکورتی ئەم وشانە لای دکتۆر چی دەگەیەنێ؟**

(پەیمان) جوانە التزامی پێوە بکەین ، پەیمان بەرفراوانە پەیمانی دڵداری پەیمانی رێکەوتن هەیە..

(شیعر) شیعرودارو بەردو جوانیو ویژدانواخلاق هەموو شتێکی تێدایە لەکۆتاییدا لەرێگەی دیدێکی شاعیرانەوهونەرمەندانە دادەرێژرێ.

(خۆشەویستی) دەبێ رووبدات لەژیانی هەموو ئینسانێك بەمەعنای عیشق ، چونکە عیشق هێزێکت دەداتێ و بڕوابونت دەداتێ و زیرەکت دەکات ئازات دەکات و بەتایبەتی لەگەنج بۆیە دەبێت روو بدات ، کەواتە دەبێ گەنج لەپێشەوەی هەموو کۆمەڵ بێت ، بۆیە دەبێ گەنج ئاوڕیان لێ بدرێتەوەو لەسەر حەقن دەبێ لەسەر حەقبن، خۆشەویستی بەمەعنا گشتییەکەی خۆشەویستی دایكو باوكو کەسانێتر ئەوە جیایە.

(دایك) دایك سەرچاوەی ژیانە ، لای هەر کەسێك شتێکە و بەشێوەیەکی ترە .

من دایکم کورد بونی منە ، دایکم نەبوایە نەدەبوم ، کوردایەتیم لەدایکمەوە بۆم هاتووە ، لەبیرمە منال بوم دەفتەرێکم هەبوو ، دایکم قسەی دەکرد من دەمنوسی و تۆمارم دەکرد ، دەی وت (کورم بەفری ئاداری ببارێ تا گوێی داری نامێنێ تا ئێواری) ، ئەم قسە خۆشوعەنتیکانەم دەنوسی ،هەرزەکار بوم پێم خۆشبوو ، پێم جوان بوو، هەم حیکایەتەوهەم شیعرە مۆسیقای تێدایە ، ئەمانە لای من سەرەتای بناغەدانانی شیعر بوون ، بوە هۆی بایەخدانم بۆ شیعر ، حەز کردنم لەشیعرو کورد بونم لەدایکەوە پێم بەخشراوە ، جگە لەشیعری



پاکی ئەخلاقی جوانی شتێتر.

(گەنج) تاقە هێزە باوەڕم پێی بێ ، کە گۆڕانی گەورە بکات لە ئەم وڵاتە کە هەزارانو سەدان هەزار کەس خۆی کردووەتە قوربانی تەنها گەنج تاقە ئومێدێکە، نابێ باوەڕمان بەو پیرانە بێ ، تەنها گەنج دەتوانێ گۆڕان بکات ، بۆیە دەبێ گەنج بکەینە مەرجەع ، ئەم ماوەیە باسی مەرجەع زۆر دەکرێ ، گەر مەرجەعمان ئەو پیرانە بێ ئەوا دەمان گەڕێینەوە بۆ بەغداد، گەنج ریفراندۆمی کرد وتی جیادەبینەوە، لەسەدا نەوەدتو حەوتی خەڵك جیا بونەوەی ویست ، بەڵام ئەو پیرانە بوون گەڕاندینیەوە بۆ بەغداد، گەنج دەیەوێ بگەڕێنینەوە بۆ ناو کوردستان بۆ ناو کەلار بۆ هەولێر، سلێمانی بۆیە دەبێ گەنج مەرجەعمان بێ.

لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە



# پابەند نەبوون بەمەوعید بەهەدەربردنی کاتی بەرامبەرە!!

**لای هەموان روون و ئاشکرایە مەوعید واتە کات هۆکاری رێکخستن و سیستەمی کاری رۆژانەی کۆمەڵگایەو لەهەموو کاتەکانی ژیانی مرۆڤدا (کات) گرنگی خۆی هەیە، بۆ زیاتر ئاشنابوون و تێگەیشتنی ئەم باسەمان لەم ریپۆرتاژەماندا چەند کەسێکی روناکبیرو رۆژنامەنوسمان دواند، کەبەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە:**

**ئامادەکردنی/ ئیبراهیم سدیق**





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**(حسین خلیفه محمد)** پێیوایه (مەوعید) لای کەسانی سیاسەتمەدار یان کەسانی دیبلۆماتورۆشنبیر زۆر گرنگە و زۆریش بایەخی پێئەدرێت ، لەهەمان کاتیشدا کەسانێك هەن ، بەهیچ شێوەیەك پابەند نابن بە(موعد)ەوە. بۆیە دەڵێت"مەوعید واتە دیاریکردنی کات ، هەروەها پابەندبوونی هەردوولا بەو کاتەوە کەدیاری دەکرێت". بەرێزی سەبارەت بەپابەندی بوونی خۆی بەمەوعیدەوە دەڵێت: " هەموو کات پێش ئەو کاتەی کەمەوعیدەکە دائەنرێت، بیر لەوە دەکەمەوە بە١٠ دەقیقەو ١٥ دەقیقە جاری وابووە بەنیو سەعات پێش دیاریکردنی ئەو کاتە ئامادە بم ، لەبەر ئەوە دیاریکردنی کات بۆ هەر کەسێك کەدیاری ئەکەیت ، ئەویش لەوکاتەدا دێت و چاوەڕوانی ئەو کەسە دەکات، پێشوازی لێبکات کەچی لەو کاتەدا کەدێت (نیو سەعات- سەعاتێك) دوای کاتی دیاریکراو دێت ، ئەوە بۆ خۆی ئەبێتە شکاندنی پەیمانێك واتە جێبەجێنەکردنی ئەو کاتەی کەدیاری کراوە، هەندێك جار هۆکارێك دێتە پێشەوە وەك ئەوەی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دیاریکردنی کاتەکە ناتوانێت لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبێت".



حسین خلیفه محمد
کەسایەتی سیاسیو روناکبیری



**(سمیره علی)** پێیوایە (مەوعید واتە پابەند بوون بەکاتێکی دیاریکراو، بۆ نمونە لەلایەن کەسێکەوە پێت ئەوترێ لەکاتێکی دیاریکراودا ئامادەبە، تۆش کاتێك ئەتەوێت ، کە بچیت بۆ ئەو شوێنە لەو کاتەی کە بۆتی دیاری کردووە، تۆش ئەڵێیت مەوعیدم هەیە ، بەڵام سەیر ئەکەیت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لەزۆر شوێنا ئەڵێیت مەوعیدم هەیە ، خۆ مەرج نییە ئەو مەوعیدە لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستتدا بێت ، یەکسەر ئەو کەسەی بەرامبەرت شتێکی لا دروست ئەبێت و ئەڵێت "مەوعیدت هەیە؟!" یەکسەر بەوشەی مەوعیدەکە وا ئەزانێت ئەگەر کچ بێت مەوعیدت لەگەڵ کوڕێکدا هەیە، ئەگەر کوڕیش بێت وا ئەزانێت لەگەڵ کچێکدا مەوعیدت هەیە ، ئیتر لەبەر ئەوە سەیر ئەکەیت لەلای ئێمە جۆرێکی لەگومان دورستدەکات ، کە تۆ ئەڵێیت مەوعیدم هەیە، ئیتر خۆ مەرج نییە تۆ ئەو مەوعیدە لەگەڵ خۆشەویستەکەدا بێت، لەوانەیە تۆ مەوعیدی دکتۆرێکت هەبێت ، لەوانەیە مەوعیدی ئیشێکی تایبەت بەخۆت هەبێت ، کە حەز نەکەیت بەرامبەرەکەت بزانێت". هەروەها سەبارەت بەو کەسانەی کەپابەند نابن بەمەوعیدەوە (سمیره) وتی (ئەو کەسانە ئەبێتە جێگەی گومان لاموجارێکی تر متمانەیان پێناکەم، واتە نیشانەی پرسیارێك لەلایانم دائەنێم و ئەڵێم ئەو کەسە کاتێك من مەوعیدێکم بۆی داناو نەهات لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ، ئیتر ئەو کەسە جۆرە بێ متمانەییەکم لا دورست ئەبێت بەرامبەر بەو کەسە).



سەمیرە علی
رۆژنامەنووس



**(محمد کەساس)** بەبۆچوونی ئەو (مەوعد) پاراستنی بوونی مرۆڤەکانە لەروانگەی کاتەوە ، بۆیە دەڵێت:"ئەو کەسەی نرخی کاتی لانەبێ ، پێموایە جۆرێك لەسڕینەوەی بەرامبەرە" ، هەروەها دەڵێت:"ئەو کەسانەی کە(موعد) ناپارێزن، یان بەلایانەوە (موعد) هیچ نرخێکی نییە دیارە نرخی کات نازانن، نەزانینی نرخی کاتیش خۆی لەخۆیدا بەهەدەر بردنی تەمەنە، بەهەدەر بردنی تەمەنیش پێموایە بۆ رووناکبیران بەتایبەت کارێکی خەتەرناکە ئەو خەتەرناکیە کاریگەری خراپی ئەبێت لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی خۆی ، وەکو ژیانی روناکبیری ئەو کەسە روناکبیرە ، کاریگەریی خراپیشی ئەبێت بۆ دەوروبەرەکەی، بۆ نمونە تۆ لەگەڵ هاورێیەکت یان لەگەڵ بەرامەرەکەتدا مەوعدێکت هەیە ، ئەو بەرامبەرەت کە(موعد)ت بۆ دائەنێت ، ناچێتە ئەو جێژوانە ، ئەمە خۆی لەخۆیدا بەهەدەربردنی کاتی بەرامبەرەکەتە ، واتە دانانی نرخە بۆ بەرامبەرەکەت ، دیارە دووبارەبونەوە و سێ بارە بوونەوە چەند بارە بوونەوەی ئەم حاڵەتە خۆی لەخۆیدا هەڵوێستی نەگەتیڤ دروست دەکات بەرامبەر بەتۆش ، واتە بەرامبەر بەو کەسەی کەموعیدەکەت هەیە لەگەڵیداوە لەگەڵ خودی خۆتدا. لەخۆرهەڵاتی ناوەڕستدا لەلای ئێمە وەکو کوردێك وەکو کۆمەڵێکی ناو ئەم خۆرهەڵاتنی ناوەڕاستە تا ئێستا زۆرمان ماوە بگەین بەو ئاستەی کە نرخی کات لەلامان



محمد کەساس
ئەدیبو شاعیر



بەرجەستە بێت بە کەماڵی تێگەیشتنەوە، لەئەورپادا هێندەی من پێی بزانم کاتەکان نرخیان زۆرە ، چونکە کات شەو و رۆژی بۆ نییە هەرکاتێك بێت ، بۆ نمونە تۆ برایەکت هەیە لەیەك دایکوباوك ئەچنە ئەوروپا هەر کەسەو ژیانی تایبەتی خۆی بەسەر ئەبات ، پاش دوو سێ ساڵ یەکتر نەبینین ، بەتەلەفۆن یەکتر ئەدوێنن ، یان موعیدێك دائەنێن ، ئەمیان بەویان ئەڵێت ئەتوانم کاتژمێر ئەوەندە تا ئەوەندە بتبینم ، لەدوای ئەوە من کاری تایبەتی خۆمم هەیە و ئەبێ بمبوریت ، بەرامبەرەکەی براکەی تری بەلایەوە ئاساییە ، هەرچەندە ئەمە مەسەلەی سۆز و رەحم ئەبێت رۆڵی خۆی ببینێت ئێمە وەکو رۆژهەلات ، چونکە خەڵکی خۆرهەڵات بەسۆز و عەتف ئەژین تا ئەم ساتەش، بەڵام لەوێ سەرقاڵی ژیان و تەکنەلۆژیا و بوارەکانی تری ژیان وات لێئەکات نرخی کات بزانیت ، بەڵام لای ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو ئاستە".





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**(صلاح گەرمیانی – سەرنوسەری رۆژنامەی خۆرنەوەزان)** موعد بەکارێکی زۆر پێویست ئەزانێت بۆ ژیانی رۆژانەی هەمووان ، بۆیە دەڵێت: موعد زۆر پێویستە بۆ ئەوانەی کە زیاتر پابەندی ئیشوکارن کەوا رێکئەکەوێت لەگەڵ خەڵکی خۆیان یان هاوپیشەکانیان یان



چاوەڕوانی

ەوانەی کەرۆژانە ژیانیان لەگەڵدا ئەبەیتە سەر کۆمەڵێك (تنسیق)و هەماهەنگیت لەگەڵیاندا هەبێت ، مەوعید بۆ خۆی یەکێکە لەسیفەتە جوانەکانی مرۆڤ کە پێوەی پابەند بێت ، تۆ لەگەڵ هاوڕێیەك یان



کەسێکی نزیکی خۆتا کاتێك دیاری ئەکەیت بۆ شوێنێك یان جێگەیەك بۆ هەر مەبەستێکی دیکە، زۆر خۆشە ئەو لەو موعیدە ولە کاتی خۆیدا ئامادەبێت و پابەندی ئەو کاتە بێت کە دیاریکراوە ، بەڵام ئەبینین تۆ لەگەڵ کەسێکدا کاتێك دیاری ئەکەن تەماشا ئەکەیت ئەو دوائەکەوێت یان نایەت، تۆ هەست بە(مەلەل) ئەکەیت ، من پێموایە مرۆڤ زۆر جوانە پابەندی موعد و کاتەکانی خۆی بێت لەبەر ئەوە من وا ئەبینم هەر کەسێك پابەندی مەوعید نەبوو پێموایە ئەو خاڵێکی لاوازی زۆر گەورەیە لەگیانی خۆیا ، بۆیە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا بۆ خۆی لەوانەیە زۆر ئەستەم بێت ، لەهەمانکاتدا لەوانەیە تۆ جارێکی دی بڕوای پێنەکەیت.

ماوەتەوە بڵێین خۆزگە هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە زیاتر گرنگی بەمەوعید بدەن‌و ئەم لایەنە بنەڕەتیەی ژیان فەرامۆش نەکەن‌و هەموو شتەکان لەکات‌و ساتی خۆیاندا بەئەنجام بگەیەنن‌و لێرەشەوە کۆمەڵگا هەنگاوی رێکخستنی خۆی بەشێوەیەکی تەندروست پێشبخات.



# کاریگەری گوڵ لەسەر ئافرەت

**لەسایتی (Xozga) وەرگیراوە**



هەروەکو ئاشکرایە، کە گوڵەکان هەرچەندە بۆ بەرهەمهێنانی بۆنی دەستکرد سودێکی باشیان لێوەرگیراوە ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکی نەگەتیڤی لەسەر هەستی ئافرەتانەوە هەیە.

لێکۆڵەرەوان ئەوەیان دوپاتکردۆتەوە ، کەوا گوڵ تەنها شێوە و ڕووکارێك نییە بۆ سەرنجڕاکێشانی کەسەکان بۆ لای خۆی، بەڵکو بۆچونێکی دیکەی لەلای ئافرەتانیش دروستکردوە ، کەئەویش واتای



خۆشەویستی‌و سۆزە ، ئەمیش بەپێی رەنگ‌و شێوەی گوڵەکان دەگۆڕێت ، کە وا دەکات هەمیشە جێگای سەرنج‌و هەستەوەرەکانی ئافرەتانەوە بێت بەشێوەیەکی تایبەتی.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوەشیان رونکردۆتەوە ، کەوا گوڵ بەگشتی‌و بەتایبەتی ئەو گوڵانەی کەوا رەنگیان نێرگسی‌و سورن ، یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی هەستەکان لەلای ئافرەتان ، ئەمەش وایان لێدەکات ، کەرۆژانە زۆر بەباشی بەکارەکانی خۆیان هەڵبسن ، لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا دەرکەوتووە ، کەوا ئەو ئافرەتانەی کەئارەزوویان لەگوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان هەیە دەگاتە نزیکەی ٩٠٪ .

یەکێك لەشارەزایانی ئەو بوارە دەڵێت: ڕووی دەرەوەی گوڵەکان هۆکارێکن بۆ کردنەوەی زیاتر و هاندانی زیاتری ئافرەتان بۆ کارکردن و لەهەمانکاتیشدا توانای کەمکردنەوەی بڕێکی کەم لەو ئافرەتانەشی هەیە ، کەتوشی نەخۆشی دەبن ، چونکە بینینی گوڵ‌و بۆنکردنی دەبێتە هۆی ئەوەی هانی ئەو ئافرەتانە بدات ، کەخاوەن دەروونێکی پاکەو بڕوا و دڵنیایەکی باشی بۆ دەگەڕێتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆشەی عەنتیکە



ئامادەکردنی لەئینتەرنێتەوە: سامان کەردیم

## کەرو مافو کلۆڵ

کچێك لەیەکێك لەو وڵاتە ئەوروپییانەدا لەلایەن دادگاوە بە بڕی شەش سەد هەزار یۆرۆ سزا دەدرێت ، تەنها لەبەر ئەوەی کەرەکەی خۆی کوشتووە..

کچەکە دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێ ، کە کەرەکەی نەخۆشی تووش دەکات ، بۆیە لەپڕێکا دەیکوژێت ، دادگاش نایکاتە نامەردی ئەو پارە زۆرە سزای خانمی کەرکوژ دەدات.. " ئاخر چونکە ئەوان دەزانن کەر چەند قیمەتی هەیە و چەند بەستەزمانە" ئەم قسەیەی دواییان هی (عومەر کلۆڵی)ی سکرتێری کەرگەلی لای خۆمانە.. کە برادەرێکم باسەکەی بۆ گێڕایەوە ، یەکسەر ئاخێکی بۆ هەڵکێشا و خۆزگەی خواست ، کە لای خۆشمان ئاوا حورمەتی کەر بگیرێت.. رەنگە کلۆڵ دوای مۆڵەت وەرگرتنی بەتوندی بەگوێی دەسەڵاتدا بزەرپێنێتو بڵێت "با وەك کەر بژین"..



## سەرکەوتنی خوێندکاران لەتاقیکردنەوەکاندا پەیوەندی بەرۆژی لەدایکبوونیانەوە هەیە

توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە ، کە دەرچوون و دەرنەچوونی خوێندکار لە تاقیکردنەوەدا بەزۆریی پشت بەرۆژی لەدایکبونیان دەبەستێت ، بەتایبەت ئەو مانگەی کە تیایدا لەدایك دەبن ، بەجۆرێك دەرکەوتووە ، کە ئەو خوێندکارانەی رۆژی لەدایکبوونیان دەکەوێتە مانگە کۆتاییەکانی وەرزی خوێندنەوە ، کەمتر چانسی دەرچوونیان دەبێت بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی رۆژی لەدایکبوونیان پێچەوانەیە.

توێژەرەوان لە ئەنجومەنی (ئەدیکسیل) بۆ تاقیکردنەوەکان دوای بەدواداچوونیان بۆ نمرەی (٣٠٠) خوێندکار لە وانەکانی بیرکاری و ئینگلیزیدا بۆیان دەرکەوتووە ، کە لەدایکبووانی مانگی ئەیلول"کە دەبێتە مانگی سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی خوێندن" بەدەستهێنەری زۆرترین پلە بەرزەکان بوون بەنزیکەی (٢٠٪) بەبەراورد لەگەڵ لەدایکبووانی مانگی ئاب ، کە کۆتایی ساڵی خوێندنە.

ئامارەکان دەریانخستووە ، کە (٩،١٪)ی خوێندکارانی لەدایکبووی مانگی ئەیلول ، بەرزترین نمرەی وانەکانی بیرکارییان بەدەستهێناوە بەرامبەر بە (٧،٥٪) خوێندکارانی لەدایکبووی مانگی ئاب.

زانایانی بواری پەروەردە روونیان کردۆتەوە ، کە منداڵان زۆر بەشێوازی کاتی ساڵی خوێندن کاریگەر دەبن ، کە لەمانگی ئەیلولدا دەستپێدەکات و مانگی ئابی ساڵی دواتر کۆتایی پێدێت ، چونکە خوێندکارانی لەدایکبووی مانگی ئەیلول تەمەن گەورەتر دەبن لەوانەی ، کە لەمانگی ئابدا لەدایك دەبن ، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر بڕوابوون بەخود و کەمتر گەشەکردنی بیرو هزریان.



## ئوسترالیا وڵاتی بەتامترین خواردنە

ئا/ چۆڤیان چەمچەماڵی

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی رایانگەیاندووە ، کە (سیدنی) باشترین شوێنە بۆکڕینی خواردن ، (میلان) باشترین شوێنی کڕینی جلوبەرگە و (لەندەن) بەناوبانگترین شوێنی گێرانی ئاهەنگی مۆسیقایە و (پاریس)یش گونجاوترین شوێنی سینەمایە لەجیهاندا.



شایانی باسە رۆژنامەی (گلۆس ئەنجلس تایمز) داوای لە رەخنەگران و نووسەرانی خۆی کرد، کە لەراپۆرتێکدا باشترین شوێنە گرنگەکانی دنیا بۆ خوێنەرەکانی"کە دەگاتە نزیکەی ٣،٥ملیۆن کەس" بخاتەروو.

لەم رووە (کینیت توران) رەخنەگری سینەمایی، ( پاریس)ی وەك باشترین شاری تەماشاکردنی فیلم دەستنیشانکرد ، (بوت موری) نووسەری بواری جلپۆشینیش لای خۆیەوە (شاری میلان)ی بەباشترین شوێنی کڕینی جلوبەرگ دانا، لەولاشەوە رەخنەگری مۆسیقی (رۆبەرت هیلبورن) وتی: (لەندەن) باشترین شوێنە بۆ گرنگیدان بەمۆسیقا تیایدا ، دواجاریش (ئیرین فیربیلا)ی رەخنەگری بواری خواردن لەراپۆرتەکەیدا، کە ئاژانسی هەواڵی ئوستراليا "ئی.ئی.بی" سەرپەرشتی دەکرد ، شاری (سیندنی) پایتەختی ئوسترالیای بەوڵاتی بەتامترین خواردن وەسفکرد.



## ئافرەتێکی تەمەن ٧١ ساڵە ترۆمبێلێك بەددانەکانی رادەکێشێت

ئا- لەئینتەرنێتەوە/ چرۆ ئیسماعیل



هەرچەندە لەرووی تەمەنەوە بەساڵاچووە و ئافرەتیشە ، بەڵام دەتوانێت کارێك بکات ، کە زۆرێکی پیاوان و گەنجانیش نایتوانن..



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(وانگ ئیکسیاوبی) تەمەنی ٧١ ساڵە و خەڵکی هەرێمی "شاندونگ"ی وڵاتی چینە ، لەشاری (جیان) دا ئارەزووی ڕاکێشانی باری قورسە بەددانەکانی.. خانمی بەساڵاچووی نابراو دوای ئەوەی بەباشی خۆی ڕاهێناوە لەسەر هەڵگرتنی ٢٥ کیلۆ ئاو و دواتر ڕاکێشانی ماتۆرسکیل بەددانەکانی ، پاشتر بەشێوەیەکی زۆرتر و باشتر لەسەر ئەو ئارەزووەی خۆی ڕادەهێنێت ، تا ئاواتەکەی بەدی دەهێنێت و دەتوانێت ترۆمبێلێك بەقورسایی یەك تەن و بەدرێژی (٦٥) پێ ڕابکێشێت . لەو وێنەیەشدا دەرکەوتووە ، کە خانمی ٧١ ساڵە لە ددانەکانی ترساوە ، بۆیە لایەکی پەتەکەی بەترۆمبێلەکەوە بەستووە و لایەکەی دیکەی ئاڵاندووەتە پارچە پەڕۆیەکەوە ، نەبادا ددانەکانی تووشی زیانێك بێت و لە کارێکی تری لەو چەشنەی بکات !!.

## سەرەداوێکی ئاورێشمی بۆ کردنەوەی نهێنی کۆنی جاڵجاڵۆکەکان

لەم دواییانەدا کۆنترین تەونی ئاوریشمی جاڵجاڵۆکەیان دۆزیوەتەوە کەلەپشکە کەهروبایەکدا (شیلەی هەندێك لەدارەکان وەکو سەرو کاژ کەلەکۆندا دەهاتە بەرهەمو لەشێوەی بەردی ڕەق و بەرەنگی جۆراوجۆری زەردو سوورو سپییە کەلەئەنجامی ماڵیندا تایبەتمەندی ئەلکتریکی پەیدا دەکات و کاو کاغەز بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ) کەهی ١٣٠ ملیۆن ساڵ پێش پارێزراوە.

ئەگەرچی لەبەبەرد بووە بەدەست هاتووەکان بەدیار کەوت کەجاڵجاڵۆکەکان لە٤١٠ ملیۆن ساڵ پێش خاوەنی چەند عودەیەکی چنینی تەونە ئاوریشمییەکان بوونە. بەڵگەنامەیەك کەلەکۆنترین



تەونی ئاوریشمی لەدەستدا بوو، تەمەنێکی کورت، واتە ٤٠ ملیۆن ساڵی هەبوو. ئەمە بوو بووە هۆی ئەوەی کەزانایان دڵنیا ئەبن کەجاڵجاڵۆکەکان لەچ کاتێکەوە چنینی تۆڕە ئاڵۆزەکانی خۆیانیان دەست پێکردووە.



تاکە تەونی ٤ میلی ئاوریشمی لەکەهروبادا کەلەلوبنان دۆزراوەتەوە وەکو تەونی ئاوریشمی تۆڕە هەواییەکانە کەجاڵجاڵۆکە ئەندازیارییەکان یان پاشانەییەکانی ئەمڕۆ دەیچنن. تەمەنی بەبەردبووەکانی ئەم جاڵجاڵۆکانە ١٩٠ ملیۆن ساڵە. لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی بناغەیی چنینی تۆڕە ئاڵۆزەکان بەلای کەمەوە هەر ئەوەندە مێژووی هەیە بەگوتەی یەکێك لەمامۆستایانی زانکۆی بازل لەسویسرا، لەسەر ئەم تەونە چەند دڵۆپێکی لێکدوور هەیە، لێکچووی ئەوانەیە کەلەسەر تەونە جوودا بووەکان لەسەنتەری تۆڕە هەواییەکان دەبینرێن.

سەرچاوە: New Scientist, 9 August 2003

گۆڤاری دانشگر ژمارەی ٩ ئازر ١٣٨٣ (مرکز تحقیقات سیاست علمی کشور)



## ناسینی ژنتیکی ڕێگەی کۆچکردنی مرۆڤ لەڕابردوودا

زانایانی ئەمریکی بەرنامەیەکیان دارشتووە تا بتوانن نەخشەیەك لەڕێگەی کۆچکردنو نیشتەجێبوونی مرۆڤی سەرەتایی لەناوچە جیا جیاکانی جیهاندا کۆبکەنەوە. ئەم بەرنامە گشتگیرە لەسەر بنەمای نموونە وەرگرتنی ژنتیکی لەزیاتر لە١٠٠ هەزار کەس لەدانیشتوانی ناوچە جیا جیاکانی جیهان بەرێ خراوەو چاوەڕوان دەکرێت کەلێکچوونو جیاوازیە ژنتیکیەکانی نێوان ئەوان بتوانن چۆنیەتی وابەستەیی ئەژدادی نێوان ئەم کەسانەو ئەنجامی ڕەسەنیان، ڕێگەو مەبەستی کۆچکردنیان لەماوەی هەزاران ساڵی ڕابردوودا نیشان بدات.

ئەم بەرنامەیە بەسەرمایە گوزاریو پشتیوانی کردنی کۆمپانیای کۆمپیوتەری IBM لەسەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٤دا خراوەتە گەڕ.

توێژەران بەنموونە وەرگرتن لەدانیشتوانە کۆنەکان لە١٠ ناوچەی دیارو دەها هەزار کەس لەپاڵێوراوەکان لەوڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا تێدەکۆشن کەپەیوەندی ئەژدادی نێوانیان بدۆزنەوە.

ئەوان گوتویانە کەتاقیکردنەوەی دواترە بەشی کلیلی DNA دەبێتە هۆی دۆزینەوەی نیشانەی ژنتیکی کەبەرابوردنی سەدان نەسڵ کەم تاکوت بەبێ گۆڕان ماوەتەوە ئامانج لەبەرێخستنی ئەم بەرنامە لێکۆڵینەوەیە، وەڵامی پرسیارە جۆراوجۆرەکانی لەبواری مێژووی مرۆڤ لەواتە ڕێگەی کۆچکردنی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەکیشوەری ئەفریقاوەو نیشتەجێ بوونیان لەناوچەکانی دیکەی جیهاندا.

لەحاڵی حازردا هەندێك لەتوێژەوەران باوەڕیان وایە کەدانیشتوانە



کۆنەکانی ئەمریکا لەنەژادی دانیشتوانی کیشوەری ئاسیا بوونە کەهەزاران ساڵ پێش پەڕینەوە لەناوچەی جەمسەری سیبریا گەیشتنە ئەم وڵاتە لەبەرانبەردا، هەندێکی کەلەتوێژەران گوتویانە کەئەژدادی دانیشتوانی سەرەتایی ئەمریکا لەو ئەوروپاییانە بوونە کەلەچاخی بەستنی زەریای ئاتلانتیکی باکوردا لێی پەڕینەوەو لەکیشوەرێك نیشتەجێ بوون کەهەزاران ساڵ پاشتر دووبارە لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە دۆزرایەوەو داگیرکرا.

گۆڤاری: اطلاعات علمی. ژمارە ٩ ساڵی نۆزدەهەمە ژمارە یەك لەدوای یەك ٣١٠ تیر ١٣٨٤ لاپەرە ٣٩ بەرانبەر ٢٠٠٥.

## پێنوسە یان مایکرۆسکۆپ (وردەبین)



(مایکرۆسکۆپ پین) ناوی مایکروسکۆپێکی نوێیە کەبەشێوەی پێنوسێکی بچوکی جوان دروستکراوە. وە دەتوانێت شتەکان تا ١٠٠ جار گەورە بکاتەوە، ئەم مایکرۆسکۆپە نوێیە شمەکێکی زۆرئاسانو پراکتیکییەو دەتوانرێ بەم ئامێرە بۆ نمونە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر گیاکانو مێرووە بچوکەکان لەژینگەی سروشتیاندا بکرێت، لەدوو لای پێنوسەکە، عەدەسیەکانو کونیلەی بینین (عەدەسی چاوین) ئەم ئامێرە لەهەر زیانێك دەپارێزن. ئەم مایکرۆسکۆپە نزیکەی ٩٠ یۆرۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نرخی هەیەو وە تەنها لەو پێگە ئینتەرنێتییەی کەلێی دروستکراوە دەفرۆشرێت (www.microscopepen.com).

سەرچاوە: **Science 8 vie, Mai 2004, juin 2004**

گۆڤاری دانشگر: ژمارەی ٩ ئازر ١٣٨٣ مرکز تحقیقات سیاست علمی کشور



## هەرجارەو بەسەرکردنەوەیەک



**تیپی کچانی ڕانیە لە بەسەر کردنەوەیەکدا**

هەمیشە کچان شانبەشانی پیاوان حەزیان لە داهێنان و دەستێشخەری بووە لە زۆربەی بوارە هونەری و رۆشنبیرییەکاندا ، کچانی ڕانیەس وەکو هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە حەزیان لە گەشەسەندن بووە ، جا لە هەر بوارێکدا بێت ، پاش سستی بوارەکانی هونەر بەگشتی لە ڕانیەدا کە ماوەی چەند ساڵێك بوو ، هونەر بەگشتی خرابووە پەراوێزەوە ، ئێستا ژمارەیەك لە کچانی ڕانیە هەستاون بە دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقا ، تا بتوانن وزە و تواناکانیانی تیادا بخەنەگەڕ ، بە مەبەستی پێشکەوتنی بواری هونەر لە ناوچەکەدا ، بۆ ئەم مەبەستە و زیاتر ئاشنابوون بەم تیپە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ (ڕەهێڵە جەمال) بەرپرسی ئەم گروپە وتی (ئەم تیپە ناوی " تیپی مۆسیقای کچانی ڕانیە" یە



و لە بەرواری ٢٠٠٥/٤/١ دامەزراوە) .

**بیرۆکەی دروستبونی ئەم تیپە چۆن بوو ؟**

سەرەتا خۆم دەستێشخەریم کردووە و هاوسەرەکەیشم هاندەری سەرەکیم بوو ، ئەمەش دوای ئەوەی کە بینیم کۆمەڵێك کچی بەهرەمەند و بەتوانای تێدا دەتوانن خزمەت بکەن، هەروەها خۆم تاکە ئافرەتێکم لە ڕانیەدا کە خاوەنی خێزانم و لەم بوارەدا کاربکەم ، هەوڵمدا کۆمەڵێك کچ لە ماڵێکدا کۆبکەمەوە و دانەبڕێن لە هونەر ، ژمارەیەك لەو کچانەش خوێندکاری دەرچووی (پەیمانگای هونەرە جوانەکان)ن .

**کێ هاوکاریتان دەکات و سەر بە لایەنێکن ؟**

ئەم تیپە مۆرکی هیچ لایەنێکی پێوە نییە و سەر بەهیچ شوێنێك و هیچ کەس و لایەنێکیش نین ،جگەلە (م.سەیفەدین و م. هیوا مستەفا) کە شوێنی بۆ دابینکردین و هەندێ ئالەتیان پێداوین بۆ پڕۆڤەکردن ، هەروەها بەرێز (هەرێم جەمال) کە ئەرکی نوسینەوەی نۆتەکان و چاپکردنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی .

**کۆی ئەو کچانە کە لەم تیپەدا کاردەکەن چەند کچن؟**

ڕێژەی ژەنیارەکانی ١١ کچو ئەندامانی کۆرسیش ٦-٨ دەبێتو ئەمە جگە لەوەی چاوەڕوان دەکرێت فراوانتر بێتو گەشەی زیاتر بەخۆوە ببینێت.

**لەکوێ کۆدەبنەوەو پرۆڤە دەکەن؟**

زۆر سوپاسی دکتۆر ڕێزان دەکەین کەیارمەتی داین، زۆر سوپاس بۆ سەنتەری راڤینی ژنان کەرێگەیان پێداین پرۆڤەکانمان لەبارەگای ئەوان ئەنجام بدەین. وە دواتر گواستمانەوە بۆ قوتابخانەی رانیەی سەرەتایی، وەزۆرجار لەماڵەکانی خۆشماندا پرۆڤەمان کردوە.

هەروەها پەیمانگای هونەرە جوانەکانی رانیە کەرێگەیان پێداین لەماوەی رابردوودا پرۆڤەمان لەوێ ئەنجام داوە.

**لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی گۆڤاری گیرفان دەکەین بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com